تەفسیری

پێشین

جوزئی سێیەم

ئامادەکردنی
عثمان أحمد حاتم

صفر - ١٤٤٢

تەفسیری

پێشین

جوزئی سێیەم

ئامادەکردنی

عثمان أحمد حاتم

صفر - ١٤٤٢

پێشەکی

قورئان کۆتا پەیامی خودایە ﷻ بۆ هەموو مرۆڤ وجن ، وپارێزراوە لە هەموو گۆڕانکارییەك ، پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان پەیڕەوی لێبکەن ، ولە مانا ومەبەستەکانی تێبگەن بۆ ئەوەی خۆشبەختی دونیا وسەرفرازی قیامەت بە دەست بهێنن ، لەو سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە قورئان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ ژیانی موسڵمانان.

قورئان هاوشێوەی هیچ کتێبێکی تر نییە ، چونکە فەرموودەی خودای پەروەردگارە ، ولە قسەی مرۆڤەکان ناچێت ، وخوێندنەوەی پەرستش ویادی خودایە ، الترمذی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خودا بخوێنێتەوە ئەوە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وپاداشتی هەر چاکەیەکیش بە دە هێندە دەدرێتەوە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە بەڵکو : ألف پیتێکە ، ولام : پیتێکە ، ومیم پیتێکە ؛ پێویستە موسڵمانان گرنگییەکی زۆر بە خوێندنەوە وفێربوون وفێرکردنی قورئان بدەن ، چونکە بوخاری لە عثمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : باشترینتان ئەوانەتانن کە فێری قورئان دەبن وخەڵکیش فێردەکەن .

قورئانی پیرۆز چەند ناوێکی هەیە کە باوترینیان قورئانە خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٣﴾(الزُّخۡرُف) ، و"الکتاب" خودا دەفەرموێت :

﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ ٩٢﴾(الأَنعَام) ، و"الفرقان" : واتە جیاکەرەوەی ڕاستی لە پووچەڵ ونارەوا خودا دەفەرموێت : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ١﴾(الفُرۡقَان) ، و"الذكر" : خودا دەفەرموێت : ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾(الحِجۡر) .

وبە ماوەی بیست وسێ ساڵ دابەزیوەتە سەر پێغەمبەری خودا ﷺ کە سیازدە ساڵی لە مەککە وده ساڵی لە مەدینە بووە ، وسی(جزء) و(سەد وچوارده) سورەتە ، وشەی (سورة) بە مانای ڕوونی وبەرز وبڵندی دێت ، یان بە مانای شورا وەك شورای شارەکان لەبەر ئەوەی هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە لە خۆی دەگرێت ، ووشەی (آية) مانای نیشانەیە ؛ القرطبی دەڵێت : زانایان یەك دەنگن کە هیچ وشەیەکی لێکدراوی (أعجمی) واتە : جگە لە عەرەبی لە قورئاندا نییە ، ودیسان یەك دەنگن کە هەندێك ناوی تێدایە کە عەرەبی نییە وەك (إبراهیم) ، و(نوح) ، و(لوط) ، وناکۆکن ئایا جگە لەوە هیچی تری ئەعجەمی تێدایە ؟ ، الطبری نکولی ئەوە دەکات ودەڵێت : هەر وشەیەکی تێدابێت کە هاوواتای وشەیەکی ئەعجەمی بێت ئەوە لە بابەتی ئەو وشانەیە کە زمانەکان لەسەری کۆکن وبەهەمان شێوە بەکاری دەهێنن ، ڕیزبەندی پیتەکان ووشەکان وئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ دیاری کراوە ، دروست نییە بۆ هیچ کەسێك پاش وپێش لە پیتێك یان وشەیەك یان ئایەتێکی قورئاندا بکات ، ئەحمەد والترمذی وئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە

عثمانی کوڕی عەفانم ﷺ وت : چی پاڵنەرتان بوو سورەتی ئەنفال کە لە سورەتە درێژەکان نییە وئایەتەکانی لە سەد ئایەت کەمترە لە ڕیزبەندی حەوت سورەتە درێژەکە دابنێن ، ولەگەڵ سورەتی تەوبە کە ئایەتەکانی لە سەد ئایەت زیاترە پێکەوە کۆیان بکەنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنوسن ولە دوای ئەنفالەوە داتانناوە ؟ ، عثمان ﷺ وتی : پێغەمبەری خودا ﷺ لە کاتێکدا ئەو سورەتانەی کە ئایەتەکانی زۆرن وهەندێك لە ئایەتەکانی بۆ دادەبەزی بانگی ئەو کەسانەی دەکرد کە قورئانیان دەنوسیەوە ودەیفەرموو : ئەم ئایەتانە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە وئەو شتە دەکات ، وئەگەر ئایەتێکی بۆ دابەزیبایە دەیفەرموو : ئەم ئایەتە بخەنە نێو ئەو سورەتەی کە باسی ئەو شتە دەکات ، سورەتی ئەنفال لەو سورەتانە بوو کە لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ مەدینە دابەزی ، وسورەتی تەوبە لە کۆتاییەکاندا دابەزی وباسەکانیان لە یەك دەچوون گومانم وابوو کە یەك باسن ، پێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی کرد وبۆی دیاری نەکردین کە یەك باسن یان جیاوازن ، لەبەر ئەوە پێکەوە کۆم کردنەوە ، و﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوانیاندا نەنووسی ، ولە ڕیزبەندی حەوت سورەتە گەورەکە دامناوە .

زانایان ناکۆکن ئایە هەموو سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناویناون ؟ لە فەرموودەی صەحیحدا جێگیر بووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی چەند سورەتێکی هێناوە وەك الفاتحە والبقرە وآل عمران والکهف وهود والواقعە والمرسلات ، هەندێك لە زانایان دەڵێن : ناوی هەموو سورەتەکان لە فەرموودە وئەسەرەکان هاتووە ، وناوی هەموو

سورەتەکان لە سەردەمی هاوەڵانەوە باوبووە ، لەبەر ئەوە نابێت جگە لەو ناوانەی کە لە موصحەفی عثماندا رضي الله عنه هاتووە ناوی تر لە سورەتەکانی قورئان بنرێت ، کەواتە : بۆچوونی دروست ئەوەیە کە ناوی هەندێك لە سورەتەکان پێغەمبەری خودا ﷺ ناوی ناون وئەوانی تر هاوەڵان ناویان ناوە ولەو سەردەمەوە بووەتە جێی کۆ دەنگی هەموویان ، وسورەتەکان هەندێکی پێغەمبەری خودا ﷺ ڕیزبەندی کردووە وهەندێکی هاوەڵان دایانناوە وئەو موصحەفەی کە پێشەوا عثمان رضي الله عنه کۆی کردەوە بووەتە جێی کۆدەنگی هەموو هاوەڵان رضي الله عنهم .

ئیبن کثیر دەڵێت : ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە ، لەوە زیاتر زانایان ناکۆکن ، هەیانە دەڵێن : لەوە زیاتر نییە ، وهەیانە دەڵێن : شەش هەزار ودووسەد وچوار ئایەتە ، ووتراوە : دووسەد وچواردە ، ووتراوە : ودووسەد ونۆزدە ، ووتراوە : دووسەد وبیست وپێنج ، ووتراوە : دووسەد وبیست وشەش ، ووتراوە : دووسەد وسی وشەش ، ئەبوعومەری الدانی ئەوەی لە کتێبی البیاندا گێڕاوەتەوە .

ژمارەی وشەکانی قورئان الفضلی کوڕی شاذان لە عەتا کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : حەفتا وحەوت هەزار وچوار سەد وسی ونۆ وشەیە .

ژمارەی پیتەکانی عبداللەی کوڕی کثیر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئێمە ژماردوومانە : سێ سەد وبیست ویەك هەزار وسەد وهەشتا پیتە ، والفضل لە عەتای کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت : سێ سەد وبیست وسێ هەزار وپازدە پیتە ، وسەلام ئەبومحمد الحمانی دەڵێت : حەجاج هەموو قورئان خوێن وئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو

وئەوانەی قورئانیان دەنوسییەوە کۆی کردنەوە وپێی گوتن : هەموو قورئان بژمێرن بزانن چەند پیتە ؟ دەڵێت : ژماردمان ، هەموویان کۆ دەنگ بوون کە سێ سەد وچل هەزار وحەوت سەد وچل پیتە .

هۆکاری ئەو جیاوازییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە زانایان (بسم الله) وپیتە پچڕاوەکان یان پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك شوێن لەسەر ئایەتێك وەستاوە بە ئایەتیان ژماردووە ، وهەندێك بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوە بووە ، بۆیە ئەو ناکۆکییە لە سەر زیاتر لە شەش هەزار ودووسەد ئایەتەکە دروست بووە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو ناکۆکییە هیچ کاریگەرییەکی نییە ، چونکە هەمووان یەك دەنگن کە یەك پیت ویەك وشە لە موصحەفەکەی پێشەوا عثمان رضی الله عنه کەم وزیادی نییە تەنها ناکۆکیان لە شوێنی دانانی ئایەتەکان وژمارەیانە .

شایانی باسە لەم پێشەکییەدا بە کورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ پرسێك کە زۆر جار هەندێك لە خوێنەران بەر چاویان دەکەوێت ، وماناکەی لایان ڕوون نییە ، ئەویش پرسی : حەوت پیت وحەوت خوێندنەوەکەیە (الأحرف السبعة والقراءات السبع) ، بوخاری ومسلم لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضی الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە هشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حزام بوو رضی الله عنهما ، سورەتی الفرقانی دەخوێندەوە کۆمەڵە وشەیەکی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێند بوو ، خەریك بوو نوێژەکەی پێ ببڕم ، بەڵام ئارامم گرت هەتاکو کۆتایی پێهێنا ، یەخەییم گرت وهێنام بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ سورەتی الفرقانت بۆ

خوێندمەوە ، ومن گوێم لە هشام بوو کۆمەڵە وشەیەکی دەخوێندەوە ، تۆ بۆ منت نەخوێندووەتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بخوێنە ئەی هشام ، قورئانی خوێندەوە بەو شێوەی کە عومەر رضي الله عنه گوێی لێ بوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان فەرمووی : بخوێنە ئەی عومەر : خوێندمەوە ، فەرمووی : بەم شێوەیە دابەزیوە ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان قورئان لەسەر حەوت شێواز دابەزێنراوە ، بەو شێوەیەی دەیزانن وئاسانە بۆتان قورئان بخوێننەوە .

هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزیوە حەوت خوێندنەوەکەیە ، وئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە ، ئەبوشامە دەڵێت : ئەو کەسەی گومانی وابێت حەوت شێوازەکە ، حەوت خوێندنەوەکەیە ، پێچەوانەی کۆدەنگی هەموو زانایانە ، وئەوە گومانی هەندێك لە نەفامەکانە .

ئەو حەوت جۆرە خوێندنەوەی کە زانراو وباوە لای موسڵمانان ، کە هەر جۆرێکی بە ناوی بە ناوبانگترین خوێنەری ئەو جۆرەوە ناوبانگی دەرکردووە کە بریتین لە : نافعی مەدەنی ، وئیبن کثیری مەککی ، ئەبوعەمری کوڕی عەلائی بەصری ، وئیبن عامری شامی ، وعاصم وحەمزە والکسائی کوفی ، وهەریەکە لەو قورئان خوێنانە چەند کەسێك قورئانیان لەسەر دەستیان خوێندووە ، وخاوەن ڕێگە وخوێندنەوەی تایبەتن .

القرطبی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی ناکۆکی زانایان دەکات سەبارەت بەو حەوت شێوازە (الأحرف السبعة) ودەڵێت : زانایان ناکۆکن کە مەبەست لەو حەوت شێوازە چییە ، سی وپێنج بۆچوونیان هەیە لە بارەیەوە ، کە ئەبوحاتەمی کوڕی حبان البستی باسی

کردووە ؛ کە بەهێزترین وپەسەندترین ونزیکترینیان لە ڕاستییەوە بریتییە لە : یەکەم : مەبەست حەوت شێوازی دەربڕینی جیاوازە بە هەمان مانا ، وەك : (أقبل ، تعال ، هلم) ئەم وشانە ئەگەرچی شێوازیان جیاوازە بەڵام هەمان مانایان هەیە ، کە ئەمە بۆچوونی زۆربەی زانایانە ، وبێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەموو قورئان دەتوانرێت بە حەوت شێواز بخوێنرێتەوە ، بەڵکو هەندێك وشە بە مانایەك زیاتر تا حەوت مانا وشێواز دەخوێندرێتەوە ، وپێویستە بزانرێت ئەو دروستییەی خوێندنەوەی قورئان بەو شێوازە جیاوازانە بە حەز وئارەزوو نییە ، بەڵکو دەبێت بە صەحیحی لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەت کرابێت ، ئیبن تەیمییە دەڵێت : موسڵمانان کۆدەنگن کە ئەو حەوت شێوازەی قورئانی لەسەر دابەزێنراوە ، دژیەك نین لە مانا ومەبەستەکانی ، بەڵکو لەوانەیە : هاومانابن یان ماناکانیان نزیك بێت لە یەکەوە ، وەك : ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەڵێت : بێگومان وەك ئەو قسەی هەریەکە لە ئێوەیە کە بڵێت : (أَقْبِلْ وَهَلُمَّ وَتَعَالَ) ، یان دەشێت وشەیەك هەمان مانای وشەکەی تری نەبێت ، بەڵام هەردوو ماناکە ڕاست بێت ئەمەش ناکۆکی جۆرییە نەوەك دژیەکی ؛ دووەم : حەوت زاراوە لە قورئاندا هەیە کە هەموویان زاراوەی زمانی عەرەبین ، بۆ ئاسانکاری وقورس نەبوونی خوێندنەوەی لەسەر ئوممەتی ئیسلام بەو حەوت زاراوە دابەزیوە ، وبەڵگەش بە هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە دەهێننەوە کە مسلم لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : لە مزگەوت دانیشتبووم ، کەسێك هاتە ژوورەوە ونوێژی کرد بە شێوەیەك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ! ، پاشان کەسێکی تر هاتە ژوورەوە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەو کەسەکەی تر قورئانی خوێندەوە ! ، کاتێك

نوێژەکەمان بەجێهێنا ، هەموومان ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وتم : ئەم کەسە بەشێوازێك قورئانی خوێندەوە نکولیم لێکرد ، وئەویتر بەشێوازێکی جیاوازتر لە خوێندنەوەی کەسی یەکەم قورئانی خوێندەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی پێکردن ، قورئانیان خوێندەوە ، وشێوازی خوێندنەوەکەیانی بەباش دانا ، گومانم بۆ دروست بوو زیاتر لەو گومانەی لە سەردەمی نەفامی لە ناخمدا بوو ! ، کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بینی ئەو گومانەم بۆ دروست بوو ، دای لەسەر سنگم ، لە شەرم وترسدا هەموو گیانم ئارەقی کرد وەك ئەوەی سەیری خودا ﷻ بکەم ، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : ئەی ئوبەی : سروشم بۆ کرا کە قورئان بە یەك شێواز بخوێنمەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا ﷻ ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، گەڕایەوە بۆ لام فەرمووی : بە دوو شێواز بیخوێنەوە ، وەڵامی جبریلم عليه السلام دایەوە کە بە خودا ﷻ ڕابگەیەنێت ئاسانکاری بکات بۆ ئوممەتەکەم ، وەڵامی دامەوە لە جاری سێیەمدا : کە بە حەوت شێواز بیخوێنمەوە .

تەفسیری پێشین هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتەکانی قورئان ، بە گوزارشت ودەربڕینێکی سادە وئاسان بە زمانێکی کوردی پاراو وپەتی ، ودوور لە درێژ بڕییەك کە ببێتە هۆکاری دروست کردنی بێزاری لای خوێنەر وکورت بڕییەك کە مانا ومەبەستی پێویست نەدات بە دەستەوە ، هەڵبژاردنی ناوی پێشین بەو هیوایەیە کە هاومانای تەفسیرەکانی پێشەوایانی سەلەف بێت وهەردەم ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بەیاد دەهێنمەوە کە دەڵێت : شتێك مەڵێ کە پێشەوایەك ئەو بۆچوونەی پەسەند نەکردبێت .

کتێبخانەی کوردی هەژارە لە ڕووی سەرچاوەی تۆکمە وڕاست ودروست بۆ تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ڕێبازی پێشینان ، وزانراوە کە باشترین ڕێگە بۆ لێکدانەوەی قورئان تەفسیرکردنیەتی بە ئایەتەکانی قورئان وفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ چونکە هەندێك جار بابەتێکی لە شوێنێکدا بە کورتی یان بە ڕەهایی یان بە گشتی باسکراوە ولە شوێنێکی تر ئەو باسە زیاتر ڕوون کراوەتەوە یان وابەستەکراوە یان تایبەت کراوە ، وهەروەها زانستی "ناسخ ومنسوخ" وهۆکاری دابەزینی ئایەتەکان ، ولێکدانەوەی هاوەڵان بە تایبەت ئیبن عەباس رضي الله عنهما چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە خودا بۆی پاڕاوەتەوە ونزای بۆ کردووە کە فێری لێکدانەوە وتەفسیری قورئانی بکات ، ولێکدانەوە وتەفسیری زانا گەورە وبە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، چونکە دڵنیام لە تەفسیردا ئەوان هیچ بوارێکیان بۆ داهێنان وزیادە خستنە سەر بۆ دوای خۆیان نەهێشتووەتەوە ، وهەمووان پێویستمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕەی تەفسیرەکانی زانایانی سەلەف هەیە ، لەبەر ئەوە سەرچاوەی ئەم تەفسیرە هەموو ئەو شاکارانەیە کە ئەوان نوسیویانەتەوە .

لە تەفسیری پێشیندا سودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ، (جامع البيان)ئیبن جەریری الطبری (٣١٠هـ) ، (تفسير القرآن العظيم مسندًا) ئیبن ئەبوحاتەمی ڕازی (٣٢٧هـ) ، (الكشف والبيان) الثعلبی (٤٢٧هـ) ، (التفسير البسيط)و(الوجيز) الواحدی (٤٦٨هـ) ، (معالم التنزيل) البغوي (٥١٦هـ) ، (زاد المسير) ئیبن الجوزی (٥٩٧هـ) ، (الجامع لأحكام القرآن) القرطبی (٦٧١هـ) ، (التسهيل لعلوم التنزيل) ئیبن جزی الكلبی

(٧٤١هـ) ، (تفسير القرآن العظيم) ئيبن كثير (٧٧٤هـ) ، (الدر المنثور) السيوطى (٩١١هـ) ، (فتح القدير) الشوكانى (١٢٥٠هـ) ، (روح المعانى) الآلوسى (١٢٧٠هـ) ، (فتح البيان) صديق حسن خان القنوجى (١٣٠٧هـ) ، (تيسير الكريم المنان) السعدى (١٣٧٦هـ) ، (أضواء البيان) الشنقيطى (١٣٩٤هـ) ، (تفسير القرآن الكريم) ئيبن عثيمين (١٤٢١هـ) ، هەروەها سودم لە هەموو كتێبەكانى شێخى ئيسلام ئيبن تيميه (٧٢١هـ) وپێشەوا ئيبن القيم (٧٥١هـ) وەرگرتووە .

هۆكارى هاتنە خوارەوەى ئايەتەكانم دیارى كردووە ، دەقى فەرموودەكانم بە عەرەبى نەهێناوە لەبەر ئەوەى زۆر درێژ نەبێتەوە ، وزۆرجاريش تەنها شوێنى مەبەستم هێناوە ، وفەرموودە ئەگەر بوخارى ومسلم يان يەكێكيان ڕيوايەتيان كردبێت كەسى ترم لە فەرموودەناس لەگەڵ باس نەكردوون بۆ سودێك نەبێت كە لە ڕيوايەتى جگە لە بوخارى ومسلمدا هاتبێت ، وبۆ فەرموودەكانى تر پشتم بەستووە بە كتێبەكانى ئەلبانى وئيبن حەجەر وئيبن كثير والذهبى والشوكانى وئەحمەد شاكر ومقبل الوادعى ، ئەگەر فەرموودەيەك قسەى ئەو فەرموودەناسانە لێكۆڵەرانەم دەست نەكەوتبێت لەسەرى ناوم نەهێناون كە ئەمە زۆر بەكەمى دەبينرێت وبۆسود ومەبەستێك وزياتر تێگەيشتنە لە مانای ئايەتەكە هێناومە ، وبۆ ناوى خودای پەروەردگار لە هەر شوێنێكدا ماناكانى بخوازێت يان لە دەقى وەرگێڕاودا هاتبێت (جل جلاله ، سبحانه وتعالى ، عز وجل) نوسيووە ، بۆ ناوى پێغەمبەرى خودا (صلى الله عليه وسلم) نوسيووە ، وبۆناوى پێغەمبەرانى تر (عليهم السلام) يان (عليه السلام) نوسيووە ، بۆ هاوەڵان (رضي الله عنه ، رضي الله عنهما ، رضي الله عنهم) نوسيووە ، وبۆ زانايان (رحمه الله)م بەكار نەهێناوە لەبەر زۆر

دووبارەبوونەوەی ناوەکانیان ، وکاتێك دەڵێم فلانە زانا وادەڵێت ناوی سەرچاوەکەم نەنوسیووە وەك زانایانی پێشین ، چونکە دیاری کردنی سەرچاوە ونۆرەی چاپ وژمارەی لاپەڕە لەم سەردەمانەی دواییدا دایان هێناوە وشێوازێکی ئەکادیمییە ، وئەوەش لەبەر ترسی دزی زانستییە "السرقة العلمية" ، ومەرج نییە دەقاودەق قسەکەیم هێنابێت بەڵکو مانا ومەبەستەکەم نوسیووە ، چونکە ئەگەر دروست بێت لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئان بکرێت یان بە مانا فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بگێڕدرێتەوە ، بێگومان دروستە بە مانا قسەی زانایان وەربگێڕدرێت ، وئەگەر لە شوێنێکدا مانای قسەی زانایەکم نوسیبێت ودەستکاری زۆرم کردبێت نەمداوەتە پاڵ زاناکە ، وبۆ لێکدانەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا ﷻ سودم لە کتێبەکانی زانستی بیروباوەڕ بە تایبەت کتێبەکانی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە وپێشەوا ئیبن عثیمین وەرگرتووە ، وبۆ حوکمە فیقهییەکان وابەستەی هیچ مەزهەبێك نابم بەڵکو بە ڕێزەوە دەڕوانمە ئیجتیهاد وڕای زانایان وپێشەواکانی سوننەت وهەر وتە وبۆچوونێك پێچەوانەی سوننەتی صەحیح بێت وەریناگرم .

عثمان أحمد حاتم

باشوری کوردستان ـ گەرمیان ـ کەلار

٩/شوال/١٤٤١ك

٢٠٢٠/٦/١


الجزء الثالث سورة البقرة

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ ئەوانە پێغەمبەرانی خودان فەزڵی هەندێکمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا ، هەیانە خودا قسەی لەگەڵ کردوون ، وپلەوپایەی هەندێکیانی چەندان پلە بەرزکردووەتەوە ، وکۆمەڵە بەڵگە ونیشانەیەکمان بەخشی بوو بە عیسای کوڕی مەریەم عليه السلام وپشتگیریمان لێکرد وبەهێزمان کرد بە جبریل عليه السلام ، ئەگەر خودا بیویستبایە لەگەڵ یەکدا بەشەڕ نەدەهاتن دوای ڕەوانەکردنی ئەو پێغەمبەرانە ، دوای ئەوەی بەڵگەی ڕوون وئاشکرایان بۆ هات ، بەڵام ناکۆکی کەوتە نێوانیان وهەندێکیان باوەڕیان هێناو ، وهەندێکیان بێباوەڕ بوون ، وئەگەر خودا بیویستایە لەگەڵ یەك بەشەڕ نەدەهاتن بەڵام خودا ئەوەی بیەوێت ئەنجامی دەدات .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەران ﷺ هەندێکیان لە هەندێکی تریان پلەوپایەیان بەرزترە ، وپێغەمبەری خودا محمد ﷺ لە هەموو پێغەمبەران ونێردراوەکانی خودا باشترە ، ئیبن ماجە لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من سەرداری نەوەکانی ئادەمم بەبێ شانازی ؛ وهەموو ئەو ئایەت وفەرموودانەی کە باسی جیاوازی نەکردن دەکەن لە نێوان پێغەمبەران ونێردراوەکانی خودا وەك ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦﴾(البَقَرَة) ، وئەو فەرموودەی کە بوخاری لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : جیاوازی مەکەن لە نێوان پێغەمبەرانی خودا ؛ القرطبی دەڵێت : لە ڕوانگەی سیفەتی پێغەمبەرایەتییەوە پێغەمبەران جیاوازی ناکرێت لە نێوانیاندا ، بەڵام جیاوازی وفەزڵ وڕێز بە کۆمەڵە شتێکە کە وەسفێکی زیاترە لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەیان ، لەبەر ئەوە پێغەمبەران هەندێکیان کتێبیان بۆ هاتووە وهەندێکیان (أُولُو العَزْم)ن ، وهەندێکیان خودا بە خۆشەویستی خۆی هەڵیبژاردوون ، وهەندێکیان خودا قسەی لەگەڵ کردوون وپلەوپایەی هەندێکیانی بەرزکردووەتەوە ، خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدۡ فَضَّلۡنَا بَعۡضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعۡضٖۖ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ٥٥﴾(الإِسۡرَاء) ، الخطابی دەڵێت : مەبەست لەوەی فەزڵی هەندێك لە پێغەمبەران نەدرێت بەسەر ئەوانی تردا لەو ڕوانگەوەیە کە سووکایەتی بە هەندێك پێغەمبەری خودا نەکرێت وسەر بکێشێت بۆ بیروباوەڕی خراپ وبەجێ نەهێنانی

ئەو مافانەیان کە لەسەر موسڵمانان هەیانە ، بەڵام مانای ئەوە نییە بیروباوەڕمان وابێت کە یەکسانن لە پلەوپایەیان چونکە خودا دەفەرموێت : ﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾ ، وئەو پێغەمبەرانەی کە خودا قسەی لەگەڵ کردوون (موسا ومحمد)ن وخودا ﷻ (ئیبراهیم ومحمد)ی عليهما السلام بە خۆشەویستی خۆی هەڵیبژاردوون ، ئیبن ئەبوحاتەم لە شەعبییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾ مەبەست پێی محمدە ﷺ ، والحاکم والطبرانی لە ئەبوذەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ژمارەی هەموو پێغەمبەران چەند بووە ؟ فەرمووی : سەد و بیست و چوار هەزار بوون ، لەو ژمارە زۆرە سێ سەد و پازدەیان (رسول) بوون ؛ وئەم ئایەتە بە ئاماژە وەڵامی گاورەکانی داوەتەوە کە عیسا عليه السلام خودا نییە ، بەڵکو بەندە وپێغەمبەری خودایە چونکە پێویستی بە بەهێزکردن وپاڵپشتی لێکردنە ، وئەگەر خودا بووایە پێویستی بە پاڵپشتی کردن نەدەبوو .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَٰعَةٌ ۗ وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٥٤﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن لەوەی کە ڕۆزیماندداون پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە ڕۆژی قیامەتە وکڕین وفرۆشتن وخۆشەویستی وشەفاعەتی تێدا نییە ، وهەر بێباوەڕانن ستەمکارن .

ئەو سێ شتەی لێرە نەفی کراوە بریتین لە : کڕین وفرۆشتن ، چونکە لە قیامەتدا کەس ناتوانێت نەفسی خۆی لە سزای خودا ڕزگار بکات بە هۆی سامان وپارەوە ئەگەر کردەوەی باشی لە دونیادا نەبێت ، وهەروەها خۆشەویستی بۆ کەسانێك سودی پێ

ناگەیەنێت ونابێتە ڕزگارکەری ئەگەر کردەوەکانی فریای نەکەون ، ونێوانگیری وشەفاعەت ئەگەر خودا ئیزنی پێنەدات کەس ناتوانێت شەفاعەتی بۆ بکات ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ڕواڵەتی ئەم ئایەتە نەفی شەفاعەت دەکات بە ڕەهایی ، لەم کاتەدا پێویستمان بەوە دەبێت ئەم ئایەتە وەدەقەکانی تر کۆ بکەینەوە کە بەڵگەن لەسەر سەلماندنی شەفاعەت لە ڕۆژی قیامەتدا ، دەگوترێت : ئەم ڕەهاییەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە وابەستە دەکرێت بە دەقەکانی تر کە لە سەر ئەم پرسە هاتوون ، ئەو دەقانەی کە بەڵگەن شەفاعەت کردن لە قیامەتدا هەیە بە سێ مەرجە : ڕەزامەندی خودا لە شەفاعەتکار ، ڕەزامەندی خودا لە شەفاعەت بۆکراو ، ڕوخسەتدانی خودا بە شەفاعەت کردن ؛ ئیبن ئەبوحاتەم لە عەتای کوڕی دینارەوە ڕیوایەتی کردووە ودەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: ﴿وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ خودا ﷻ نەیفەرمووە ستەمکاران بێباوەڕن ، واتە : مەرج نییە هەموو ستەمکارێك بێباوەڕ بێت ، بەڵام هەموو بێباوەڕێك ستەمکارە .

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥﴾ خودایە کە هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە ئەو ، هەمیشە زیندووە وکار بەڕێوەبەری هەموو دروستکراوەکانییەتی ، نە وەنەوز دەیگرێت ونە خەوی لێدەکەوێت ، هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە موڵکی خودایە ، کێ هەیە بتوانێت شەفاعەت ونێوانگیری بکات بەبێ ئیزنی خودا ، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات وئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە خودا زانایە بە هەمووی ، کەس ناتوانێت پەی بە زانستی

خودا بات لەوەدا نەبێت کە خۆی دەیەوێت ، فراوانی کورسی خودا هەموو ئاسمانەکان وزەوی گرتووەتەوە ، قورس وسەخت نییە بە لای خوداوە ڕاگرتن وپاراستنی ئاسمانەکان وزەوی ، خودا بەرز وبڵند وگەورە وباڵا دەستە .

ئەم ئایەتە پێی دەگوترێت ئایەتی (الکرسی) گەورەترین ومەزنترین ئایەتی قورئانە ، مسلم لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەبوالمنذر ئایا دەزانیت کام ئایەت لە کتێبەکەی خودا گەورەترین ئایەتە ؟ وتم : خودا وپێغەمبەرەکەی شارەزاترن ، فەرمووی : ئەبوالمنذر ئایا دەزانیت کام ئایەت لە کتێبەکەی خودا گەورەترین ئایەتە ؟ وتم : ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ﴾ ، دای لەسەر سنگم وفەرمووی : پیرۆز وبە پیت وفەڕ بێت زانستت ئەی ئەبوالمنذر ؛ چەندان فەرموودە دەربارەی فەزڵ وگەورەیی ئەم ئایەتە هاتووە ، بوخاری لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ڕایسپاردم بە پاسەوانی وپاراستنی زەکاتی ڕەمەزان ، کەسێك هاتوو بە هەردوو دەستی لە خۆراکەکەی دەبرد ، وتم : دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، وتی : من پێویستم بەم خۆراکە هەیە وبژێوی خێزان ومنداڵەکانمی لەسەرە ، وزۆر نەدار ودەستکورتم ، ئازادم کرد ، کە ڕۆژ بوویەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوێنێ شەو دیلەکەت چی کرد ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ سکاڵای حاڵی خۆی کرد بەوەی خاوەن پێداویستییە وبژێوی خێزانی لەسەرە ، بەزەییم پێیدا هاتەوە وئازادم کرد ، فەرمووی : بێگومان درۆی لەگەڵ کردیت ودەگەڕێتەوە ، زانیم دەگەڕێتەوە لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بۆیە چاودێریم کرد ، هاتەوە ودیسان بە دەستەکانی خۆراکی دەبرد ، وتم : دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، پاڕایەوە ووتی : خاوەن پێداویستیم وبژێوی خێزانم لەسەرە ،

بەزەییم پێیدا هاتەوە وئازادم کرد ، کە ڕۆژ بوویەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوێنێ شەو دیلەکەت چی کرد ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ سکاڵای حاڵی خۆی کرد بەوەی خاوەن پێداویستییە وبژێوی خێزانی لەسەرە ، بەزەییم پێیدا هاتەوە وئازادم کرد ، فەرمووی : بێگومان درۆی لەگەڵ کردیت ودەگەڕێتەوە ، زانیم دەگەڕێتەوە لەبەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بۆیە بۆ جاری سێیەم چاودێریم کرد ، هاتەوە ودیسان بە دەستەکانی خۆراکی دەبرد ، پێم وت : دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، ئەمە سێ جارە دەڵێیت ناگەڕێمەوە ، وتی : ئازادم بکە چەند وشەیەکت فێردەکەم خودا بە هۆیانەوە سودت پێدەگەیەنێت ، وتم : چین ئەو وشانە ؟ وتی : ئەگەر چوویتە سەرجێگای خەوتن ئایەتی(الکرسی) بخوێنە ، ئەو شەوە بەردەوام پارێزەرێکت لە لای خوداوە هەیە ، وشەیتان نزیکت ناکەوێتەوە هەتاکو ڕۆژ دەکەیتەوە ، ئازادم کرد ، کە ڕۆژم کردەوە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووم : دیلەکەت دوێنێ شەو چی کرد ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ وتی : کۆمەڵە وشەیەکت فێردەکەم کە خودا بە هۆیانەوە سودت پێدەگەیەنێت ، منیش ئازادم کرد ، وتی : ئەگەر چوویتە سەرجێگای خەوتن ئایەتی (الکرسی) بخوێنە لەسەرەتایەوە هەتا کۆتایی : ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ﴾ ووتی : بەردەوام پارێزەرێکت لە لای خوداوە هەیە وشەیتان نزیکت ناکەوێتەوە هەتاکو ڕۆژت لێ دەبێتەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان ڕاستی لەگەڵ کردیت بەڵام ئەو زۆر درۆزنە ، فەرمووی : دەزانی ئەی ئەبوهرەیرە ئەوە سێ شەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت ؟ وتم : نەخێر ، فەرمووی : ئەوە شەیتان بوو ؛ والنسائی لە (الیوم واللیلة) وئیبن السنی لە ئەبو ئومامەی الباهلییەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس دوای هەموو نوێژێك ئایەتی

(الکرسی) بخوێنێت ، هیچ ڕێگر نییە لەوەی بچێتە بەهەشتەوە مردن نەبێت ؛ وئیبن حزیمە وئەبوالشیخ والخطیب لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کورسی جێگای هەردوو پێی پەروەردگارە ، وعەرش کەس ئەندازەی گەورەیی نازانێت خودا نەبێت ؛ ئەم وتەیە هەرچەندە وتەی ئیبن عەباسە رضی الله عنهما بەڵام حوکمی ئەوەی هەیە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویتی چونکە باسی پەنهان (الغیب) دەکات ، ئەگەر هاوەڵ لە شتێکی پەنهان قسە بکات دیارە لە پێغەمبەری خودای ﷺ بیستووە ئەوەش ڕێسایە .

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ زۆر لە کەس ناکرێت موسڵمان بێت ، بیگومان ڕێگای ڕاست وهیدایەت ڕوون بووەتەوە وجوودا کراوەتەوە لە ڕێگای چەوت وبێباوەڕی ، هەرکەس بێباوەڕ بێت بە تاغوت ، وباوەڕ بە خودا بهێنێت دڵنیا بێت دەستی گرتووە بە جێ دەستێکی زۆر پتەو وبەهێزەوە ، کە هەرگیز پچڕانی بۆ نییە ، وخودا بیسەر وزانایە .

ئەم ئایەتە بەڵگە نییە بۆ گومڕا ولاڕێ وموبتەدیعەکان کە بانگەشەی ئەوە بکەن لە ئیسلامدا ئازادی هەڵبژاردنی ئاین هەیە ، کێ ویستی موسڵمان دەبێت ! ، یان ئازادە هەر بیروباوەڕ وئاینێکی تر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بە ڕەهایی ! ، چونکە ئەو کەسانەی موسڵمان نابن پێویستە لەسەریان سەرانە(الجزیە) بدەن ، مسلم لە بورەیدەوە رضی الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنە هاوبەش بڕیاردەرەکانت بوویتەوە بانگیان بکە بۆ یەکێك لەم سێ داوایە بۆ هەرکامیان

وەلامیاندایتەوە لێیان قەبوڵ بکە ، ودەست هەڵبگرە لە جەنگان لەگەڵیان : بانگەوازیان بکە بۆ ئیسلام ئەگەر موسڵمان بوون لێیان وەربگرە ، وپاشان داوایان لێ بکە لە وڵاتی بێباوەڕانەوە کۆچ بکەن بۆ وڵاتی موسڵمانان ، وپێیان ڕابگەیەنە ئەگەر کۆچیان کرد هەموو مافێك کە بۆ موسڵمانان هەیە ئەو مافانە بۆ ئەوانیش هەیە ، وهەر ئەرکێك بکەوێتە سەر موسڵمانان ئەو ئەرکە لەسەر ئەوانیش پێویستە ، ئەگەر ڕازی نەبوون لە وڵاتی خۆیان کۆچ بکەن پێیان ڕابگەیەنە ئەوەی لەسەر دەشت نشینی موسڵمانان پێویستە لەسەر ئەوانیش پێویست دەبێت لە حوکمەکانی ئیسلام ، ولە دەستکەوتی جەنگ وئەوەی بەبێ جەنگ دەست دەکەوێت هیچیان ناکەوێت مەگەر ئەوەی لەگەڵ موسڵمانان جیهاد بکەن ، ئەگەر ڕازی نەبوون موسڵمانبن داوای سەرانەیان لێبکە ودەست هەڵبگرە لە جەنگان لە دژیان ، ئەگەر ڕازی نەبوون سەرانە بدەن ، پشت بە خودا ببەستە وبجەنگە لەگەڵیان ؛ زۆربەی زانایان دەڵێن : سەرانە تەنها لە خاوەن کتێبەکان وەردەگیرێت ، بەڵام هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن : لە هەموو بێباوەڕان وەردەگیرێت وئەو فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە کە بوخاری لە عبدالرحمانی کوڕی عەوفەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وشاهیدی داوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ سەرانەی لە ئاگرپەرستەکانی هەجەر وەرگرتووە ؛ وئەوە بۆچوونی ئەلبانی وئیبن عثیمینە لە زانایانی سەردەم ، وئیبن القیم دەڵێت : ﴿بِٱلطَّٰغُوتِ﴾ تاغوت هەموو شتێکە کە بەندە لە سنوری خۆی دەربکات جا پەرستراو بێت یان شوێنکەوتەی هەبێت یان گوێ لێ گیراو بێت ، تاغوتانی هەموو گەلێك بریتین لەو کەسانەی خەڵك داد دەبەن بۆ لایان وحوکمیان لێوەردەگرن دوور لە حوکمی خودا وپێغەمبەرەکەی ﷺ ، یان دەیانپەرستن جگە لە خودا یان شوێنیان دەکەون بەبێ بەرچاو ڕوونی لە لایەن خوداوە ، ئەبوداود لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ البَقَرَةِ

ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ
وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ
ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا
خَٰلِدُونَ ٢٥٧ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ
أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحْيِۦ
وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِي
بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي
كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥٨ أَوْ كَٱلَّذِي
مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِۦ
هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥۖ
قَالَ كَمْ لَبِثْتَۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍۖ قَالَ بَل
لَّبِثْتَ مِاْئَةَ عَامٍ فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْۖ
وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِۖ وَٱنظُرْ إِلَى
ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًاۚ فَلَمَّا
تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٢٥٩

٤٣

داناوە ، دەڵێت : لە ئافرەتانی پشتیوانان هەبوو منداڵی دوای لە دایك بوون دەمرد ، پێویستی دەکرد لەسەر خۆی ئەگەر منداڵی بە زیندوویی بمێنێتەوە بیکات بە جوولەکە ، کاتێك (بنوالنضیر) لە مەدینە دەرکران ، هەندێك منداڵی پشتیوانانیان لەگەڵ بوون ، پشتیوانان وتیان : لێناگەڕێین منداڵەکانمان لەگەڵیان بڕۆن ولەسەر ئاینی جوولەکەکان بمێننەوە ، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ﴾ .

﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥٧﴾ خودا خۆشەویست وپشت وپەنای ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هێناوە ، لە تاریکییەکانی بێباوەڕی وگومڕایی دەریاندەهێنێت بۆ ڕووناکی باوەڕ وئیسلام ، وئەو کەسانەی بێباوەڕن خۆشەویست وپشت وپەنایان تاغوتە لە سنور دەرچووەکانە لە ڕووناکی باوەڕ وئیسلام دەریان دەهێنن بۆ تاریکییەکانی بێباوەڕی وگومڕایی ، ئەو کەسانە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخن وبە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە حەق وئاینی ڕاست یەکە ونابێت پارچە پارچە بکرێت وسیفەتی ئەو کەسانەی بێباوەڕن ولاڕێ وموبتەدیعن پەرتەوازەی و پارچە پارچە بوونە ، وکۆك وتەبا بوون لەسەر حەق وپارچە نەبوون بنەمایە لای ئەهلی سوننەت وجەماعەت ، الشنقیطی دەڵێت : ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێگاکانی گومڕایی زۆرن لەبەر ئەوەی تاریکییەکانی بە کۆ هێناوە وڕێگای حەق وڕاستی تەنها یەك ڕێگایە لەبەر ئەوە ڕووناکی بە تاك هێناوە ، وئیبن عثیمین دەڵێت : لە ڕستەی یەکەمدا ناوی پیرۆزی خودا ﷻ لە پێشەوەیە بەڵام لە ڕستەی دووەمدا تاغوت پاش خراوە لەبەر سێ هۆکار : یەکەم : بۆ ئەوەی تاغوت لە بەرامبەر وشەی پیرۆزی خودا ﷻ نەبێت ، دووەم : تاغوت لەوە سوکتر وبێ نرختره کە لە سەرەتای ڕستەوە بە ناویەوە دەست پێبکرێت ، سێیەم : دەست پێکردن بە : ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾خێراترە لە بە خراپە باسکردنی ئەو جۆرە کەسانە.

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِي حَآجَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ فِي رَبِّهِۦٓ أَنۡ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ إِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُۖ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأۡتِي بِٱلشَّمۡسِ مِنَ ٱلۡمَشۡرِقِ فَأۡتِ بِهَا مِنَ ٱلۡمَغۡرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِي كَفَرَۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٥٨﴾

ئایا نابینی ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەو کەسەی کە دەمەدەم ومشتومڕی کرد لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام دەربارەی پەروەردگاری لەبەر ئەوەی خودا دەسەڵات وپادشایەتی پێبەخشی بوو سەرکەش ولە خۆبایی بوو ، کاتێك پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام پێی فەرموو : پەروەردگاری من ژیان ومردنی بە دەستە ودەتوانێت خەڵك بژێنێت وبمرێنێت ، وتی : منیش خەڵك دەژێنم ودەمرێنم ، پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام فەرمووی : بێگومان خودایە کە

خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێنێت ، تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت لە ڕۆژئاواوە هەڵی بهێنە ، ئەو بێباوەڕە حەپەسا ودەمی داخست ، خودا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادات .

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دەسەڵات وسامان پاڵنەرن بۆ گومڕابوون ولە سنور دەرچوونی مرۆڤ وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿كَلَّآ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ۝٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ۝٧﴾(العَلَق) ، وبوخاری ومسلم لە عەمری کوڕی عەوفی موزنییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بە خودا ناترسم لە هەژاریتان ، بەڵکو دەترسم دونیاتان بەسەردا بکرێتەوە وەك چۆن بەسەر ئومەتانی پێش ئێوەدا کرایەوە ، ئێوەش پێشبڕکێ بکەن لەسەر دونیا وەك چۆن ئەوان پێشبڕکێیان کرد لەسەری ، وبەو هۆیەوە تیابچن وەك چۆن ئەوان تیاچوون ؛ وستەم دەبێتە ڕێگری ئەوەی خودا هیدایەتی خاوەنەکەی بدات ، وهەرکەس ستەمی زیاتر بێت ئەوە زیاتر لە هیدایەتەوە دوورە ، الطبری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئێمە باسی ئەوەمان دەکرد کە پادشایەك ناوی نەمرودی کوڕی کەنعان بوو ، یەکەم پادشا بوو کە لەخۆبای وخۆبەزلزان بوو لەسەر زەوی ، خاوەنی کۆشك ودەسەڵات بوو لە شاری بابل ، باسیان بۆ کردووین کە دوو پیاوی بانگ کرد یەکێکیانی کوشت وئەوی تریانی هێشتەوە ، وتی : من بمەوێت کێ بکوژم دەیکوژم وکێ بهێڵمەوە لە ژیاندا دەیهێڵمەوە ؛ والطبری وئیبن المنذر وئیبن ئەبوحاتەم لە السدیەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێن : کاتێك پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام لە ئاگرەکە دەرچوو بردیان بۆ لای پادشا ، ولە پێش ئەوە هەرگیز نەچوو بوو بۆ لای ، پادشاکە قسەی لەگەڵ کرد وپێی وت : پەروەردگاری تۆ کێیە ؟ پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام فەرمووی : پەروەرگاری من ژیان ومردنی بەدەستە ودەتوانێت خەڵك بژێنێت وبمرێنێت ،

وتی : منیش دەتوانم خەڵك بژێنم وبمرێنم ، من چوار کەس لە خانوویەکدا بەند دەکەم وخواردن وخواردنەوەیان پێ نادەم ، هەتاکو خەریك بێت بمرن لە برسا ، دووانیان خۆراك وئاویان پێدەدەم ، ئەو دووانەکەی تر پشتگوێ دەخەم هەتا دەمرن ، پێغەمبەر ئیبراهیم زانی ئەو کارە دەکات ، پێی فەرموو : بێگومان پەروەردگاری من خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدەهێنێت ، دەتۆ لە خۆرئاواوە هەڵی بهێنە ، پادشا بێباوەڕەکە حەپەسا ودەمکوت بوو ، پاشان وتی : ئەم مرۆڤە شێتە دەری بکەنە دەرەوە ، ئێوە نابینن شێتیەکەی پاڵنەری بووە کە بوێرێت خوداکانتان بشکێنێت وپارچە پارچەیان بکات ، وئاگریش نایسوتێنێ ؟ ترسا لەوەی ڕاستی پێغەمبەرایەتی ئیبراهیم عليه السلام دەرکەوێت ولای گەلەکەی ڕیسوا وسەرشۆڕ بێت .

﴿أَوۡ كَٱلَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرۡيَةٖ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحۡيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٖ ثُمَّ بَعَثَهُۥۖ قَالَ كَمۡ لَبِثۡتَۖ قَالَ لَبِثۡتُ يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۖ قَالَ بَل لَّبِثۡتَ مِاْئَةَ عَامٖ فَٱنظُرۡ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجۡعَلَكَ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِۖ وَٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡعِظَامِ كَيۡفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكۡسُوهَا لَحۡمٗاۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعۡلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٥٩﴾ یان بەسەرهاتی ئەو کەسەی کە بە لای شارێکدا تێپەڕی هەمووی کاول وداڕووخا بوو ، بە سەرسوڕمانەوە وتی : ئەم شارە دوای ئەو هەموو کاولکارییە ومردنی دانیشتوانەکەی چۆن خودا زیندووی دەکاتەوە ودەیژێنێتەوە وژیانی بۆ دەگەڕێتەوە وەك ڕابردووی ؟! ، خودا سەد ساڵ مراندی پاشان زیندووی کردەوە ، وپێی فەرموو : چەندێك بە مردوویی لێرە ماویتەتەوە ، وتی : ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك لێرە ماومەتەوە ، پێی فەرموو : بەڵکو تۆ سەد ساڵە لێرەیت ،

سەیری خواردن وخواردنەوەکەت بکە خراپ نەبووە وتێك نەچووە وبۆگەنی نەکردووە ، وسەیری گوێدرێژەکەت بکە چۆن ڕزیوە وبووەتە خۆڵ ، بۆ ئەوەی تۆ بکەینە بەڵگە ونیشانەیەك بۆ خەڵك ، وسەیری ئەو ئێسقانانە بکە کە چۆن پەیکەری گوێدرێژەکەی لێ دروست دەکەینەوە پاشان گۆشتی بەبەردا دەکەین ، کاتێك دەسەڵاتی خودای بۆ دەرکەوت وبۆی ڕوون بوویەوە وتی : ئێستا دەزانم بێگومان خودا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە.

هەندێك لە ڕاڤەکاران دەڵێن : گومانی لە دەسەڵاتی خودا نەبووە بەڵکو سەرسوڕمانی دەربڕیوە لە توانا وگەورەیی دەسەڵاتی خودا کە دەتوانێت ئاوها شارێکی کاول وداڕوخاو بژێنێتەوە ، ویان پرسیاری لە چۆنییەتی زیندوو بوونەوەی کردووە ، وخودا لە پێش چاوی گوێدرێژەکەی زیندوو کردووەتەوە ، والطبری لە عیکرمەوە ڕیوایەتی کردووە دەربارەی ئەوەی کە دەفەرموێت ﴿أَوۡ كَٱلَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرۡيَةٖ﴾ دەڵێت : ئەو شارە (بیت المقدس) بووە ، عوزەیر عليه السلام بە لایدا تێپەڕیوە دوای ئەوەی بوخوتنەصری بابلی کاولی کرد بوو ؛ شەوکانی دەڵێت : عەبدی کوڕی حومەید وئیبن المنذر وئیبن ئەبوحاتم وحاکم لە عەلییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وشەوکانی بە صەحیحی داناوە دەربارەی ئەو فەرموودەی خودای پەروەردگار : ﴿أَوۡ كَٱلَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرۡيَةٖ﴾ دەڵێت : عوزەیری پێغەمبەری خودا عليه السلام لە شارەکەی خۆی دەرچوو بەلای شارێکی کاولدا تێپەڕی کە دارو پەردووی بەسەریەکدا ڕووخا بوو ، وتی : ﴿أَنَّىٰ يُحۡيِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ ثُمَّ بَعَثَهُۥۖ﴾ خودا یەکەمجار چاوەکانی دروست کردەوە وسەیری ئێسقانەکانی خۆی دەکرد پێکەوە کۆ دەبوونەوە ، پاشان گۆشتی بەبەرداکرا ، پاشان ڕوح کرا بەبەریدا ، پێی وترا :

﴿قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ﴾ ، گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی ، دراوسێیەکی گەنجی پینە دۆزی هەبوو بینی بووەتە پیاوێکی پیری بە سالاچوو .


الجزء الثالث
سورة البقرة
وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ
تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ
ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا
ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ
٢٦٠ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ
أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ
يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦١ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ
أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ
أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ
يَحْزَنُونَ ٢٦٢ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ
يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ ٢٦٣ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ
رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ
صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ
عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ٢٦٤
٤٤

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٢٦٠﴾ پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام فەرمووی : پەروەردگارم پیشانم بدە کە چۆن مردووان زیندوو دەکەیتەوە ، فەرمووی : مەگەر تۆ باوەڕت نییە بەوەی مردوو زیندوو دەکەمەوە ، فەرمووی : بەڵێ باوەڕم هەیە ، بەڵام بۆ ئەوەی دڵم ئۆقرە بگرێت وزیاتر دڵنیابم ، فەرمووی : بڕۆ چوار باڵندە بهێنەو وکۆیان بکەرەوە پاشان پارچە پارچەیان بکە وهەر پارچەیەکیان بخەرە سەر شاخێك پاشان بانگیان بکە بە فڕین یان بەپێ دێنەوە بۆ لات ، وبزانە ودڵنیابە لەوەی کە خودا توانا ودەسەڵاتی فراوانە ودانا وکار لەجێیە .

ئەم ئایەتە یەکێك لە ئادابەکانی نزا وپاڕانەوەی تێدایە ئەویش پاڕانەوەیە بە ﴿رَبِّ﴾ چونکە وەڵامدانەوەی نزا وپاڕانەوەی بەندەکان پەیوەستە بە پەروەردگارییەتی

پەروەردگارەوە ، وپێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام لێرە گومانی لە دەسەلاتی پەروەردگار نەبووە بۆ زیندووکردنەوەی مردووەکان بەڵکو ویستوویەتی بزانێت چۆن زیندوو دەکرێنەوە ، وئەوەش شتێکە بەڵگە نەویستە کە بینین بە چاو دڵنیایی بەخشترە لە زانین ، ئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : هەواڵ وەك بە چاو بینین نییە ، خودای پەروەردگار هەواڵیدایە موسا عليه السلام کە گەلەکەی گوێرەکەیان پەرستووە ، ئەو پارچە دارانەی (الألواح) کە تەوراتی لەسەر نوسرابوو فڕێ نەدا ، بەڵام کاتێك بە چاوی خۆی بینی فڕێیدان وشکان ؛ زانراوە پلەکانی دڵنیا بوون بریتین لە : یەکەم : (علم اليقين) ، دووەم : (عين اليقين) ، سێیەم : (حق اليقين) ؛ بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت : ئیبراهیم عليه السلام گومانی نەبوو ئەگەر بڕیار بێت ئەو بەگومان بێت ئێمە شایانترین بە گومان لە ئیبراهیم عليه السلام ، ئێمە گومانمان نییە وئیبراهیم عليه السلام لە ئێمە زیاتر لە گومانەوە دوورە کاتێك فەرمووی : ﴿رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي ۖ﴾ ؛ ئەمەش خاکی بوونی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دەردەخات .

﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾﴾ نموونەی ئەو کەسانەی سامانەکانیان لە پێناوی ڕێگای خودا سبحانه وتعالى دەبەخشن وەك نموونەی ئەو دەنکە دانەوێڵەیە کە حەوت گوڵی لێوە ڕواوە لە هەر گوڵێکدا سەد دانە دانەوێڵە هەیە ، وخودا سبحانه وتعالى ویستی لەسەر بێت بۆ هەرکەس لەوەش زیاتر دەبەخشێت ، وخودا فەزڵی فراوانە وزانایە کە کێ شایستەی زیاتر پێبەخشینە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودا ﷻ پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە یەك بە حەوت سەد ، وزیاتر لەو ئەندازەیەش بۆ هەرکەس خودا ویستی لەسەر بێت ، نییەت پاکی ولەسەر سوننەت بوون لە بەخشینەکاندا پاداشتی لای خودا زیاتر دەکات ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پیاوێك خودا دەوڵەمەندی کردووە ولە هەموو جۆرەکانی سامانی دونیای پێبەخشیووە ، لە ڕۆژی قیامەتدا دەیهێنن وخودا نازونیعمەتەکانی بە بیردەهێنێتەوە ئەویش دانیان پێدا دەنێت ، دەفەرموێت : چیت کرد لەو سامانەی خودا پێی بەخشیت ؟ دەڵێت : هیچ ڕێگایەك نەبوو کە تۆ پێت خۆشبێت سامانی تێدا ببەخشرێت لە پێناوی تۆدا لەو ڕێگایە سامانم بەخشیوە ! ، پێی دەفەرموێت : درۆت کرد ، بەڵکو ئەوەت کرد بۆ ئەوەی پێت بگوترێت بەخشندەیە ، وئەوەش وترا ، پاشان فەرمان دەکرێت لەسەر ڕوخساری ڕادەکێشرێت ، وفڕێ دەدرێتە ئاگری دۆزەخەوە ؛ ومسلم لە ئەبومەسعود عوقبەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پیاوێك حوشترێکی ڕەشمەکراوی هێنا وتی : ئەمە ئەبەخشم لە پێناوی خودا ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە پاداشتی ئەم بەخشینەت خودا حەوت سەد حوشتری ڕەشمەکراوت پێدەبەخشێت لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ وبوخاری و مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو کردەوە باشەکانی مرۆڤ چەند هێندە دەکرێت یەك بە دە هەتاکو یەك بە حەوت سەد یان لەوە زیاتر تا ئەو ئەندازەی خودا ویستی لەسەرە ، خودا ﷻ دەفەرموێت : تەنها ڕۆژوو نەبێت کە بۆ منە ومن پاداشتی دەدەمەوە ؛ ئیبن کثیر دەڵێت دەربارەی ئەم ئایەتە : ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت : مەبەستی ئایەتەکە کەسێکە لە گوێڕایەڵی خودادا سامان ببەخشێت ،

ومەکحول دەڵێت : مانای ئەوەیە لە پێناوی جیهاد وتێکۆشان وئامادەکردنی ئەسپی سواری وچەك وتفاقی جەنگ وپێداویستییەکانی تر ببەخشێت ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : جیهاد وحەج کردن دەگرێتەوە ، بەخشینی درهەمێك لەو ڕێگایە یەك بە حەوت سەد پاداشت دەدرێتەوە لەبەر ئەوە دەفەرموێت : ﴿كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ﴾ ؛ الطبری دەڵێت : ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ مەبەستی ئەو کەسانەیە کە سامانەکانیان لەسەر خۆیان خەرج دەکەن لە جیهاددا دژی دوژمنانی خودا ، والقرطبی دەڵێت : بەخشین لە ڕێگای خودا کارێکی باشە هەموو کاتێك ، وڕێگاکانی بەخشین زۆرن ، وگەورەترین ڕێگایان جیهاد وتێکۆشانە بۆ ئەوەی وشەی خودا بەرز وباڵا بێت ، ئیبن جوزەی الکلبی دەڵێت : ڕەواڵەتی ﴿فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ جیهاد وتێکۆشان دەگەیەنێت ، ولەوانەیە هەموو ڕێگاکانی تری خێر وچاکەکردنیش بگرێتەوە ، والسعدی دەڵێت : بەخشینە لە پێناوی گوێڕایەڵی وبەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا ، وباشترین ڕێگای بەخشین بەخشینە بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناوی خودا .

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتۡبِعُونَ مَآ أَنفَقُواْ مَنّٗا وَلَآ أَذٗى لَّهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٦٢﴾ ئەو کەسانەی سامانەکانیان دەبەخشن لە ڕێگای خودا پاشان مننەت ناکەن بەسەر ئەو کەسانەدا کە پێیان بەخشیون وئازاریان نادەن ، ئەو کەسانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە ، وترسیان لەسەر نییە بۆ ئایندەیان وخەم ناخۆن بۆ ڕابردوویان .

مننەتکردن بەسەر هەژار ونەداران تاوانێکی زۆر گەورەیە ، مسلم لە ئەبوذەری غەفارییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ جۆر خەڵك خودا لە ڕۆژی قیامەتدا قسەیان لەگەڵدا ناکات ، وسەیریان ناکات ، وپاکیان ناکاتەوە لە تاوان وبە باشە باسیان ناکات وسزایەکی زۆر بە ئازاریان بۆ هەیە : ئەو کەسەی مننەت دەکات بەسەر ئەو کەسانەدا کە پێی بەخشیون ، وئەو کەسەی دەرپێی شەڕواڵەکەی لە خوار قولە پێکانیەتی ، وئەو کەسەی فرۆشی کاڵاکەی بە سوێندی درۆ برەو پێدەدات ، ئیبن کثیر دەڵێت : ﴿وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ ترسیان لەسەر نییە بۆ ئەوەی چاوەڕوانە بێتە پێشیان لە نارەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەت ، ﴿وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ وخەم ناخۆن بۆڕابردوویان ، واتە : بۆ ئەو منداڵانەی دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە ، وبۆ ئەو خۆشیانەی دونیا کە لە دەستیان دەرچووە ، چونکە ئەوان لەو خۆشیانەی دونیا باشتریان دەستکەوتووە ، وصدیق حسن خان دەڵێت : ڕەواڵەتی ئایەتەکە نەفی ترسە لەسەر ئەو کەسانە لە دونیا ولە قیامەتدا چونکە : (النكرة في سياق النفي يفيد الشمول) وهەروەها نەفی خەم ، کە ئەوە دەگەیەنێت بەردەوام بێ خەمن .

﴿قَوۡلٞ مَّعۡرُوفٞ وَمَغۡفِرَةٌ خَيۡرٞ مِّن صَدَقَةٖ يَتۡبَعُهَآ أَذٗىۗ وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٞ ٢٦٣﴾ وتەی جوان ولێبوردەیی باشترە لە بەخشینێك ئازاردانی ئەو کەسەی پێی دەبەخشرێت بە دوادا بێت ، وخودا دەوڵەمەندە وپێویستی بە بەخشینی بەندەکانی نییە ، ولێبوردەیە وبەپەلە نییە لە سزادانی سەرپێچیکاران بەڵکو تەوبە بکەن وپەشیمان ببنەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێك داوای بەخشینی لێکرا ونەیتوانی پێی ببەخشێت دەبێت بە قسەی جوان وڕوویەکی گەشەوە بەڕێی بکات ونزا وپاڕانەوەی

بۆ بکات وبڵێت : خودا لە فەزڵی خۆی پێت ببەخشێت ، وئەگەر قسەیەکی ناخۆش ونەشیاویشی پێ وترا لەبەر ئەوەی پێی نەبەخشیوە لێبوردەیی هەبێت باشترە ، وهەروەها ئەگەر کەسێکیش ببەخشێت ومننەت بکات بەسەر ئەو کەسەدا کە پێی دەبەخشێت وئازاری بدات خێری ناگات وپاداشت نادرێتەوە لەسەر بەخشینەکەی ، ومەرجی پاداشت وەرگرتن لەسەر بەخشین بریتییە لە : بە دڵسۆزی بەخشین ونیاز پاکی لەبەر خودا وبەگوێرەی سوننەت بوون ومننەت نەکردن وئازار نەدانی ئەو کەسانەی خێریان پێ دەبەخشرێت .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفۡوَانٍ عَلَيۡهِ تُرَابٞ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٞ فَتَرَكَهُۥ صَلۡدٗاۖ لَّا يَقۡدِرُونَ عَلَىٰ شَيۡءٖ مِّمَّا كَسَبُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٦٤﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بەخشینەکانتان پوچەڵ مەکەنەوە بە مننەت کردن وئازاردانی هەژاران ، وەك ئەو کەسەی سامانەکەی دەبەخشێت بۆ ڕیایی وبەرچاوی خەڵك وباوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی نییە ، نموونەی ئەوکەسە وەك بەردێکی ساف ولوس وایە کە تۆز وخۆڵی لەسەر نیشتووە وبارانێکی بەلێزمەی بەسەردا بباریت وهەموو تۆز وخۆڵەکەی سەری بشواتەوە ، هیچ پاداشتێکیان دەستگیر نابێت لەسەر ئەوەی لە ژیانی دونیا بەخشیویانە لەبەر بەرچاوی وڕیاکاری ، وخودا هیدایەتی گەلی بێباوەڕان نادات .

ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : هەرکات بیستت خودا ﷻ دەفەرموێت : "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە" باش گوێی بۆ بگرە چونکە یان خێر وچاکەیەکە فەرمانت پێدەکرێت یان شەڕ وخراپەیەکە

یاساغیت لێدەکرێت ؛ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مننەت کردن وئازاردانی هەژاران لە کاتی پێبەخشینیان ، وبەخشینی سامان لەبەر ڕیایی وبەرچاوی خەڵك ، وکەسانی دووڕوو وبێباوەڕ ئەگەر خێر وچاکەش لە دونیادا بکەن لە قیامەتدا هیچ پاداشتێکیان دەستگیر نابێت ، وەك ئەو کەسەی تۆوی دانەوێڵە بکاتە سەر ئەو خۆڵەی لەسەر بەردێکی ساف ولوس نیشتووەتەوە وبارانێکی بەخوڕی بەسەردا بباریت هەموو تۆو وخاکەکەی سەری دەبات وبەرهەمی نابێت وبەفیڕۆ دەڕوات ، ئەحمەد لە **مەحمودی** کوڕی لەبیدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : بەڕاستی ئەو شتەی کە زۆر دەترسم تووشتان ببێت هاوبەش بڕیاردانی بچووکە ، وتیان : هاوبەش بڕیاردانی بچووك چییە ؟ فەرمووی : ڕیاکاریە ، خودا ﷻ بەو کەسانە دەفەرموێت کاتێك پاداشتی خەڵك دەداتەوە : بڕۆن بۆ لای ئەو کەسانە کە لەبەر ئەوان کردەوەتان ئەنجامدەدا ، بڕوانن بزانن ئایا هیچ پاداشتێکتان دەستگیر دەبێت لایان ؟! .

﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمُ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثۡبِيتٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ كَمَثَلِ جَنَّةِۭ بِرَبۡوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٞ فَـَٔاتَتۡ أُكُلَهَا ضِعۡفَيۡنِ فَإِن لَّمۡ يُصِبۡهَا وَابِلٞ فَطَلٌّۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ٢٦٥﴾ ونموونەی ئەو کەسانەی سامانەکانیان دەبەخشن لە پێناو بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خودا ﷻ ودوودڵ نین لە بەخشینی ودڵنیان لەوەی خودا پاداشتیان دەداتەوە لەسەری وەك نموونەی باخێکی چڕ وپڕی سێبەر خۆشە لە شوێنێکی تەختی بەرز کە بارانێکی بە لێزمەی بەسەردا بباریت ، دوو هێندە بەرهەمی هەبێت ، ئەگەر بارانێکی بەو شێوەیەشی بەسەردا نەباریت بە نەرمە بارانێکی بەردەوامیش هەمان بەرهەمی دەبێت ،


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ البَقَرَةِ

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ
وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ
فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ
جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ لَهُۥ
فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ
ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ۗ كَذَٰلِكَ
يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا
لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ
وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُوا۟ فِيهِ ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ
حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ
وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ
﴿٢٦٨﴾ يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ
أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٦٩﴾

٤٥

لەبەر باشی زەویەکە وهەڵکەوتەی شوێنەکەی وئاو وهەواکەی ، وخودا ﷻ زانایە بە هەموو کردەوەکانتان ودەیانبینێت وبە باشترین شێوە پاداشتان دەداتەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر گرنگی نییەتی ئەو کەسەی دەبەخشێت یان هەر کردارێکی تر کە ئەنجامی دەدات بە گوێرەی پاکی نییەتەکەی پاداشتی دەست دەکەوێت ، وبەخشینی سامان دەبێت لە مولکی خاوەن سامانەکە بێت وحەڵاڵ ومالێکی پاك بێت ، وباران ڕەحمەتی خودایە ﷻ بۆ بەندەکانی وبۆ هەموو دروست کراوەکانی دەیبارێنێت ، السدی دەڵێت : ئەم نموونەیە خودا ﷻ بۆ کرداری باوەڕداری دڵسۆز هێناویەتیەوە ، ودەفەرموێت : وەك چۆن ئەو باخە لە هەموو حاڵێکدا بەروبوومی باشی خۆی بەرهەم دەهێنێت ئەگەر بارانی کەم بێت یان زۆر ، هەروەها خودا ﷻ بەخشینی باوەڕداری دڵسۆز چەند هێندە دەکات کە مننەت ناکات وئازاری ئەو کەسانە نادات کە پێیان دەبەخشێت ، ئەگەر بەخشینەکەی کەم بێت یان زۆر ، چونکە ئەگەر نەرمە بارانیش بەردەوام بێت کاریگەری بارانە بەخوڕەکەی دەبێت .

﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمۡ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَابٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلۡكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٞ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعۡصَارٞ فِيهِ نَارٞ فَٱحۡتَرَقَتۡۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ٢٦٦﴾ ئایا کەسێك لە ئێوە حەزدەکات باخێکی چڕ وپڕی هەبێت لە هەموو جۆرەکانی دارە خورما وهەموو جۆرەکانی ڕەزی ترێی تێدا بێت ، جۆگەلەی ئاوی سازگار بە ژێریدا بڕوات ، وهەموو جۆرە بەروبوومێکی تری تێدا بێت ، وئەو کەسە پیری تەنگی پێهەڵچنی بێت ، ونەتوانێت ئیشوکاری باخەکەی بەڕێوەبەرێت ، وکۆمەڵە منداڵێکی بێ دەسەڵات ولاوازیشی هەبێت نەتوانن لە بری باوکیان باخەکەیان برەو پێبدەن ، سەرەڕای ئەوەش با وبۆرانێکی توند کە بریسکەی ئاگری تێدابێت لەو باخە بدات وبیسوتێنێ ، خودا بەو شێوەیە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆتان بۆ ئەوەی تێبفکرن وبیربکەنەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە هێنانەوەی نموونە دروستە بۆ ئاسان کردنی تێگەیشتن لە بابەتێك ، وبەخشین وکاری چاکەی کەسی ڕیاکار بێ ئەنجامە وخاوەنەکەی تەنها ڕەنجەڕۆی وحەسرەتی بۆ دەمێنێتەوە ، ئیبن ئەبوحاتەم لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : دونیایەك گوێڕایەڵی خودای تێدا نەکرێت وەك ئەو باخەیە کە جۆگەلەی ئاو بەژێریدا بڕوات ، نموونەی ئەوکەسە دوای مردنی وەك ئەو کەسەیە کە باخەکەی بسوتێ لە تەمەنی پیریدا ، لەو کاتەدا هیچ سودی پێناگەیەنێت ، ومنداڵەکانیشی بچوکن وناتوانن سودی پێبگەیەنن ، بەو شێوەیە ئەو کەسە کەمتەرخەمە لە پەرستشی خودا ولە کۆتایی ژیانیدا بە حەسرەتە بۆ هەموو شتێك ؛ والطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : خودای پەروەردگار نموونەیەکی جوانی هێناوەتەوە ، وهەموو نموونەکانی

جوانن کە فەرموویەتی : ﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمۡ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَابٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ ، دەڵێت : لە تافی لاوێتیدا ئەو باخەی دروست کردووە کاتێك پیر بوو ومنداڵەکانی بچووك ولاواز بوون لە کۆتایی تەمەنیدا ، زریانێك هات کە ئاگری تێدا بوو باخەکەی سووتاند ، توانای نەبوو باخێکی وەك ئەوە بڕوێنێتەوە وبرەوی پێ بدات ، ونەوەکانیشی توانایان نەبوو باخەکەی بۆ بگەڕێننەوە دۆخی جارانی ، کەسی بێباوەڕیش بەو شێوەیە ئەگەر گەڕایەوە بۆ لای خودا ﷻ هیچ خێر وچاکەیەکی نییە پاداشتی بدرێتەوە لەسەری ، وهیچ خێر وچاکەی پێش نەخستووە هەتاکو سودی پێبگەیەنێت وەك چۆن منداڵەکانی سوودیان پێنەگەیاند ، وپاداشتی نەدرایەوە لە کاتێکدا زۆر پێویستی پێی بوو ، وەك چۆن ئەو کەسە بێ بەش بوو لە باخەکەی لەوکاتەی کە زۆر پێویستی پێی هەبوو لە کاتی بە ساڵاچوون وبێ دەسەڵاتی ولاوازی منداڵەکانی ، بوخاری لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە کە ڕۆژێك بە هاوەڵانی پێغەمبەری خودای ﷺ وت : کێ دەزانێت ئەم ئایەتە : ﴿أَيَوَدُّ أَحَدُكُمۡ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٞ﴾ لەسەر کێ دابەزیوە ؟ وتیان : خودا دەزانێت ، عومەر رضي الله عنه تورەبوو وتی : بڵێن دەزانین یان نازانین ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : من لە نەفسمدا شتێك دەربارەی ئەو ئایەتە هەیە ئەی ئەمیری باوەڕداران ، عومەر رضي الله عنه وتی : برازا بیڵێ وخۆت بەکەم مەزانە ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : ئەو نموونەیە هێنراوەتەوە بۆ کردەوەیەك ، عومەر رضي الله عنه وتی : چ کردەوەیەك ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : بۆ کردەوەیەك ، عومەر رضي الله عنه وتی : بۆ پیاوێکی دەوڵەمەندە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بووە ، پاشان خودا ﷻ شەیتانی بۆ ناردووە وتاوانی کردووە هەتاکو هەمووکردەوە باشەکانی لە ناوبردووە .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ٢٦٧﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ببەخشن هەندێك لەو سامانە پاکانەی کە بە کار وکاسبی حەڵاڵ بە دەستتان هێناوە ، ولەوەی لە زەوییەوە بۆمان دەرهێناون ، ومەبەستتان نەبێت لە خراپەی سامانەکانتان ببەخشن لەکاتێکدا ئەگەر خۆتان هەژار ونەداربن وەریناگرن بە نادڵی و چاوپۆشییەوە نەبێت ، وبزانن خودا دەوڵەمەندە وبێ نیازە لە بەخشینەکانی ئێوە وشایانی سوپاس وستایشە .

خودا لەم ئایەتەدا فەرمانی کردووە بە بەخشین بە ڕەهایی بەڵام کومەڵێك فەرموودە هاتووە ئەو ڕەهاییەیان وابەستە کردووە کە لە چ بڕێك وچ ئەندازەیەك ببەخشرێت ، بوخاری وموسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کەمتر لە پێنج (وسق) خورما زەکاتی تێدا نییە "کە هەر وسقێك شەست صاعە ، کەواتە : پێنج وسق دەکاتە سێ سەد صاع ، هەمووی دەکاتە نزیکەی شەش سەد وپەنجا کیلۆ" ، وکەمتر لە پێنج (أواق) زیو زەکاتی تێدا نییە " کە دەکاتە دوو سەد درهەمی زیو ، ئەویش دەکاتە نزیکەی شەش سەد گرام" ، وکەمتر لە پێنج حوشتر زەکاتی تێدا نییە ؛ ولە ڕیوایەتەکەی مسلم دا دەفەرموێت : لە دانەوێڵە وخورما زەکات نییە تا نەگاتە ئەندازەی پێنج (وسق) ؛ وبوخاری لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوەی بە هۆی باران وکانیاوەوە ئاودێری بکرێت یان بە هۆی ڕەگەکانییەوە ئاو بخواتەوە ، وپێویستی بە ئاودێری نەبێت زەکاتی لە دە یەکە ، بەڵام ئەگەر ئاو هەڵبگۆزرێت بە هۆی وڵاخ

وحوشترەوە یان بە هۆی ماتۆڕ وئامێرەوە زەکاتی لە بیست یەکە ؛ الترمذی وئبن ماجە لە البرائی کوڕی عازبەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەم ئایەتە دەربارەی ئێمەی پشتیوانان دابەزی ، ئێمە خاوەن دارە خورما بووین ، هەرکەس بە گوێرەی کەم وزۆری دارە خورماکانی خورمای دەهێنا ، کەسی وا هەبوو هێشوویەك یان دوو هێشوو خورمای دەهێنا ولە مزگەوتدا هەڵیدەواسی ، وئەهلی صوفە خواردنیان نەبوو ، ئەگەر کەسێکیان بۆ خواردنی خورما بڕۆیشتایەتە نزیکی هێشووە خورماکە بە گۆچانەکەی دەستی دەیدا لە هێشووە خورماکە وخەلاڵ و پێگەیشتووەکەشی دەکەوتە خوارەوە ولێی دەخوارد ، بەڵام کەسی واهەبوو کە بە تەمای خێر وچاکەکردن نەبوو هێشوویەکی دەهێنا کە خورمای پوچ وخراپی پێوە بوو یان هێشوویەکی شکاو وتێکچووی دەهێنا هەڵیدەواسی خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ٢٦٧﴾ ، البراء دەڵێت : ئەگەر کەسێك لە ئێوە ئەوەی بەخشیویەتی پێیبدرێت بە دیاری ، ئەگەر چاوپۆشی نەکات ولەبەر شەرم نەبێت وەریناگرێت ، دوای ئەوە هەرکەس لە ئێمە لە باشترین جۆری خورما کە هەیبوو دەیهێنا ؛ وئەبوداود لە سەهلی کوڕی حەنیفەوە رضی الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئەوەی کە خودا دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ﴾ ، مەبەست (الجعرور) و(لون حبیق)ە کە دوو جۆر خورمای خراپن ، دوای ئەوە پێغەمبەری خودا ﷺ یاساغی کرد لە زەکاتدا شتی خراپ وبێ کەڵك بکرێت بە خێر وبدرێت بە هەژاران .

﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةً مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٢٦٨﴾ شەیتان دەتانترسێنێت وبەڵێنی هەژاری ودەست کورتیتان پێدەدات وهانتان دەدات بۆ ئەوەی نەبەخشن وفەرمانتان پێدەکات ڕژدبن ودەست کراوە نەبن ، یان فەرمانتان پێدەکات بە تاوانکاری وبەدڕەوشتی وخەرج کردنی پارە لەو پێناوەدا ، بەڵام خودا ﷻ بەڵێنی لێخۆشبوون وفەزڵ وزیاتر پێبەخشینتان دەداتێ ئەگەر ئێوە لە پێناوی خودادا ﷻ ببەخشن ، خودا موڵك ودەسەڵاتی فراوانە ودەوڵەمەندە وزانایە بە هەموو بەخشینەکانتان .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان دوژمنی مرۆڤە ودوودڵی بۆ مرۆڤ دروست دەکات بۆ ئەوەی نەبەخشێت ودەست بە موڵك وسامانەکەیەوە بگرێت وهانی دەدا بۆ خراپەکاری ، وخودا ﷻ بە فەزڵی خۆی سامانی ئەو کەسانەی دەبەخشن دەپارێزێت وکەمی ناکاتەوە ، بەڵکو شوێنیان بۆ پڕدەکاتەوە وزیادیشی دەکات بۆیان ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ ڕۆژێك نییە بەسەر بەندەکانی خودادا بێت ئیللا دوو فریشتە دادەبەزن ، یەکێکیان دەفەرموێت : پەروەردگارا ئەو کەسەی دەبەخشێت شوێنەکەی بۆ پڕ بکەرەوە ، وئەویتریان دەفەرموێت : پەروەردگارا ئەو کەسەی ڕژدە ونابەخشێت سامانەکەی لەناو ببە ؛ والطبری وئیبن المنذر وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : دوو شت لە خوداوەیە ، ودوو شتیش لە شەیتانەوەیە : ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ﴾ شەیتان دەڵێت : ماڵەکەت مەبەخشە وبۆ خۆتی بهێڵەرەوە بێگومان پێویستیت پێدەبێت ، ﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةً مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ﴾ وخودا بەڵێنی

لێخۆشبوونتان دەداتێ لەسەر تاوانەکانتان ، وفراوانی وفەزڵی زیاتر لە ڕۆزیدا ؛ والترمذی لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : شەیتان هاندان وچپەی هەیە لە دڵی مرۆڤدا ، وهەروەها فریشتەش هاندان وچپەی هەیە لە دڵی مرۆڤدا ، هاندان وچپەکەی شەیتان : بەڵێنی شەڕ وخراپە وبە درۆ دانانی حەق وڕاستییە ، وهاندان وچپەکەی فریشتە : بەڵێنی خێر وبەڕاست دانانی حەقە ، هەرکەس هەستی بەمەکرد بابزانێت ئەوە لە خوداوەیە سبحانه وتعالى ، وبا سوپاسی خودا بکات ، وهەرکەس هەستی بەویتریان کرد با پەنا بگرێت بە خودا لە شەیتانی لە ڕەحمەت دەرکراو پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةً مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٢٦٨﴾ .

﴿يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٦٩﴾ دانایی وکار لەجێیی دەبەخشێت بەهەرکەس کە بیەوێت ، وهەرکەس دانایی وکار لەجێیی پێ ببەخشرێت بیگومان خێرێکی زۆر گەورەی پێبەخشراوە ، وتەنها کەسانی ژیر وبیرمەند سود لە ئامۆژگاری ووەبیرهێنانەوە وەردەگرن .

ئیبن کثیر دەڵێت : لە ئەبوالعالیە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ﴿ٱلۡحِكۡمَةَ﴾ مەبەستی قورئان وتێگەیشتنە لە ماناکانی ، وئیبراهیم النخعی دەڵێت : مانای تێگەیشتنە ، وئەبومالك دەڵێت : مانای سوننەتە ، وزەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت : مانای عەقڵ وژیرییە ، ومالك دەڵێت : مانای تێگەیشتنە لە ئاینەکەی خودا ، وشتێکە کە خودا دەیخاتە دڵەکانەوە لە سۆز ومیهرەبانی وفەزڵی خۆی ، بەڵگەش لەسەر ئەوە دەبینیت کەسی واهەیە کەسێکی


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ البَقَرَةِ

وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ
يَعۡلَمُهُۥۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ ٢٧٠ إِن تُبۡدُواْ
ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا
ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن
سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٧١ لَّيۡسَ
عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ وَمَا
تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلِأَنفُسِكُمۡۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا
ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ
وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ٢٧٢ لِلۡفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحۡصِرُواْ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسۡتَطِيعُونَ ضَرۡبٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ
يَحۡسَبُهُمُ ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِۚ تَعۡرِفُهُم
بِسِيمَٰهُمۡ لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ
خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ٢٧٣ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُم
بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ
رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٧٤

٤٦

عاقڵە لە ئیشوکاری دونیای ، وکەسێکی تر دەبینی لاوازە لە ئیشوکاری دونیای ، بەڵام زانا وشارەزایە لە فەرمانەکانی ئاینەکەی ، خودا ئەمەی پێبەخشیوە بەڵام شارەزایی دونیای پێنەبەخشیوە ، کەواتە : حیکمەت : تێگەیشتنە لە ئاینەکەی خودا.

﴿وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُهُۥۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ ٢٧٠﴾ هەر بەخشینێك کە دەیبەخشن یان هەر نەزرێك کە نەزری دەکەن وپێویستی دەکەن لەسەر خۆتان بێگومان خودا زانایە بە هەمووی ، وستەمکاران کەس پشت وپەنا وفریاد ڕەسیان نییە لە ڕۆژی قیامەت لە سزای خودا ڕزگاریان بکات .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئەگەر بەخشین کەم بێت یان زۆر خودا پاداشتی خاوەنەکەی دەداتەوە ، وزانایە بە نییەتی ، ونەزر بریتییە لەوەی کەسێك شتێك لەسەر خۆی پێویست بکات لە کاتێکدا پێویست نەبێت لەسەری ، وپێغەمبەری خودا ﷺ نەهیکردووە لە نەزرکردن بەڵام ئەگەر کەسێك شتێکی نەزرکرد لەسەر خۆی پێویستە پێوەی پابەند بێت ئەگەر ئەو نەزرکردنە لەسەر پێچی خودادا نەبێت ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه

ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەزر مەکەن چونکە نەزرکردن هیچ لە قەدەری خودا ناگۆڕێت ، بەڵکو شتێکە لە دەستی کەسی ڕژدەوە دەردەهێنرێت ؛ وبوخاری لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەزر هیچ شتێك بۆ نەوەی ئادەم ناهێنێت کە لە قەدەری نەنوسرا بێت ، بەڵکو ئەوەی لە قەدەری نوسراوە هەر ئەوە دەبێت ، **ولە کەسی ڕژدەوە دەردەچێت** ؛ نەزرکردن ئەگەر لە بەرامبەر داواکارییەك بێت لە خودا سبحانه وتعالى ئەوا یاساغی لێکراوە ، بەڵام ئەگەر ئەو داواکارییەی فەراهەم بوو دەبێت وەفادار بێت بە نەزرەکەی ؛ بەڵام ئەگەر کەسێك نەزر بکات پەرستشێك بۆ خودا سبحانه وتعالى ئەنجام بدات دەبێت ئەو پەرستشە ئەنجام بدات ، وئەگەر نەزری کرد تاوانێك ئەنجام بدات دەبێت ئەنجامی نەدات ، بەڵام پێویست دەبێت لەسەری کەفارەتی سوێندێك بدات لە بری نەزرەکە ، بوخاری لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس نەزری کرد کە گوێڕایەڵی خودا بکات با گوێڕایەڵی بکات ، وهەرکەس نەزری کرد سەرپێچی خودا بکات با سەرپێچی نەکات ؛ وئەحمەد وخاوەن سونەنەکان لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس نەزری کرد سەرپێچی فەرمانی خودا بکات با سەرپێچی نەکات وکەفارەتەکەی کەفارەتی سوێندێکە .

﴿إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمۡۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٧١﴾ ئەگەر بە ئاشکرا بەخشینەکانتان ببەخشن کارێکی باشە ، بەڵام ئەگەر بە پەنهان وشاراوەیی ببەخشنە

هەژاران ئەوە خێر وباشترە بۆتان ، وخودا تاوانەکانتان دەپۆشێت ولێتان خۆشدەبێت ، وخودا ﷻ بە هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدەن شارەزایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەخشینی ئاشکرا وشاراوە کارێکی باش وویستراوە ، بەڵام شاردنەوەی باشترە لەبەر دووری لە ڕیاکاری وبەرچاوی ورەچاوکردنی لایەنی دەروونی کەسی هەژار ، ئیبن کثیر دەڵێت : ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ﴾ بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە شاردنەوەی بەخشینەکان باشترە لە ئاشکراکردنی ، چونکە دوورە لە ڕیاکاری وبەرچاوی ، مەگەر بەرژەوەندییەك هەبێت لە بەئاشکرا بەخشیندا ، وەك ئەوەی خەڵك چاوی لێبکەن ، ئەو کاتە ئاشکراکردنی باشترە لەم ڕوانگەیەوە ، الطبرانی لە ئەبوئومامەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چاکەکاری مرۆڤ دەپارێزێت لە تیاچوونی خراپ ، وبەخشینی پەنهان مرۆڤ دەپارێزێت لە تووڕەیی پەروەردگار ، وگەیاندنی سیلەی ڕەحم تەمەن زیاد دەکات ؛ وبوخاری و مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت کۆمەڵ خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەری عەرشی ئەو نەبێت : یەکێك لەو کۆمەڵانە : پیاوێکە کە بەخشینێك ببەخشێت وبیشارێتەوە بە شێوەیەك دەستی چەپی نەزانێت دەستی ڕاستی چی بەخشیوە .

﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلِأَنفُسِكُمۡۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ

لَا تُظۡلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾ هیدایەتدانی خەڵك لەسەر تۆ نییە بەڵکو خودا هیدایەتی هەرکەس دەدات کە بیەوێت ، وهەرچی خێر وچاکەیەك کە دەیبەخشن بۆ خۆتانە ، ومەبەخشن تەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا ﷻ نەبێت ، وئەوەی دەیبەخشن لە خێر وچاکە پاداشتەکەی بە باشترین شێوە وەردەگرنەوە ، وئێوە هیچ ستەمێکتان لێناکرێت بەڵکو پاداشتی خۆتان بە چەند هێندە وەردەگرنەوە .

ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿وَجۡهِ ٱللَّهِ﴾ مەبەست ڕووی خودایە بە ڕاستی ، چونکە هەرکەس بچێتە بەهەشتەوە سەیری ڕووی خودا ﷻ دەکات ، وموسڵمان ئەگەر نییەتی پاك بێت زیان بە خێر وچاکەکەی ناگات پاداشتی خۆی لای خودایە ئەگەر نەشگاتە دەستی ئەو کەسەی کە شایستەیەتی ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پیاوێك وتی : ئەم شەو شتێك دەبەخشم ، بەخشینەکەی برد ودایە دەستی دزێکەوە ، کە ڕۆژ بوویەوە : خەڵك باسی ئەوەیان دەکرد ئەم شەو خێر وچاکە بەخشراوە بە دزێك ، وتی : پەروەردگار سوپاس وستایش بۆ تۆ کە ئەو چاکەی من دەستی دزێك کەوتووە ، ئەم شەو خێر وچاکەیەك دەبەخشم ، لە ماڵ دەرچوو دایە دەستی ئافرەتێکی داوێن پیسەوە ، کە ڕۆژ بوویەوە : خەڵك باسی ئەوەیان دەکرد ئەم شەو خێر وچاکە بەخشراوە بە ئافرەتێکی داوێن پیس ، وتی : پەروەردگار سوپاس وستایش بۆ تۆ کە ئەو چاکەی من دەستی ئافرەتێکی داوێن پیس کەوتووە ، ئەم شەو خێر وچاکەیەك دەبەخشم ، لە ماڵ دەرچوو دایە دەستی کەسێکی دەوڵەمەندەوە ، وتی : پەروەردگار سوپاس وستایش بۆ تۆ کە ئەو چاکەی من دەستی کەسێکی دەوڵەمەند کەوتووە ، هێنایان پێیان گوت : خێر وچاکەکەت وەرگیرا ،

چاکەکەت بۆ دزەکە بەڵکو وازبهێنێت لە دزی کردن ، وچاکەکەت بۆ ئافرەتە داوێن پیسەکە بەڵکو وازبهێنێت لەو کردارەی ، وبۆ دەوڵەمەندەکەش بەڵکو پەند وەربگرێت وببەخشێت لەوەی خودا پێی بەخشیوە ؛ والنسائی لە (السنن الکبری) والحاکم والطبرانی لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە ئەحمەد شاکر والوادعی بە صەحیحیان داناوە دەڵێت : موسڵمانان پێیان ناخۆش بوو یارمەتی کەسوکارەکانیان بدەن لەبەر ئەوەی هاوبەش بڕیاردەر بوون ، پرسیاریان کرد وڕوخسەتیان پێدرا وئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ﴾، وئەبوعوبەید لە ئیبن عەباسەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : کەسانێك هەبوون خزم وپشتیان هەبوو لە بەنوقریظە وبەنوالنضیر وخۆیان دەبوارد ودەدزییەوە لەوەی یارمەتیان بدەن وخێریان پێببەخشن ، وداوایان لێدەکردن موسڵمانبن ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَلِأَنفُسِكُمۡۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ ٱللَّهِۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يُوَفَّ إِلَيۡكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تُظۡلَمُونَ ٢٧٢﴾.

﴿لِلۡفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحۡصِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسۡتَطِيعُونَ ضَرۡبٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ يَحۡسَبُهُمُ ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعۡرِفُهُم بِسِيمَٰهُمۡ لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ٢٧٣﴾ ببەخشن بەو هەژارانەی کە گەمارۆدراون لە ڕێگای خودا وناتوانن گەشت بکەن بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزییان ، کەسی ناشارەزا بە حاڵیان وا گومان دەبات دەوڵەمەندن لەبەر نەفس بەرزیان ودەرنەخستنی هەژارییان وبە ڕەواڵەت وڕوخساریاندا دەیان ناسنەوە ، پێداگرنین وداواناکەن لە خەڵك بۆ ئەوەی خێر

وبەخشینەکانیان بدەنێ ، وهەرچی دەبەخشن بێگومان خودا زانایە پێی وپاداشتتان دەداتەوە لەسەری .

الطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە السدییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿ٱلَّذِينَ أُحۡصِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ هاوبەش بڕیاردەرەکان لە مەدینە گەمارۆی موسڵمانیاندا ، و﴿لَا يَسۡتَطِيعُونَ ضَرۡبٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ نەیان دەتوانی بەسەر زەویدا بگەڕێن وبازرگانی بکەن ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروست نییە ببەخشین بەکەسێك کە توانای ئیشوکار کردنی هەبێت ، لەبەر ئەوەی دەفەرموێت : ﴿لَا يَسۡتَطِيعُونَ ضَرۡبٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ، ئەوەی لێوە فێردەبین ئەو کەسانە ئەگەر لە توانایاندا بووایە گەشت بکەن وئیشوکار بکەن خێریان پێنادرێت ، لەبەر ئەوە کاتێك دوو کەس هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وداوای خێریان لێکرد ، پێغەمبەری خودا ﷺ چاوی تێبڕین ولەسەرەوە بۆ خوارەوە سەیری کردن ، پاشان فەرمووی : ئەگەر دەتانەوێت پێتان دەبەخشم ، بەڵام بەشی دەوڵەمەند وکەسێك کە توانای کاسبی کردنی هەبێت تیادا نییە ، ئەو کەسە ئەگەرچی هەژارە ومالی نییە ، بەڵام بەکرداری هەژار نییە ودەتوانێت ئیشوکار بکات ، ودەرۆزەکردن وداوای یارمەتی کردن بۆ پێداویستی نەبێت حەرامە ، مسلم لە قەبیصەی کوڕی مەخارقی الهلالییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : قەرزێکم گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بکرێت ، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ داوام لێکرد ئەو قەرزەم بۆ ببژێرێت ، پێی فەرمووم : دانیشە هەتاکو خێر وبەخشینمان بۆ دێت ، فەرمان دەکەین بەشی تۆی لێ بدەن ، پاشان فەرمووی : ئەی قەبیصە داواکردن ودەرۆزەکردن دروست نییە بۆ سێ شت نەبێت : کەسێك قەرزێك بگرێتە ئەستۆ ، داواکردن حەڵاڵە بۆی هەتاکو

دەیبژێرێت پاشان وازبهێنێت ، وکەسێك تووشی دەرد وبەلایەك ببێت وهەموو سەروەت وسامانەکەی تیابچێت ، داواکردن حەلاڵ دەبێت بۆی هەتاکو پێداویستییەکانی ژیانی دەست دەکەوێت ، وکەسێکی تر تووشی هەژاری ونەداریيەك ببێت وسێ کەسی عاقڵ لە کەس وکارەکەی بڵێن : فلانەکەس تووشی هەژاری ونەداری بووە ، ئەمەش دروستە داوا بکات هەتاکو پێداویستییەکانی دەستەبەردەکات ، جگە لەم کەسانە هەرچی داواکاری هەیە ئەی قەبیصە حەرامە ونابێت داوابکرێت ؛ ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس داوا لە خەڵك بکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێت وپێویستی پێی نەبێت ، ئەوە بێگومان داوای پشکۆی ئاگرین دەکات جا با پشکۆی کەمتر یان زیاتر داوا بکات ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەژار ونەدار ئەو کەسە نییە کە ماڵان دەگەڕێت وداوا دەکات خورمایەك یان دوو خورما ، وپارووییەك یان دوو پارووی دەدەنێ بەڵکو هەژار ونەدار ئەو کەسەیە کە نەفسی بەرزە وداوا ناکات ، سەیری ئەو ئایەتە بکەن کە دەفەرموێت : ﴿لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ﴾ .

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُم بِٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٧٤﴾ ئەو کەسانەی سامانەکانیان دەبەخشن بە شەو وبە ڕۆژ وبە نهێنی وبە ئاشکرا ، پاداشتیان لای پەروەردگاریانە وترسیان نییە لەوەی لە ئایندە دێتە ڕێیان ، وخەم ناخۆن بۆ ئەوەی لە دەستیان چووە لە ڕابردوویان .

ئەم ئایەتە هەموو جۆرە بەخشینێکی پێویست وسوننەت ودابین کردنی بژێوی خێزان ومنداڵیش دەگرێتەوە ئەگەر خاوەنەکەی نییەتی پاك بێت ولەبەر خودا ببەخشێت ،


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ البَقَرَةِ

ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ وَٱتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾

٤٧

بوخاری ومسلم لە ئەبومەسعود عوقبەی کوڕی عەمرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : موسڵمان ئەگەر بەخشینێك ببەخشێتە خێزانەکەی وبژێویان بۆ دابین بکات ونییەتی هەبێت وچاوەڕوانی پاداشتی خودا بێت دەبێتە چاکە بۆی .

﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾﴾ ئەو کەسانەی کە سوو دەخۆن لە گۆڕەکانیانەوە زیندوو نابنەوە وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت وشێتی کردبێت ، لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە ئاینەکەی خودا ﷻ دەگرت ودەیانگوت بێگومان کڕین وفرۆشتن وەك سووە ، وخودا ﷻ کڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ کردووە وسووی حەرام کردووە ، هەرکەس ئامۆژگاری لە پەروەردگارییەوە پێگەیشت ودەستی هەڵگرت لەو بازرگانییە ئەو سووەی لە ڕابردوو وەریگرتووە بۆ خۆی وکاری لای خودای پەروەردگارە ، وهەرکەس بگەڕێتەوە وسوو بخوات ئەو کەسانە هاوەڵانی ئاگرن وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە .

سوو یەکێکە لە تاوانە زۆر گەورە ترسناکەکان ، الحاکم لە ئبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە و ئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوو حەفتا وسێ پلەیە ئاسانترین وئەوەی کەمترین تاوانی هەیە وەك ئەوەیە کەسێك زینا لەگەڵ دایکی خۆیدا بکات ؛ وسوو دوو جۆرە : سووی دواخستن (ربا النسيئة) وسووی بەسەردادان وزیادە خستنەسەر (ربا الفضل) ، سووی دواخستن سووی سەردەمی نەفامیشی پێدەگوترێت (ربا الجاهلية) چونکە لەو سەردەمە هەرکەس قەرزی لای کەسێك بووایە کاتی دانەوەی قەرزەکە هاتبا وقەرزارەکە نەیتوانیبا لەو کاتە قەرزەکە بداتەوە خاوەن قەرزەکە دەیگوت : زیاترت لێ وەردەگرم وماوەکەت بۆ درێژ دەکەمەوە ، بوخاری لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : زێڕ بە زێڕ وگەنم بە گەنم وخورما بە خورما وجۆ بە جۆ دەبێت دەست بەدەست بفرۆشرێت ؛ ومسلم لە عوبادەی کوڕی الصامتەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : زێڕ بە زێڕ ، وزیو بە زیو ، وگەنم بەگەنم ، وجۆ بە جۆ ، وخورما بە خورما ، وخوێ بە خوێ ، بە هەمان کێش وهەمان ئەندازە دەست بە دەست دەفرۆشرێت ، ئەگەر ڕەگەزەکان جیاوازبوون چۆن ویستتان بیفرۆشن ئەگەر دەست بە دەست بوو ؛ وسووی بە سەردادان وزیادە خستنەسەر وەك گۆڕینەوەی ئەو ڕەگەزانەی کە سوویان تێدایە بە هەمان ڕەگەزی خۆی لەگەڵ خستنەسەری زیادەیەك بۆ نموونە : ئەگەر کەسێك دوو کیلۆ خورمای خراپ کە ڕەگەزێکە سووی تێدەکەوێت بگۆڕێتەوە بە یەك کیلۆ خورمای باش تووشی ڕیبای بەسەردادان وزیادە خستنەسەر دەبێتەوە ، مسلم لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خورمایەکیان بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ هێنا فەرمووی : ئەم خورمایە خورمای ئەم

ناوچەیەی ئێمە نییە ؟ پیاوێك وتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ خورماکەی خۆمانم فرۆشت دوو صاع بە صاعێك لەم خورما باشە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەوە سووە بیگەڕێننەوە ، پاشان خورماکەی خۆمان بفرۆشن ولەم خورمایەمان بۆ بکڕن ؛ وبوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کاتێك ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی (البقرە) دابەزی دەربارەی سوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەسەر خەڵکدا خوێندنییەوە وپاشان بازرگانی مەی حەرام کرد ؛ والطبرانی لە عەوفی کوڕی مالکەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : وریای ئەو تاوانانە بە کە لێخۆشبوونیان بۆ نییە ، ولە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت : وکەفارەتیشیان نییە ، وهەرکەس شتێك بدزێت لەو دەستکەوتانەی کە لە دوژمنان بەبێ شەڕ دەست دەکەوێت ڕۆژی قیامەت دەبێت بیهێنێت ، وسوو خواردن ، ئەو کەسەی سوو دەخوات ڕۆژی قیامەت زیندوو دەکرێتەوە شێتە وەك کەسێکی مەستە لە ڕۆیشتندا ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ﴾ ؛ وئیبن ماجە والدارمی لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : ئایەتی سوو لە کۆتا ئایەتەکان بوو کە دابەزی ، وپێغەمبەری خودا ﷺ وەفاتی کرد پێش ئەوەی بۆمانی تەفسیر بکات ، لەبەر ئەوە دوورکەونەوە لە سوو ولە هەر شتێك کە گومانی سووی لێ دەکرێت ؛ الطبری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : سوو لە سەردەمی نەفامی کەسێك شتێکی دەفرۆشت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، ئەگەر ماوەکە تەواو بوایە وقەرزارەکە نەیتوانیبا قەرزەکە بداتەوە ماوەکەی بۆ درێژ دەکردەوە وقەرزەکەی لەسەر زیاد دەکرد ؛ وئیبن ئەبوحاتەم لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت :

﴿ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾ مانای ئەوەیە خواردنی بە حەڵاڵ بزانێت ؛ ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە جن دەچێتە لەشی مرۆڤەوە وچەند فەرموودەیەکیش بە ڕاشکاوی ئەوە دەسەلمێنێت ئەوەش مەزهەبی ئەهلی سوننەیە ، بە پێچەوانەی مەزهەبی موعتەزیلەکان ، بوخاری ومسلم لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بێگومان شەیتان بە ناو مولوولەکانی خوێنی مرۆڤدا دەسوڕێتەوە ؛ والطبرانی لە عثمانی کوڕی ئەبو العاصی الثقفییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : سکاڵای ئەوەم کرد لای پێغەمبەری خودا ﷺ کە قورئانم لە بیر دەچێتەوە ، دای لەسەر سنگم فەرمووی : ئەی شەیتان دەرچۆ لە سنگی عثمان ، سێ جار ئەوەی دووبارە کردەوە .

﴿يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ٢٧٦﴾ خودا ﷻ سوو تەفروتونا دەکات وبە یەکجاری لەناوی دەبات یان پیت وفەڕی ناهێڵێت وخاوەنەکەی سودی لێ نابینێت ، وبەخشین وچاکەکان زیاد دەکات وشوێنی پڕ دەکاتەوە وپڕ پیت وفەڕی دەکات ، ولە قیامەتیشدا پاداشتی خاوەنەکانی بە باشترین شێوە دەداتەوە ، وخودا ئەوانەی خۆش ناوێت کە زۆر بێباوەڕن ورۆچوون لە تاواندا .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر بێ پیت وفەڕی ئەو سامانەی کە بە سوو دەست دەکەوێت ، ئیبن ماجە لە ئیبن مەسعودەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ کەس نییە سامانێکی زۆر بە سوو بە دەست بهێنێت ئیللا سەرئەنجامی بۆ تیاچوون ونەمانە ؛ وپێویستە بەخشینەکانی مرۆڤ لە سامانی پاك وحەڵاڵ بێت بۆ ئەوەی خودا ﷻ وەریبگرێت وپاداشتی زۆری لەسەر بداتەوە ،

بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﵁ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەس بە ئەندازەی خورمایەك لە ئیش وکاری پاکی حەڵاڵ ببەخشێت ، وخودا بەخشینی پاك وحەڵاڵ نەبێت وەریناگرێت ، خودا ﷻ بە دەستی ڕاستی وەریدەگرێت ، پاشان پەروەردەی دەکات بۆ خاوەنەکەی وەك چۆن کەسێك لە ئێوە بێچووە ئەسپەکەی پەروەردە دەکات ، هەتا هێندە گەورە دەبێت وبە قەد کێوی ئوحودی لێدێت ؛ ئیبن کثیر دەڵێت : ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾ مانای ئەوەیە خودا ﷻ ئەو کەسەی بێباوەڕە لە دڵەوە وتاوان دەکات بە زمان وکرداری خۆشی ناوێت ، ودەبێت بۆنەیەك هەبێت بۆ کۆتایی هێنانی ئەم ئایەتە بەم سیفەتە ئەویش ئەوەیە : کەسی سووخۆر ڕازی نابێت بەو ڕۆزییە حەڵاڵەی خودا پێی دەبەخشێت ، وبەوەشەوە ناوەستێ ئیشوکاری حەڵاڵ بکات کە شەریعەت ڕێگای پێداوە ، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە نارەوا بە ئیش وکارە حەرام وپیسەکانی ، بەوەش نکولی ئەو نیعمەتانە دەکات کە خودا پێی بەخشیوە ، ستەمکار وتاوانبارە لەبەر خواردنی ماڵی خەڵك بە نارەوا .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٢٧٧﴾ بێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە وکرداری باش ئەنجام دەدەن ونوێژەکانیان بەو شێوەیە ئەنجام دەدەن کە فەرمانیان پێکراوە وزەکاتی سامانەکانیان دەردەکەن پاداشتیان لای پەروەردگاریانە وترسیان لەسەر نییە لەوەی لە ئایندە دێتە ڕێیان وخەم ناخۆن بۆ ئەوەی لە دونیا لە دەستیان چووە لە ڕابردوویان .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٧٨﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پارێزکاربن ولە خودا بترسن ولە پاشماوەی ئەو سووەی لای خەڵك ماوە دەست هەڵبگرن ، ئەگەر ئێوە باوەڕدارن .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە نابێت گرێبەستی حەرام ئەنجام بدرێت وئەگەر ئەنجامیش درابێت دەبێت هەڵبوەشێندرێتەوە ، وئەوەی کە دەفەرموێت ئەگەر ئێوە باوەڕدارن بۆ هاندان وجووڵاندنی هیممەتە بەڵکو گوێرایەڵبن وەك چۆن داوایان لێکراوە ، وئەوەی پێی دەگوترێت سودی بانکی حەرامە ونابێت موسڵمان لەو جۆرە گرێبەستانە وهەرگرێبەستێکی تری گوماناوی تێوە بگلێت ، الطبری وئیبن المنذر وئیبن ئەبوحاتەم لە السدییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ﴾ ئەم ئایەتە لەسەر عەباسی کوڕی عبدالمطلب رضي الله عنه وپیاوێك لە بەنوالمغیرە دابەزی لە سەردەمی نەفامیدا هاوبەش بوون ، قەرزیان بە سوو دەدا بە خەڵکێك لە ثقیف ، کە ئیسلام هات سەرمایەیەکی زۆریان بە سوو لای خەڵك بوو خودا سبحانه وتعالى ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَذَرُواْ مَا بَقِيَ﴾ ئەو سووەی لای خەڵك ماوە دەستی لێ هەڵبگرن .

﴿فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ ٢٧٩﴾ ئەگەر ئەو فەرمانەی خوداتان جێبەجێ نەکرد ودەستتان لە سوو خواردن هەڵنەگرت ئەوا جەنگتان ڕاگەیاندووە لەگەڵ خودا وپێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم ، وئەگەر پەشیمان بوونەوە وتەوبەتان کرد ئەوە سەرمایەکانتان وەربگرنەوە ، وستەم

مەکەن بەوەی سوو لە قەرزارەکانتان وەربگرن وئێوەش ستەمتان لێناکرێت بەوەی سەرمایەکانتان بۆ نەگەڕێندرێتەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دادگەری ئیسلام کە مافی کەس لە بیرناکات وهەموو خاوەن مافێك مافی خۆی وەردەگرێتەوە ، ولەبەر بەرژەوەندی کەس مافی کەسێکی تر پێشێل ناکرێت ، ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : بە سووخۆر دەگوترێت لە ڕۆژی قیامەتدا چەکەکەت هەڵبگرە بۆ جەنگ ؛ ودیسان ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : هەرکەس بەردەوام بێت لەسەر سوو خواردن کاربەدەستی موسڵمانان داوای لێدەکات تەوبە بکات ودەست هەڵبگرێت لەو کارەی ئەگەر دەستی هەڵنەگرت دەدات لە ملی ؛ هیچ تاوانێك ئەم هەڕەشەیەی لەسەر نەهاتووە لە قورئاندا ، والنسائی لە علی کوڕی ئەبوتالبەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەفرەتی خودا لە سووخۆر وئەوەی دەرخواردی دەدات ، وئەوەی گرێبەستەکەی دەنوسێت ، وئەو دووکەسەش کە دەبنە شاهید بەسەرییەوە .

﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَن تَصَدَّقُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾﴾ ئەگەر ئەو کەسەی قەرزی لەسەرە نەیتوانی بیداتەوە مۆڵەتی بدەن هەتاکو سامانێکی دەستگیر دەبێت ،وئەگەر پێی ببەخشن وقەرزەکەی لێوەرنەگرنەوە باشترە بۆتان ئەگەر بزانن.

ئەم ئایەتە ڕێنمایی موسڵمانان دەکات بە بەزەیی هاتنەوە بە کەسی نەدار ودەستکورت وئارام لەسەرگرتنی ومۆڵەت پێدانی نە وەك سەردەمی نەفامی پێی بگوترێت : یان قەرزەکەت لە کاتی خۆیدا دەگەڕێنیتەوە یان ماوەکەت بۆ درێژ دەکەمەوە وزیادەت

دەخەمە سەر ، بەڵکو هانی موسڵمانە دەوڵەمەندە دەسترۆیشتووەکان دەدات بە دەست هەڵگرتن لە هەژاران ولێوەرنەگرتنەوەی ئەو قەرزەی کە لەسەریانە ، وئەگەر کەسێك دارا بێت نابێت بە ئەنقەست قەرزی خاوەن قەرز نەگەڕێنێتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەگەڕاندنەوە وکەمتەرخەمی کردن لە دانەوەی قەرزی دەوڵەمەند ستەمە ؛ وئەحمەد والترمذی لە ئەبوهریرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەرکەس مۆڵەتی قەرزارێکی نەدار بدات یان بیبەخشێت خودای پەروەردگار دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە لە ڕۆژی قیامەتدا کە هیچ سێبەرێك نییە ئەو سێبەرە نەبێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : پیاوێك هەبوو قەرزی دەدا بە خەڵك بە خزمەتکارەکەی دەگوت : ئەگەر کەسێك هات وبە دەستییەوە نەبوو لە قەرزەکەی سەری خۆشبە بەڵکو خودا لێمان خۆشبێت ، گەیشتە دیداری خودا وخودا لێی خۆشبوو ؛ ومسلم لە ئەبوقەتادەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کێ پێی خۆشە کە خودا لە ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەت ڕزگاری بکات ئەوا با مۆڵەتی کەسی نەدار بدات یان لە قەرزەکەی سەری خۆشبێت ؛ وئەحمەد لە بورەیدەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت :گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : هەرکەس مۆڵەتی کەسی نەدار بدات وەك ئەوەیە هێندەی پارەکەی کردبێت بە خێر پێش ئەوەی کاتی دانەوەی قەرزەکە بێت ، بەڵام ئەگەر کاتی دانەوەی هات ومۆڵەتیدا ئەو کاتە وەك ئەوە وایە دوو هێندەی ئەو پارەیەی کردبێتە خێر وچاکە .

﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١﴾ پارێزکاربن وبترسن لە ڕۆژێك کە ڕۆژی قیامەتە وکە هەمووتان لەو ڕۆژەدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا ﷻ ، پاشان هەر کەسێك پاداشتی کار وکردەوەکانی دەدرێتەوە وکەس ستەمی لێناکرێت .



ئەم ئایەتە وەبیرهێنانەوە وئامۆژگاری وترساندنی تێدایە بۆ موسڵمانان بەوەی خۆیان ئامادە بکەن ودووربکەونەوە لە تاوانەکان بەتایبەت سوو خواردن چونکە سەرئەنجام دەگەڕێنەوە لای پەروەردگاریان وپاداشتیان دەداتەوە لەسەر کردەوەکانیان ، النسائی لە (السنن الکبری) لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە ئەحمەد شاکر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : ئەم ئایەتە کۆتا ئایەتە کە لە قورئان دابەزیوە .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ فَلۡيَكۡتُبۡ وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا

أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ وَلَا تَسۡـَٔمُوٓاْ أَن تَكۡتُبُوهُ صَغِيرًا أَوۡ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِ وَأَقۡوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ وَأَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَرۡتَابُوٓاْ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ فَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَلَّا تَكۡتُبُوهَاۗ وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٞ وَلَا شَهِيدٞۚ وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقُۢ بِكُمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٨٢﴾ ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەندێکتان قەرزتاندا بە هەندێکی ترتان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بینوسنەوە ، با نوسەرێك لە نێوانتاندا بە دادگەری گرێبەستەکە بنوسێتەوە ، ئەگەر نوسەرێك داوای لێکرا با ڕەتی نەکاتەوە وئەو گرێبەستە بەو شێوەیە بنوسێتەوە کە خودا فێری کردووە ، وئەو کەسەی قەرزارە قەرزەکەی سەری بە نوسەرەکە بڵێت بۆ ئەوەی بینوسێتەوە ولە خودا بترسێت وهیچ لەو مافەی کە لەسەریەتی کەم نەکاتەوە ، ووەکو خۆی دانی پێدابنێت ، ئەگەر قەرزارەکە گێل وگەمژە بوو یان عەقڵی لاواز ومندالّ بوو یان نەیتوانی باسی قەرزەکە بکات لەبەر ئەوەی لاڵە یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر ئەوا با کەسوکارەکەی دادگەرانە دان بە قەرزەکەدا بنێن ، ودوو لە پیاوانی موسڵمان بکەن بە شاهید بەسەر گرێبەستەکەوە خۆ ئەگەر دوو پیاو بەردەست نەبوو ئەوا با پیاوێك ودوو ئافرەت بە شاهیدبن لەو موسڵمانانەی کە لێیان ڕازین بن بە شاهید ، دوو ئافرەتەکە با پێکەوەبن بۆ ئەوەی یەکێکیان بیری چوویەوە ئەویتریان بیری بخاتەوە ، وشاهیدەکان ئەگەر بانگکران بۆ شاهیدیدان با ڕەددی نەکەنەوە بڕۆن شاهیدی بە حەق بدەن ، وبێزارمەبن لە

نوسینەوەی قەرزەکان ئەگەر بڕەکەی زۆربێت یان کەم وئەوکاتەی لەسەری ڕێککەوتوون بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکە تێیدا دیاری بکەن ، ئەو نوسینە لای خودا پەسەندتر ودادگەرانەترە وباشترە بۆ شاهیدەکان ودەبێتە هۆکاری دوورخستنەوەتان لە گومان ، مەگەر بازرگانییەك بێت بە نەختێنە کڕین وفرۆشتنی ئەنجام بدرێت ئەو کات ئاساییە وتاوانتان ناگات ئەگەر نەینوسنەوە ، بەڵام شاهید بگرن ئەگەر کڕین وفرۆشتنتان کرد ، ونابێت زیان بگەیەندرێت بە نوسەر وشاهیدەکان بەوەی کاتێك بانگ بکرێن سەرقاڵ بن یان بێزار بکرێن یان ماندوو بکرێن وگەشتیان پێ بکرێت ، ئەگەر زیانتان پێگەیاندن ئەوە لاتانداوە لەوەی فەرمانتان پێکراوە وتاوانە وسەرپێچی فەرمانی خوداتان کردووە ، وپارێزکاربن ولە خودا بترسن ، وخودا فێرتان دەکات ئەوەی پێویستانە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانتان ، وخودا بە هەموو شتێك زانایە .

ئەم ئایەتە پێی دەگوترێت ئایەتی قەرز ودرێژترین ئایەتە لە قورئانی پیرۆز ، وزانایان سودی زۆریان لەم ئایەتە دەرهێناوە بە کەڵك وەرگرتن لە دەقی ئایەتەکە ، ئیبن عثیمین پەنجا وحەوت سود وسەعدی پەنجا سودی لێوەرگرتووە ، هاتنی ئەم ئایەتە ڕاستەوخۆ دوای باسی سوو ڕێنمایی ئەوەی تێدایە بۆ موسڵمانان کە هاوکاری یەکتر بکەن بە قەرز پێدان وچاوەڕوانی پاداشتی خودا بکەن ، نەوەك پێداویستی هەژاران ودەستکورتەکان بقۆزنەوە وسوویان لێوەربگرن لەبری ئەوەی بڕێك پارەیان بەقەرز دەدەنێ ، ئیبن کثیر دەڵێت : ئەبوسەعید وشەعبی ورەبیعی کوڕی ئەنەس وحەسەنی بەصری وئیبن جورەیج وئیبن زەید وجگە لەوانیش دەڵێن : نوسینی قەرز پێویست بووە پاشان نەسخ کراوەتەوە بەوەی کە دەفەرموێت : ﴿فَإِنۡ أَمِنَ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا فَلۡيُؤَدِّ ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ﴾ ، بەڵام ئیبن عثیمین دەڵێت : زۆربەی زانایان دەڵێن ئەم ئایەتە نەسخی ئەوەی پێشی کردووەتەوە :

کاتێك دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُ﴾ ، و﴿وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ﴾ ، و﴿وَإِن كُنتُمۡ عَلَىٰ سَفَرٖ وَلَمۡ تَجِدُواْ كَاتِبٗا فَرِهَٰنٞ مَّقۡبُوضَةٞۖ﴾ ، بەڵام بۆچوونی دروست ئەوەیە کە نەسخ نەکراوەتەوە بەڵکو تایبەتی کردووە ، کەواتە سوننەتە گرێبەستی قەرزدان شاهیدی لەسەر بگیرێت ، چونکە ئەبوداود والنسائی لە عەمارەی کوڕی خوزەیمەی ئەنصارییەوە ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : مامم کە هاوەڵی پێغەمبەری خودا بوو ﷺ بۆی گێڕامەوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ ئەسپێکی لە پیاوێکی دەشتەکی کڕیوە بە قەرز وشاهیدی نەبووە ؛ وئیبن مردویە والحاکم لە ئەبو موساوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ کەس هەیە نزا دەکەن ولە خودا دەپاڕێنەوە بەڵام وەڵامیان نادرێتەوە : پیاوێك ژنێکی هەبێت خووڕەوشتی جوان نەبێت وتەڵاقی نەدات ، وپیاوێك سامانی هەتیوی لابێت بۆی بگەڕێنێتەوە پێش ئەوەی باڵغ ببێت ، وپیاوێك سامانێك بە قەرز بدات بە پیاوێك وشاهیدی لەسەر نەگرێت ؛ ودەبێت دوو پیاو بکرێن بە شاهید بەڵام ئەگەر دوو پیاو ئامادە نەبوون دەتوانرێت پیاوێك ودوو ئافرەت بکرێن بە شاهید ، وبە شاهیدێك وسوێندی خاوەن قەرزیش قەرز لەسەر قەرزار جێگیر دەکرێت ، ئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ حوکمی داوە بۆ سکاڵاکار بە شاهیدێك وسوێندی خاوەنەکەی لە سامانەکاندا ؛ وشاهید گرتن لەسەر کڕین وفرۆشتن جمهوری زانایان بە سوننەتیان داناوە لەبەر ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ﴾ ، الشافعی والحاکم والبیهقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : گەواهی دەدەم ئەو گرێبەستەی کە دەکرێت بۆ فرۆشتنی شتێك کە لە ئەستۆی مرۆڤە بە قەرز بۆ ماوەیەکی


الجزء الثالث سورة البقرة

* وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ ۖ
فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ
ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ
ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾ لِّلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ
يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ
مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ
وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟
سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ
ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ
رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ
عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا
وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا
وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾

٤٩

دیاری کراو (بیع السلف) خودا لە کتێبەکەیدا حەلاڵی کردووە وڕێگای پێداوە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە :

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَٱكْتُبُوهُ ۚ﴾ .

﴿وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ ۖ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨٣﴾﴾ بەڵام ئەگەر لەسەفەردا بوون ونوسەرێکتان دەست نەکەوت گرێبەستەکەتان بۆ تۆمار بکات وبینوسێتەوە ئەوا شتێك بە بارمتە لەو کەسە وەربگرن کە قەرزی دەدەنێ ، وئەگەر متمانەتان بە یەکتر هەبوو وبارمتەتان وەرنەگرت با ئەو کەسەی کە متمانەی پێکراوە وقەرزی کردووە وبارمتەی لێوەرنەگیراوە قەرزەکە لە کاتی خۆیدا بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی ، وپارێزکار بێت ولە خودا بترسێت ، وئەو کەسانەی کە شاهیدن با ئەو گەواهیدانەی کە پێویستە لەسەریان نەیشارنەوە وخۆیانی لێ نەدزنەوە ، هەرکەس گەواهیدانێك کە پێویستە لەسەری بیشارێتەوە ئەوە دڵی خۆی تاوانبارکردووە ، وخودا بە هەموو ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدەن زانایە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە ئەگەر متمانە لە نێوانیاندا هەبوو شاهید ونوسین وبارمتەش لە گرێبەستی قەرزدا نەبێت دروستە ، وئەگەر شتێك بە بارمتە وەرگیرا وفەوتا وتیاچوو قەرزدەرەکە پێویست نییە لەسەری بیبژێرێت ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمی وستەمەوە تیانەچوو بێت ، چونکە خودا بە ئەمانەت ناوی بردووە ، القرطبی دەڵێت : جمهوری زانایان دەڵێن : بارمتە وەرگرتن لە سەفەردا بە دەقی قورئان سەلماوە ، ولە شار وشوێنی نیشتەجێ بوونیش جێگیر بووە بە سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ خۆراکی کڕی لە جوولەکەیەك بە قەرز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، وقەڵغانەکەی کە لە ئاسن دروست کرا بوو بە بارمتە لای دانا ؛ الدارقطنی لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بژاردن لەسەر ئەو کەسە نییە کە ئەمانەتی لا دادەنرێت ؛ وئایا مەرجە بارمتە وەربگیرێت ؟ ئیبن عثیمین دەڵێت : لەم پرسەدا سێ بۆچوون هەیە : یەکەم : وەرگرتنی بارمتەکە مەرجە ، دووەم : وەرگرتنی بارمتەکە مەرجە بۆ بەردەوام بوونی نەوەك دروستێتی گرێبەستەکە ، سێیەم : وەرگرتنی بارمتەکە مەرج نییە بۆ دروستێتی گرێبەستەکە وبەردەوام بوونیشی ، بەڵکو ئەوەی خودا لێرە باسی کردووە لەبەر ئەوەیە بڕوا ومتمانەی تەواو دەستەبەر نابێت ئەگەر بە وەرگرتنی بارمتەکە نەبێت ، چونکە هەردوو لایەنی گرێبەستەکە لە سەفەردان ، ونوسەر بەردەست نییە ، ئەمەش بۆچوونی پەسەندە ، لەسەر ئەم بۆچوونە دەبینی خەڵك خانووەکەی کردووەتە بارمتە بەڵام نیشتەجێیە تیایدا ، وئۆتۆمبیلەکەی کردووەتە بارمتە وبەکاری دەهێنێ ، وئیشوکاری خەڵك بەڕێوە ناچێت بەو شێوەیە نەبێت .

﴿لِّلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِن تُبۡدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ أَوۡ تُخۡفُوهُ يُحَاسِبۡكُم بِهِ ٱللَّهُۖ فَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ٢٨٤﴾ مولکی خودایە هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە ، هەرشتێك لە دەروونتاندایە ئاشکرای بکەن یان بیشارنەوە خودا لێ پرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات لەسەری ، لە هەرکەسێك خۆش دەبێت کە بیەوێت وسزای هەرکەسێك دەدات کە بیەوێت ، وخودا ﷻ بەسەر هەموو شتێکدا بالادەست وبە توانایە .

مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك خودای پەروەردگار ئەم ئایەتەی : ﴿لِّلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَإِن تُبۡدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ أَوۡ تُخۡفُوهُ يُحَاسِبۡكُم بِهِ ٱللَّهُۖ فَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۗ﴾ دابەزاندە سەر پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هاوەڵان زۆر قورس بوو لەسەریان ، وهاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، لەسەر ئەژنۆیان دانیشتن ووتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەی داوامان لێکراوە ولە تواناماندایە لە نوێژ ورۆژوو وجیهاد وبەخشین ئەنجامی دەدەین ، بەڵام ئەو ئایەتە کە دابەزیوە لە تواناماندا نییە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دەتانەوێت وەك خاوەن دوو کتێبەکەی پێش خۆتان بڵێن : بیستمان وسەرپێچی دەکەین ؟! ، بەڵکو بڵێن : ﴿سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ کاتێك خوێندیانەوە ملکەچ بوون ، دوای ئەوە خودا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨٥﴾ کاتێك ئەوەی فەرمانیان پێکرابوو ئەنجامیاندا ، خودای

پەروەردگار ئەوەی نەسخ کردەوە وئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَاۚ﴾ ؛ والطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما رِیوایەتیان کردووە دەڵێت : باسیان بۆ کردووە کە ئیبن عومەر رضي الله عنهما ئەم ئایەتەی خوێندووەتەوە : ﴿وَإِن تُبْدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُۖ﴾ ، گریاوە ، پاشان وتوویەتی : سوێند بە خودا ئەگەر خودا لەسەر ئەم ئایەتە لێپرسینەوەی بکردایە ، تیادەچووین ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : بە رِەحمەت بێت باوکی عبدالرحمن ، کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی موسڵمانان هەمان هەستی ئەویان لا دروست بوو ، وئەوەیان باس کرد بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْۗ﴾ .

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ٢٨٥﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ باوەڕی هێناوە بەوەی لە پەروەردگارییەوە بۆی دابەزیوە ، وهەروەها باوەڕدارانیش باوەڕیان هێناوە ، هەموویان باوەڕیان بە خودا وفریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەران هێناوە ، وجیاوازی ناکەین لە نێوان هیچکام لە پێغەمبەرانی خودا ، ووتیان : بیستمان وگوێڕایەڵین ، پەروەردگارمان داوای لێخۆش بوون وپۆشینی تاوانەکانمان دەکەین وسەرئەنجام بۆ لای تۆ دەگەڕێینەوە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موسڵمانان رِێزی هەموو پێغەمبەرانی خودا دەگرن وباوەڕیان بە هەموویان هەیە کە لە لایەن خوداوە رِەوانە کراون ، بەڵام وەك پێشتر باسکرا جیاوازی نەکردن لە نێوانیان پێچەوانەی بەرزی پلەوپایەی هەندێکیان نییە زیاتر

لەوانی تر لە لای پەروەردگار ، وپێغەمبەری خودا محمد ﷺ سەرداری هەموو پێغەمبەران ونەوەکانی ئادەمە عليه السلام .

﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾﴾ خودا سبحانه وتعالى ئەرك ناخاتە سەر شانی هیچ کەس بەدەر لە توانای ، هەر کردەوەیەکی باش ئەنجام بدات پاداشتەکەی وەردەگرێتەوە ، وباجی هەر تاوانێکیش دەدات کە ئەنجامی دابێت ، پەروەردگارمان ئەگەر فەرمانێکی تۆمان بیرچوو یان کەوتینە هەڵەوە بەبێ مەبەست لێمان مەگرە ، وپەروەردگارمان ئەرکی زۆر قورس مەخە سەرشانمان وەك چۆن خستبووتە سەر شانی ئومەتانی پێش ئێمە ، وپەروەردگارمان ئەرك مەخە سەرشانمان کە دەرەقەتی نەیەین ولە توانامانداە نەبێت ، ولێمان ببورە وتاوانەکانمان بپۆشە ولێمان خۆشبە ورەحمان پێبکە ، تۆ دۆست وپشتیوانمانی ، بەسەر گەلی بێباوەڕاندا سەرمان بخە .

ئومەتانی پێش ئومەتی ئیسلام کۆمەڵە کۆت وبەندێکی قورسیان لەسەر دانرابوو ، ئەگەر میز بەر جلەکانیان بکەوتایە دەبوو بە مەقەست بیبڕن وبە ئاو پاك نەدەبوویەوە ، خودای پەروەردگار ئەو قورسییانەی لەسەر ئەم ئومەتە هەڵگرت ، مسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : دوای پاڕانەوەکانی ئەم ئایەتە خودا فەرموویەتی : وەڵاممدانەوە وئەوەی داواتان کرد بۆتان فەراهەم بوو ؛ ئەم دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی (البقرە) چەندان فەرموودە هاتووە دەربارەی فەزڵ وگەورەییان ، لەوانە : مسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە

دەڵێت : لە کاتێکدا کە جبریل عليه السلام لای پێغەمبەری خودا ﷺ دانیشتبوو ، دەنگی جووڵەی شتێکی بیست ، فەرمووی : ئەمە دەرگایەکە لە ئاسمان ئەمڕۆ کرایەوە هەرگیز پێش ئەمڕۆ نەکراوەتەوە ، فریشتەیەکی لێوە دابەزی ، فەرمووی : ئەم فریشتەیە کە ئەمڕۆ دابەزیوەتە سەر زەوی هیچکات دانەبەزیوە ئەمڕۆ نەبێت ، سەلامی کرد ، وفەرمووی : مژدە بێت بە دوو ڕووناکی کە پێت بەخشرا بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش تۆ نەبەخشراوە : سورەتی (فاتیحە) وکۆتا ئایەتەکانی سورەتی (البقرە) ، هیچ پیتێك ناخوێنیت لەو دووانە ئیللا هەرچی پاڕانەوەیان تێدایە پێت دەبەخشرێت ؛ وبوخاری ومسلم لە ئەبو مەسعودی بەدرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوو ئایەتەکەی کۆتایی سورەتی (البقرە) هەرکەس لە شەودا بیخوێنێت بەسییەتی ؛ والترمذی لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودای پەروەردگار نوسراوێکی نوسی پێش ئەوەی ئاسمانەکان وزەوی دروست بکات بە دوو هەزار ساڵ ، دوو ئایەتی لێوە دابەزاندووە ئەو دوو ئایەتەیە کە کۆتایی سورەتی (البقرە)ی پێهێناوە ، وبخوێندرێنەوە لە هەر ماڵێکدا سێ شەو شەیتان نزیکی ئەو ماڵە نابێتەوە ؛ حاکم والطبرانی لە ئەبوذەری الغفارییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەم ئایەتانەی کۆتایی سورەتی (البقرە) لە گەنجینەیەکەوە پێم بەخشراوە لە ژێر عەرشەوە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش من نەبەخشراوە .



﴿سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ﴾

سورەتی (آل عمران) سێیەم درێژترین سورەتی قورئانە لە دوای سورەتەکانی البقرە والنساء ، وسورەتێکی مەدەنییە وژمارەی ئایەتەکانی دوو سەد ئایەتە ، القرطبی دەڵێت : زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم سورەتە مەدەنییە ، وبەڵگەش لەسەر ئەوە سەرەتای سورەتەکە هەتاکو ئایەتی هەشتا وسێ دەربارەی شاندی نەجران دابەزیوە کە گاور بوون ، ولە ساڵی نۆی کۆچیدا هاتوون بۆ مەدینە ، ولەبەر ئەوەی باسی خێزانی عیمران دەکات کە عیمران باوکی مەریەمی دایکی پێغەمبەر عیسایە عليه السلام ئەو ناوەی لێنراوە ، مسلم لە ئەبوئومامەی الباهلییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : قورئان بخوێنن چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت شەفاعەت وتکا دەکات بۆ هاوەڵەکانی کە لە دونیا خوێندویانەتەوە ، ودوو ڕووناکییەکە بخوێننەوە سورەتی (البقرە وآل عمران) ، چونکە ئەو دوو سورەتە لە ڕۆژی قیامەتدا دێن وەك دوو پەڵە هەور سێبەر بەسەر هاوەڵەکانیانەوە دروست دەکەن ، یان وەك دوو پۆلە باڵندە کە باڵەکانیان درێژ کردبێتەوە وبەرگری لە ئەو کەسانە دەکەن کە ئەو دوو سورەتەیان لە دونیا خوێندووە .

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ناوی خودای میهرەبانی بە بەزەیی ، لە سورەتی الفاتحە بە درێژی باسی ئەحکامەکانی کرا .

﴿الٓمٓ ١﴾ بە (أَلِفْ ، لامْ ، مِيمْ) دەخوێندرێتەوە ، بە درێژی بۆچوونی زانایانم لەسەر لێکدانەوەی ئەم پیتانە باسکرد لە سەرەتای سورەتی (البقرە) .

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ٢﴾ خودایە کە هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە ئەو ، هەمیشە زیندووە وکار بەڕێوەبەری هەموو دروست کراوەکانییەتی .

ئەبوداود وئیبن ماجە لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ناوی گەورەی خودا لەم دوو ئایەتەدایە : ﴿وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٣﴾(البَقَرَة) ، وسەرەتای سورەتی (آلِ عِمْرَان) کە دەفەرموێت : ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ٢﴾ ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : کۆکردنەوەی ئەم دوو ناوە پیرۆزە پێکەوە : ﴿ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ﴾ هەموو سیفەت وکردارە کاملەکانی خودا سبحانه وتعالى دەگرێتەوە ، ﴿ٱلۡحَيُّ﴾ کاملی سیفاتەکانە ، ﴿ٱلۡقَيُّومُ﴾ کاملی کردارەکانە ، وهەردووکیان پێکەوە کاملی زاتی پەروەردگار دەگەیەنن ، خودا خاوەنی سیفات وکردار وخودی کامڵ وتەواوە .

﴿نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ٣﴾ قورئانمان بەسەردا دابەزاندووی بە حەق وڕاستی ، کە کتێبە پێشینەکانی دەسەلمێنێت وپشتڕاستیان دەکاتەوە ، وخودایە کە دابەزێنەری تەورات وئینجیلیشە .

ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە کە قورئان وتەورات وئینجیل خودا دایبەزاندوون ، ودابەزاندن لە شوێنی بەرزەوە دەبێت بۆ شوێنێکی نزم ، ئەمەش بەڵگەیە کە خودا لە سەر عەرشە ولە هەموو شوێنێك نییە بەڵام زانست ودەسەڵاتی لە هەموو شوێنێکە ، ئەمەش وەڵامە بۆ هەموو ئەو تاقمە گومڕایانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن خودا لە هەموو شوێنێکە ، تەورات بۆ پێغەمبەر موسا عليه السلام وئینجیل بۆ پێغەمبەر عیسا عليه السلام دابەزیوە ، وئەو دوو وشەیە کراون بە عەرەبی ، القرطبی دەڵێت : جمهوری زانایان دەڵێن : تەورات مانای ڕووناکییە ، وئینجیل مانای بنەڕەت وبنەمایە ، وزۆربەی زانایان دەڵێن : تەورات وئینجیل هەمووی پێکەوە بە یەکجار خودا سبحانه وتعالى دایبەزاندوون ، بەڵام قورئان بەش بەش بە گوێرەی ڕووداوەکان لە ماوەی بیست وسێ ساڵی تەمەنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم دابەزیوە ، ئەمەش لە ڕەحمەتی خودایە بۆ ئەم ئومەتە ، چونکە ئەگەر هەمووی پێکەوە بووایە پێویستی دەکرد لەسەر موسڵمانان پێکەوە کردار بە هەمووی بکەن بەڵام هەندێك حوکمی بە پلە پلە حەرام کراوە یان پێویست کراوە .

﴿مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ٤﴾ لە پێش قورئان تەورات وئینجیلمان دابەزاند کە ڕێنمایی وهیدایەت بوون بۆ خەڵك لە سەردەمی خۆیان ، وقورئان کە جیاکەرەوەی حەق وڕاستییە لە پووچەڵ ونارەوا ، وهیدایەت لە گومڕایی دابەزاندووە ، بێگومان ئەوانەی باوەڕیان نییە بە ئایەتەکانی خودا سزایەکی زۆر قورس وسەخت دەچێژن ، خودا جل جلاله بالادەستی بە توانا وتۆڵەسێنە لەو کەسانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی نییە .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٥﴾ بێگومان خودا هیچی لێ شاراوە نییە لە زەوی ونە لە ئاسمان .

ئەم ئایەتە سەرنجی موسڵمانان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە خودا هیچی لا پەنهان وشاراوە نییە ، بۆیە دەبێت کردەوەی ئاشکرا وپەنهان بە دڵسۆزییەوە لەبەر خودا ئەنجام بدرێت ، وترسی خودا لایان لە هەموو حاڵێکدا وەك یەك بێت .

﴿هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٦﴾ تەنها خودایە وێنە ونیگارتان دەکێشێت چۆن بیەوێت لە نێو ڕەحمەکاندا ، هیچ پەرستراوێکی حەق نییە جگە لە خودا کە باڵادەستی بە دەسەڵات ودانای کار لە جێیە .

ئیبن ئەبوحاتەم والطبری لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ﴾ مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە خودایە دروستتان دەکات بە نێر یان مێ ، سور یان سپی یان ڕەش ، کامڵ وتەواو یان شێواو وناتەواو ، وئیبن کثیر دەڵێت : ئەم ئایەتە ئاماژە بەڵکو ڕاشکاوانە ئەوەی تێدایە کە عیسای کوڕی مەریەم عليه السلام دروست کراوە ، وەك چۆن خودا هەموو مرۆڤەکانی تری دروست کردووە ، چونکە خودا وێنەی کێشاوە لە ڕەحمی دایکیدا ودروستی کردووە چۆن ویستوویەتی ، ئیدی چۆن ئەوە پەرستراوە وخودایە ؟! وەك گاورەکان بانگەشەی دەکەن .

﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ

تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧﴾ ئەوە خودایە کە قورئانی بەسەردا دابەزاندوویت کە ئایەتی موحکەم وڕوون وئاشکرای تێدایە کە بنەمای قورئانن ، وهەندێك ئایەتی تری تێدایە ماناکانی لێکچووە وڕوون وئاشکرا نییە وچەند لێکدانەوەیەك هەڵدەگرن ، ئەو کەسانەی دڵیان نەخۆشە ولایانداوە لە ڕێگای ڕاست شوێن ئایەتە مانا لێکچووەکان دەکەون بۆ ئەوەی خەڵك گومڕا وچەواشە بکەن وئاشوب بنێنەوە ولێکدانەوەی هەڵە بۆ ماناکانی بکەن ، وکەس مانای ئەو ئایەتانە نازانێت خودا نەبێت ، وئەوانەی کە ڕۆچوون لە زانستدا ودامەزراون دەڵێن : باوەڕمان هەیە کە هەمووی لە پەروەردگارمانەوە دابەزیوە ، وتەنها ئەو کەسانە بیر دەکەنەوە وتێدەفکرن کە ژیرن وخاوەن هۆش وبیرن .

ئیبن کثیر دەڵێت : قورئان ئایەتی موحکەمی تێدایە کە بنەمای قورئانن وماناکانی ڕوون وئاشکران ، وهیچ شاراوەییەك نییە لە ماناکەی لای خەڵك ، وئایەتی تری تێدایە موتەشابهن ماناکانی لێکچووە وڕوون نییە لای زۆربەی خەڵك یان هەندێکیان ، ئەو کەسەی بۆ تێگەیشتن لە مانای ئایەتە لێکچووەکان گەڕایەوە بۆ لای مانای ئایەتە ڕوونەکان ، وحوکمی ئایەتە موحکەمەکانی دایەسەر ئایەتە مانا لێکچووەکان ئەوە هیدایەتی وەرگرتووە ، بەڵام هەرکەس پێچەوانەی بکاتەوە گومڕا دەبێت ، ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ﴾ ڕاڤەکارانی قورئان دوو بۆچوونیان هەیە لە لێکدانەوەیدا ، هەندێکیان دەڵێن : ئایەتە موتەشابهەکان کەس مانای نازانێت خودا نەبێت ، الطبری ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە ، وهەندێکیان دەڵێن : ئەو ئایەتە موتەشابهانە تەنها خودا مانای دەزانێت وئەو زانایانەش کە ڕۆچوون لە زانستدا ودامەزراون ماناکانیان

دەزانن ، ئیبن کثیر دەڵێت : ئیبن عەباس رضی الله عنهما وتی : من لەو کەسانەم کە ڕۆچووم لە زانستدا ولێکدانەوەی ئەو ئایەتانە دەزانم ، وئیبن ئەبونەجیح لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ئەو کەسانەی کە ڕۆچوون لە زانستدا لێکدانەوەی ئەو ئایەتانە دەزانن ودەڵێن : باوەڕمان پێیان هەیە ، ورەبیعی کوڕی ئەنەسیش هەروا دەڵێت ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضی الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾﴾ ، وفەرمووی : ئەگەر کەسانێکت بینی شوێن ئایەتە مانا لێکچووە نادیارەکان دەکەوتن ئەوانە ئەو کەسانەن کە خودا ناوی هێناون ومەبەستییەتی ، وریایان بە ؛ وئەحمەد لە عبداللەی کوڕی عەمرەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : من وبراکەم لە کۆڕێك دانیشتین حەزناکەم ئەو کۆڕە بگۆڕمەوە بە باشترین جۆری حوشتر کە حوشتری سورە ، ڕۆیشتین بینیمان کۆمەڵێك لە هاوەڵە بەتەمەنەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ لەبەر دەرگایەك لە دەرگاکانی دانیشتوون ، پێمان ناخۆشبوو لێکیان جیابکەینەوە ، لەسەر بەردێك دانیشتین ، باسی ئایەتێکی قورئانیان کرد ، بووە ناکۆکیان لەسەر ماناکەی هەتاکو دەنگیان بەرز بوویەوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ لە ماڵ دەرچوو تورە بوو ڕوخساری سورهەڵگەڕا بوو ، بە مشتی خۆڵی تێ دەگرتن ، ودەیفەرموو : خزمینە هێوربن ، بەم ناکۆکییە ئومەتەکانی پێش ئێوە فەوتان وتیاچوون کە ناکۆك بوون لەسەر پێغەمبەرەکەیان ، وهەندێك مانای کتێبەکانیان دژ بە هەندێکی تر لێکدایەوە ، بێگومان قورئان دانەبەزیوە بۆ

ئەوەی هەندێکی هێندەکەی تری بە درۆ بخاتەوە ، بەڵکو هەندێکی ئەو هێندەکەی تر پشت ڕاست دەکاتەوە ودەیسەلمێنێت ، ئەوەی کە زانیتان لە قورئان ئیشی پێبکەن ، وئەوەش کە ماناکەیتان نەزانی بیگەڕێننەوە بۆ لای ئەو کەسەی کە زانایە بە لێکدانەوەی ماناکەی ؛ وئەحمەد لە ئەبوئومامەی الباهلییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی ئەم ئایەتە : ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ﴾ فەرمووی : ئەوانە خەوارجەکانن ، ئیبن کثیر دەڵێت : ئەم فەرموودەیە لایەنیکەم وتەی ئەو هاوەڵەیە وماناکەی ڕاستە ، چونکە یەکەم بیدعە کە سەری هەڵدا لە ئیسلامدا فیتنەی خەوارج بوو ، وسەرەتاکەیان بە هۆکاری دونیاوە بوو کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ دەستکەوتەکانی شەڕی حونەینی دابەش کرد ، بە عەقڵی کورتی خراپیان وایان بینی کە بە دادگەرانە دابەشی نەکردووە .

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ٨﴾

زانا ڕۆچووە دامەزراوەکان پاڕانەوە ووتیان : پەروەردگارمان دڵمان لاڕێ وگومڕا مەکە دوای ئەوەی کە هیدایەتتداوین ، ولە لایەن خۆتەوە ڕەحمەت وبەزەییمان پێ ببەخشە ، بێگومان تۆ زۆر بەخشندەیت .

الترمذی لە شەهری کوڕی حەوشەبەوە ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : بە ئوم سەلەمەم ﵂ وت : ئەی دایکی باوەڕداران کام نزا وپاڕانەوە پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر لە خودا پێی دەپاڕایەوە کاتێك لەگەڵ تۆدا بوایە ؟ وتی : زۆربەی پاڕانەوەکەی ئەوە بوو دەیفەرموو : ئەی ئەو کەسەی کە دڵەکان وەردەگێڕیت دڵم جێگیر بکە لەسەر ئاینەکەت ، دەڵێت ، پێم وت : ئەوە چییە ئەوەندە دەپاڕێیتەوە

وەدڵێیت : ئەی ئەو کەسەی کە دڵەکان وەردەگێڕیت دڵم جێگیر بکە لەسەر ئاینەکەت ؟ فەرمووی : ئەی ئوم سەلەمە هیچ مرۆڤێك نییە ئیللا دڵی لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی پەروەردگاردایە ، کێ ویستی لەسەربێت دڵی دادەمەزرێنێت ، وکێی بوێت دڵی لادەدات وگومڕای دەکات ، ئیبن ئەبوحاتەم والطبری لە ئوم سەلەمەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا﴾ .

﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ٩﴾ پەروەردگارمان بێگومان تۆ خەڵك کۆ دەکەیتەوە بۆ ڕۆژێك کە هاتنی ئەو ڕۆژە گومانی تێدا نییە کە ڕۆژی قیامەتە ، بێگومان خودا بەڵێنەکانی ناشکێنێت وبەجێیان دەهێنێت .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ وَقُودُ ٱلنَّارِ ١٠﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕن سامان ومنداڵەکانیان لای خودا هیچ سودیان پێناگەیەنێت ولە سزای خودا ڕزگاریان ناکات ، ئەو کەسانە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخن .

﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ١١﴾ خوو وداب ونەریتی ئەو بێباوەڕانە وەك خوو وداب ونەریتی شوێنکەوتە ودار ودەستەکەی فیرعەون وئەوانەی پێش ئەوانە ، ئایەتەکانی خودایان بە درۆ دانا ، خودا سبحانه وتعالى بە هۆی تاوانەکانیانەوە گرفتاری کردن ولە ناوی بردن ، وخودا سزای زۆر بە ئێش وئازارە .


الجزء الثالث سورة آل عمران

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم
مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمْ وَقُودُ ٱلنَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأْبِ ءَالِ
فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ
بِذُنُوبِهِمْۗ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١١﴾ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ
سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾
قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِي فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَاۖ فِئَةٌ تُقَٰتِلُ فِي
سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْيَ
ٱلْعَيْنِۚ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ
لَعِبْرَةً لِّأُوْلِي ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿١٣﴾ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ
مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ
وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِۗ ذَٰلِكَ
مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾ ۞ قُلْ
أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ عِندَ رَبِّهِمْ
جَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَٰجٌ
مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿١٥﴾

الحزب ٦

٥١

ئایەتەکانی خودا ﷻ دوو جۆرن : ئایەتە شەرعییەکان کە بریتین لە وەحی کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەرانی خودا ، وئایەتە گەردوونییەکان ، کەمن ئەو کەسانەی کە بێباوەڕن وبڕوایان بە بوونی خودا نییە ودەڵێن : بوونەوەر بە ڕێکەوت دروست بووە ، کەواتە : زۆربەی کوفر وبێباوەڕی خەڵك بێباوەڕییانە بەو شەریعەتانەی کە خودا بۆ ڕێکخستنی ژیانی دونیا وبەدەستهێنانی سەرفرازی دوارۆژ ناردوویەتی .

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَۖ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بە بێباوەڕان بڵێ : دەدۆڕێن وشکست دەهێنن وڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن ، ئەمە ئەو سەرئەنجامەیە بۆ خۆیان دەستەبەریان کردووە کە خراپترین لانکە وسەرئەنجامە .

الطبری والبیهقی لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئیبن حەجەر بە حەسەنی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك لە بەدر بێباوەڕانی قورەیشی تووشی شکست کرد وگەڕایەوە بۆ مەدینە جوولەکەکانی لە بازاڕی "بنوقینقاع" کۆ کردەوە وپێی فەرموون : ئەی گرۆهی جوولەکە موسڵمان بن پێش ئەوەی تووشی ئەو چارەنووسەبن کە

تووشی قورەیش بوو ، وتیان : ئەی محمد لە خۆت بایی مەبە بەوەی کە چەند کەسێکت لە قورەیش کوشتووە ، ئەوانە چەند کەسێکی ناشارەزا بوون لە جەنگ ، سوێند بە خودا ئەگەر لەگەڵ ئێمە بجەنگیت دەزانیت ئێمە پیاوی ئەو مەیدانەین وڕووبەڕووی هاوشێوەی کەسانی وەك ئێمە نەبوویتەوە ، خودا ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغۡلَبُونَ﴾ هەتاکو ﴿لِّأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ١٣﴾ .

﴿قَدۡ كَانَ لَكُمۡ ءَايَةٞ فِي فِئَتَيۡنِ ٱلۡتَقَتَاۖ فِئَةٞ تُقَٰتِلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخۡرَىٰ كَافِرَةٞ يَرَوۡنَهُم مِّثۡلَيۡهِمۡ رَأۡيَ ٱلۡعَيۡنِۚ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبۡرَةٗ لِّأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ١٣﴾ ئەوەی لە شەڕی بەدر ڕوویدا ودوو کۆمەڵ بەیەکیاندادا ئامۆژگاری وبەڵگەیە بۆ ئێوە ، کۆمەڵێکیان دەجەنگان لە پێناوی ڕێگای خودا ، وکۆمەڵەکەی تریان بێباوەڕ بوون ، بە چاو وایان دەبینی ژمارەیان دوو هێندەی موسڵمانانە ، خودا پاڵپشتی هەرکەس دەکات کە بیەوێت سەریبخات ، بێگومان لەوەدا پەند وئامۆژگاری هەیە بۆ ئەو کەسانەی تێڕادەمێنن وژیرن .

ئەم ئایەتە سەرنج ڕاکێشانی جوولەکەکانە کە شانازییان بە خۆیان دەکرد ودەیانگوت محمد نابێت حیسابی عەرەبە قورەیشییەکان بۆ ئێمە بکات ، ئەوان کۆمەڵێك نەفام وناشارەزا بوون لە هونەری جەنگ ، بێ ئاگا لەوەی کە خودا سەرخەر وپشت وپەنای موسڵمانانە ، شەوکانی دەڵێت : جمهوری زانایان بۆچوونیان وایە کە موسڵمانان هاوبەش بڕیاردەرانیان دوو هێندەی ئەو ژمارە بینی کە لە واقعدا هەبوون ، ئەوەش دووەە کە خودا ژمارەی هاوبەش بڕیاردەران زیاتر بهێنێتە پێش چاوی باوەڕداران ، لە کاتێکدا خودا

هەواڵی پێداوین کە کەمی کردنەوە لە پێش چاوی موسڵمانان ، بەوەش مانای ئەوەیە ئەی موسڵمانان ئێوە بێباوەڕان دوو هێندەی خۆتان دەبینن ، بەڵام لە ڕاستیدا سێ هێندەی ئێوە بوون ، خودا هاوبەش بڕیاردەرانی کەم کردەوە لە پێش چاوی موسڵمانان بە دوو هێندەی ژمارەی خۆیان پیشانیدان بۆ ئەوەی دەروونیان بە هێز بکات ، ئەوە لە کاتێکدا دەیانزانی کە سەد باوەڕدار سەردەکەوێت بەسەر دوو سەد بێباوەڕدا ، ودەشێت ئەو ڕاناوەی کە لە وشەی : ﴿مِّثۡلَيۡهِمۡ﴾ بۆ موسڵمانان بێت ، واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە خۆتان وادەبینن کە دوو هێندەی ئەو ژمارەیەن کە لە واقعدا هەن بۆ ئەوەی دەروونتان بەهێزبێت .

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤﴾ ڕازێنراوەتەوە بۆ خەڵك خۆشویستنی ئارەزووەکان لە ئافرەت ومنداڵی کوڕ وکۆکردنەوەی سامانی زۆر لە زێڕ وزیو وماینی نەخشێنراو کە لە دەشت دەلەوەڕێت وحوشتر ومانگا ومەڕ وبزن وزەوی وکێڵگەی کشتوکاڵی ، ئەوانەی باسکران خۆشی وجوانییەکانی دونیان ، بەڵام جێگای گەڕانەوە وحەوانەوەی جوان وڕازاوە لای خودایە ﷻ کە بەهەشتە .

خودا ئەو شتانەی ڕازاندووەتەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی ، چونکە ڕازاوە وویسترا و نەبووایە خەڵك هەموو تێکڕا گرنگیان پێ نەدەدان وتاقی نەدەکرانەوە ، بوخاری بە موعەلەقی لە عومەرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پەروەردگار ئێمە ناتوانین پێخۆشحاڵ نەبین ، چونکە بۆت ڕازاندووینەتەوە ، پەروەردگار لێت دەپاڕێمەوە لە کوێ پێویست بوو خەرجی بکەین وبیبەخشین ؛ وخۆشویستنی ئافرەت تەنها لەبەر ڕابواردن

وڕازاوەییان خراپە ، بوخاری ومسلم لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ فیتنە وئاشوبێکم لە دوای خۆم بەجێنەهێشتووە زیانی زیاتر بێ بۆ پیاوان لە فیتنەی ئافرەت ؛ وئەوەی کە پێغەمبەری خودا ئافرەتی خۆشویستووە لەبەر ئارەزوو نەبووە ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ کچێکی نەخواستووە عائیشەی دایکی باوەڕداران رضي الله عنها نەبێت ، ئەگەر مەبەستی ئارەزوو وڕابواردن بووایە دەیتوانی کچی جوان بخوازێت وهیچ ڕێگرییەکیشی نەبوو ، ئەحمەد والنسائی لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە دونیای ئێوە عەتر وبۆنی خۆش وئافرەتم لا خۆشەویست کراوە ، ونوێژکراوەتە بیلبیلەی چاو وهۆکاری دڵ ئارامی وخۆشحاڵیم ؛ وەك داب ونەریتی سەردەمی نەفامی نەبووە کە ڕقیان لە ئافرەتان بووە وزیندەبەچاڵیان دەکردن ، وژن خواستنەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ لەبەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی گرنگ بوون لەوانە : دروستکردنی خزمایەتی زیاتر لەگەڵ هۆز وتیرەکانی عەرەب بۆ گەیاندنی بانگەوازی ئیسلام بە هەموویان ، وبڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی تایبەت بە ئافرەتان ، وگواستنەوەی هەندێك هەڵوێستی تایبەتی خێزانی وهەندێك حوکمی تایبەت بە ئافرەتان لە ڕێگای خێزانەکانییەوە ، ودڵنەوایی کردنی هەندێك لەو ئافرەتانە کە مێردەکانیان وەفاتیان کرد بوو وەك ئوم سەلەمە رضي الله عنها ؛ ومندالڕ بەتایبەت کوڕ ئەگەر بۆ خۆ هەڵنان وشانازی کردن بێت خراپە بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی زیادکردنی ژمارەی ئوممەتی ئیسلام بوو ، یان وەك خێر وچاکەیەکی نەبڕاوە پەروەردە بکرێت کە بۆ دوای مردنیش بە سود بن وخێر ونزا وپاڕانەوە بۆ دایك وباوکیان بکەن ئەوە چاکە ، وسامان کاتێك خراپە کە مرۆڤ تەنها کۆی بکاتەوە ومافی خۆی ومالڕ ومندالڕ وزەکاتی لێ دەرنەکات ، وئەوەی لەسەری

پێویستە بە هۆیەوە لە دەستی بدات وبەجێی نەهێنێت ، بەڵام ئەگەر سامان لە شوێن وجێگەی خۆی خەرجکرا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ موسڵمان ، ئەحمەد وبوخاری لە "الأدب المفرد" والحاکم لە عەمری کوڕی عاصەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووە : چەندە باشە سامانی باش بۆ پیاوی باش ؛ وئەسپ وماین وسوارییەکانی تر کە بۆ فیز ولە خۆبایی بوون بێت خراپە ، بەڵام ئەگەر بۆ تێکۆشان یان سواری وپێداویستی بەکاربێن باشن ، هەروەها هەموو جۆرەکانی تری سامانی دونیا مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێت سود وقازانجی ڕێگا پێدراویان لێ ببینێت ومافی خودا وخەڵکی لێ بەجێبهێنێت وپاداشتی زۆریش بە هۆیانەوە بۆ قیامەتی کۆ بکاتەوە .

﴿قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ١٥﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : ئاگادارتان بکەمەوە لە هەموو ئەوانە باشتر ، بۆ ئەو کەسانەی لە خودا دەترسن وسنورەکانی نابەزێنن وپارێزکارن لای پەروەردگاریان چەندان باخیان بۆ هەیە کە ئاو بە ژێریاندا دەڕوات بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە وئافرەتانی پاکیزە دەکرێتە هاوسەریان،وڕەزامەندی خودا بە دەست دەهێنن،وخودا بینایە وکردەوەی بەندەکانی دەبینێت.

﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ١٦﴾ ئەو کەسانەی کە باوەڕ لە دڵیاندا دامەزراوە وبە زمان دەڵێن : پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە تاوانەکانمان بۆ بپۆشە ولێمان خۆشبە ولە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە .


الْجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ
الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا
وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ
وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾ شَهِدَ ٱللَّهُ
أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمَۢا
بِٱلْقِسْطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلدِّينَ
عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُۗ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ
إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيَۢا بَيْنَهُمْۗ وَمَن يَكْفُرْ
بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَآجُّوكَ
فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْۚ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ ٱهْتَدَواْۖ
وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ
بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ
ٱلنَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ
أَعْمَٰلُهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾
٥٢

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دروستە تەوەسل بکرێت بە باوەڕ وکردەوە باشەکانەوە ، چونکە کە دەفەرموێت : ﴿رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا﴾ پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە لەبەر ئەو باوەڕهێنانەمان تاوانەکانمان بپۆشە ولێمان خۆشبە ، ئین عثیمین دەڵێت : تاوانەکان یان گەورەن یان بچووك ، وهەموویان پێویستیان بە لێخۆشبوونە ، تاوانە بچووکەکان دەسڕێتەوە بە چاکەکاری یان بە تەوبە وپەشیمان بوونەوە ، ئەگەر بە هۆی چاکەکارییەوە بسڕێتەوە ناگۆڕدرێت بۆ چاکە ، بەڵام ئەگەر بە هۆی تەوبەوە بسڕێتەوە دەگۆڕدرێت بۆ چاکە ، وەك دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ﴿١١٤﴾﴾(هُود) ، ودەفەرموێت : ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾﴾(الفُرْقَان) .

﴿ٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْمُنفِقِينَ وَٱلْمُسْتَغْفِرِينَ بِٱلْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾﴾ ئەو باوەڕدارانەی کە ئارامگر وڕاستگۆن وبەردەوامن لەسەر خودا پەرستی وگوێڕایەڵی خودان بە سەرکزی ودڵسۆزییەوە وبەخشندەن ، ولە بەرەبەیاندا داوای لێ خۆشبوون وپۆشینی تاوانەکانیان دەکەن .

ئارامگرتن چەند جۆرێکە : ئارامگرتن لەسەر خودا پەرستی ، وئارامگرتن لەسەر ئەنجام نەدانی تاوان وسەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی خودا ﷻ ، وئارامگرتن لەسەر قەدەرە بە ئێش وئازار ونارەحەتەکان ، وڕاستگۆیی لە قسەکردن بریتییە : لەوەی درۆ نەکات لەگەڵ خەڵکدا ، وڕاستگۆیی بەکردار بریتییە : لە ئەنجام نەدانی کردارێك پێچەوانەی ئەوە بێت کە لە ناخیدایە ئەوەش ڕاستگۆییە لەگەڵ خودا .

﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨﴾ خودا ﷻ گەواهی دەدات کە بێگومان هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خودا ، وفریشتەکان وخاوەن زانستەکانیش ئەو گەواهییە دەدەن ، خودا دادگەرانە ئیشوکاری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبات ، هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خودا کە بالادەست ودانای کار لەجێیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی وبەرزی پلەوپایەی زانایان ، چونکە خودا خاوەن زانستەکانی کردووە بە شاهید بەسەر تاك وتەنهایی خۆیەوە وشاهیدی ئەوانی لەگەڵ شاهیدی زاتی پیرۆزی خۆی وفریشتەکانی باسکردووە ، ئەبوداود والترمذی وئیبن ماجە وئیبن حبان لە ئەبو دەردائەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : هەرکەس ڕێگایەك بگرێتە پێش بۆ ئەوەی زانستێك فێربێت ، خودا ڕێگایەکی بۆ بەهەشت بۆ ئاسان دەکات ، وفریشتەکان باڵیان ڕادەخەن بۆ فێرخوازی زانست لەبەر ڕەزامەندیان بۆ ئەو کارەیان ، وزانا هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە هەتاکو ماسی دەریاش داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن ، وفەزڵ و پلەی زانا بەسەر خوداپەرستانەوە وەك فەزڵی ڕووناکی مانگە بەسەر ڕووناکی

ئەستێرەکانی ترەوە ، وزاناکان میراتگری پێغەمبەرانن ، وپێغەمبەران زێڕ وزیویان بە میرات لێ بەجێ نەماوە بەڵکو زانستیان بەمیرات بەجێ هێشتووە ، ئەوەی زانست دەستبخات ئەوە بەشێکی باشی بۆ خۆی لەو میراتە دەست کەوتووە .

﴿إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩﴾

بێگومان ئەو ئاینەی کە پەسەندە لای خودا تەنها ئاینی ئیسلامە ، وخاوەن کتێبەکان ناکۆك نەبوون لە شوێن کەوتنی حەق بە هۆی ستەمکارییانەوە نەبێت ، دوای ئەوەی کە زانستیان بۆ هات وبەڵگەیان بەسەردا ساغبوویەوە ، هەرکەس بێباوەڕ بێت بە ئایەتەکانی خودا ، بێگومان خودا خێرایە لە لێپرسینەوەی ئەو جۆرە کەسانە وبە سزای شایستەی خۆیانیان دەگەیەنێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە هەموو ئاین وئاینزایەك پووچەڵ وبەتاڵە جگە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، وهیچ کردەوەیەك لەکەس وەرناگیرێت هەتاکو باوەڕ بە ئاینی ئیسلام نەهێنێت ومحمدی پێشەوا وسەروەر ﷺ بە پێغەمبەری خۆی نەزانێت ، وئەو کەسانە گومڕان کاتێك باسی ئاینی ئیسلام دەکەن ئاینە شێوێنراوەکانی تری پێوە دەئاڵێنن وهاوتا باسیان دەکەن ، چونکە بە هاتنی ئیسلام هەموو ئاینەکانی تر سڕاوەتەوە ، ودەبێت هەمووان موسڵمانبن یان چارەنووسیان بۆ ئاگری دۆزەخە ، ئەحمەد لە ئەبوئومامەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : نێردراوم بۆ هەموو خەڵك بە گشتی .

﴿فَإِنۡ حَآجُّوكَ فَقُلۡ أَسۡلَمۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسۡلَمۡتُمۡۚ فَإِنۡ أَسۡلَمُواْ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ٢٠﴾ ئەگەر دەمەقاڵەیان لەگەڵ کردی ، بڵێ : من وئەوانەی شوێنم کەوتوون ڕووی خۆمان سپاردووەتە خودا ، وبە خاوەن کتێبەکان وهاوبەش بڕیاردەرانی عەرەبە نەخوێندەوارەکان بڵێ : ئایا ئێوەش وەکو ئێمە موسڵمان دەبن ؟ ئەگەر موسڵمانبن ئەوە بێگومان هیدایەت دراون ، بەڵام ئەگەر پشت هەڵبکەن تۆ تەنها گەیاندنت لەسەرە ، وخودا بینایە بە کرداری بەندەکانی ودەزانێ کێ شایستەی هیدایەتە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە ئاینی ئیسلام بۆ هەمووانە ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی کە نەفسی منی بەدەستە هیچ گاور وجوولەکەیەك نییە لەم ئومەتە "مەبەست ئومەتی بانگەوازە" بانگەوازی من ببیستێت وبمرێت وباوەڕ بەوە نەهێنێت بۆی ڕەوانەکراوم ، ئیللا دەچێتە ئاگرەوە .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقۡتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيۡرِ حَقّٖ وَيَقۡتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡقِسۡطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ٢١﴾ ئەو کەسانەی کە بێباوەڕن بە ئایەتەکانی خودا ، وپێغەمبەران بە ناحەق دەکوژن ، وئەو کەسانە دەکوژن کە فەرمان بە دادگەری دەکەن ، مژدەی سزایەکی بە ئێش وئازاریان پێبدە .

ئەوەی کە دەفەرموێت : پێغەمبەران بە ناحەق دەکوژن مانای ئەوە نییە کوشتنی هەندێك پێغەمبەر حەقە ، بەڵکو بۆ دەرخستنی خراپی ئەو کردەوەیە ، ئەحمەد لە ئیبن


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ
ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾
ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۖ
وَغَرَّهُمْ فِى دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَٰهُمْ
لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ
لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن
تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن
تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ ٱلَّيْلَ
فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ ۖ وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ
وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ ۖ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾
لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ
وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ
تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ
إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ
مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾

٥٣

مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەو کەسەی لە ڕۆژی قیامەت توندترین سزا دەدرێت کەسێکە کە : پێغەمبەرێك کوشتبێتی ، یان ئەو پێغەمبەرێکی کوشتبێت، وپێشەوای گومڕاکار ، ووێنەکێشێك کە وێنە بکێشێت .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾﴾ ئەو جۆرە کەسانە کردەوەکانیان پووچەڵە وبەفیڕۆ دەڕوات وهیچ سودیان پێناگەیەنێت لە دونیا ودوارۆژیش ، وکەس نییە پشت وپەنا وسەرخەریان بێت ولە سزای سەخت وبە ئێشی خودا ڕزگاریان بکات .

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾﴾ ئایا ئەو کەسانەت نەبینیوە کە بەشێك لە کتێبیان پێدرا بوو وزانستیان هەبوو کاتێك بانگەواز دەکران بۆ لای کتێبەکەی خودا بۆ ئەوەی حوکم بکات لە نێوانیان پاشان هەندێکیان پشتیان هەڵدەکرد ولایان لە حەق نەدەکردەوە .

ئەم ئایەتە لۆمە وسەرزەنشتی ئەو کەسانەی تێدایە کە زانستیان هەیە وکرداری پێناکەن وپشت هەڵدەکەن لەوەی کە حوکمی خودایە ، وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە حوکمی خودا تەنها مەبەست دەسەڵاتداری نییە ، بەڵکو گشتگیرە بۆ هەموو بوارەکانی پەرستش ودەسەڵات وخوڕەوشت وپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وسیاسەت وبەڕێوەبردن ، وئەو کەسانەی کە حوکمی خودا بە دەسەڵات گوزارشت لێدەکەن ولە بوارەکانی تردا کەمتەرخەمن وپەیڕەوی ڕێنماییەکانی ئاینەکەیان ناکەن ئەوانە هەڵپەی دەسەڵاتیانە ودەیانەوێت بەناوی ئاینەوە خەڵك فریو بدەن وپاڵنەریان پلەوپایە وپارە وکورسی دەسەڵاتە نەوەك پیادەکردنی حوکمی خودا لەسەر زەوی ، چونکە ئەگەر ڕاستگۆ بوونایە لەوەی بانگەشەی دەکەن دەبوو خۆیان لە هەموو کەس زیاتر پابەندبن بە ئاینەکەیانەوە لە هەموو بوارەکانی دین وژیانیشیان ، وبەرپەرچی ئەو جۆرە کەسە بێباوەڕانەشی تێدایە کە دەڵێن : ئاین هاتووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خودا وبەندەکانی بەڵام ئاین پەیوەندی بەکاری سیاسەت وبەڕێوەبردنەوە نییە ، وباس لەو فەرموودەیە دەکەن کە مسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە ﵂ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بە لای کۆمەڵە خەڵکێکدا تێپەڕی دارە خورمایان دەپیتاند ، فەرمووی : ئەگەر ئەوەشی پێنەکەن بەری خورماکە هەر دەبێت ، کە ئەمەیان لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ بیست وازیان لە پیتاندن هێنا ، بەری خورماکە وشك وخراپ دەرچوو ، پێغەمبەری خودا ﷺ بەلایاندا تێپەڕییەوە فەرمووی : خورماکەتان چییەتی ، وتیان : کە ئەوەمان لە تۆ بیست نەمان پیتاند وبەرەکەی وشك بووەتەوە ، فەرمووی : ئێوە شارەزاترن بە ئیش وکاری دونیاتان ؛ وەڵامی ئەو تێگەیشتنە ناقۆڵایە بەم شێوەیە : ئیشوکاری دونیا یان بابەتی حەڵاڵ وحەرامە ئەوە دەبێت لە شەرعەوە سەرچاوە بگرێت ، بۆ نموونە : حوکمەکانی تەڵاقدان وژن

مارەبڕین ودابەشکردنی میرات وقەرز وسوو هەموو ئەمانە وزۆر حوکمی تریش ئەگەرچی هەردوو لایەنی گرێبەستەکانی مرۆڤن وپەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە بەڵام شەرع ڕێکی خستووە ، ویان لە بابەتی هونەری وپیشەییە بە تاقیکردنەوە ومەشق وڕاهێنان مرۆڤەکان فێردەبن ئەوکات خەڵك دەتوانن ئەو جۆرە لە ئیشوکاری دونیایان بەڕێوەببەن وڕێساش دابنێن بۆ ڕێکخستنی ، باسی پیتاندنی خورماکەش لەو بابەتانەیە بە تاقیکردنەوە مرۆڤەکان فێری دەبن ، لەبەر ئەوە پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموون : ئێوە شارەزاترن لە ئیشوکاری دونیاتان .

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۖ وَغَرَّهُمۡ فِي دِينِهِم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٢٤﴾ ئەو کەسانەی کە پشتیان لە وەرگرتنی حەق هەڵکرد وپێی ڕازی نەبوون دەیانگوت : ئێمە بێگومان سزا نادرێین بە ئاگری دۆزەخ چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت ، خۆیان هەڵخەڵەتاندبوو بەو درۆودەلەسانەی کە لە ئاینەکەیاندا هەڵیانبەستبوو .

الطبری دەڵێت : ئەو چەند ڕۆژە کەمەی کە دەڵێن بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێین مەبەستیان لەو چل ڕۆژەیە کە گوێرەکەکەیان پەرست ، پاشان پەروەردگارمان لە ئاگر ڕزگارمان دەکات ، وخۆیان بەوە فریودابوو کە بە درۆودەلەسە هەڵیانبەستبوو کە دەیانگوت : ئێمە خۆشەویستی خوداین ، وخودا بەڵێنی بە یەعقوبی باوکمانداوە هیچ کەس لە منداڵەکانی نەخاتە دۆزەخەوە ، بۆ ئەوە نەبێت خودا سوێندی خواردووە هەموومان بخاتە دۆزەخەوە وپاشان خێرا ڕزگارمان دەبێت ، خودا بە درۆی خستنەوە وهەواڵیدایە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە ئەوانە دۆزەخین وبە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە .

﴿فَكَيۡفَ إِذَا جَمَعۡنَٰهُمۡ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِ وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٥﴾ دەبێت حاڵیان چۆن بێت ئەو کەسانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن لە ڕۆژێکدا کۆیان دەکەینەوە کە گومان لە هاتنی ئەو ڕۆژە نییە کە ڕۆژی قیامەتە ، هەموو کەس پاداشتی ئەو کردەوانەی کە لە دونیا ئەنجامیداون وەردەگرێتەوە وهیچ جۆرە ستەمێکیشیان لێناکرێت .

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بڵێ : پەروەردگارم هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە موڵکی تۆیە ، لەو موڵکەی خۆت دەبەخشیت بە هەرکەسێك کە ویستت لەسەری هەبێت ، ولە هەر کەسێکی دەسێنیتەوە کە ویستت لەسەری هەبێت یان پێی نابەخشیت ، وهەرکەسێك بتەوێت دەسەڵاتی پێدەبەخشیت وبالادەستی دەکەیت ، وهەرکەس بتەوێت زەلیل وڕیسوای دەکەیت ، خێر وچاکە هەمووی بە دەستی تۆیە ، بێگومان تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بە توانا وبالادەستی.

الطبرانی لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بە موعاذی رضي الله عنه فەرموو : ئایا نزا وپاڕانەوەیەکت فێرنەکەم کە پێی بپاڕێیتەوە ئەگەر بە ئەندازەی کێوی ئوحود قەرزت لەسەربێت خودا دانەوەیت بۆ ئاسان دەکات ؟ فەرمووی ئەی موعاذ بڵێ : ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ

كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٢٦﴾﴾ ، بەخشندەیی ودلۆڤانی دونیا ودوارۆژ دەبەخشیتە هەرکەس بتەوێت ، ودەیگریتەوە لە هەرکەس بتەوێت ، ڕەحمم پێبکە ڕەحمەتێك کە بێ نیاز وبێ پێویستم بکات لە جگە لە ڕەحمەتی خۆت ؛ وخاوەنی موڵکی هەموو ئاسمانەکان وزەوی خودایە ودانە پاڵی موڵك ودەسەڵات بۆ هەندێك لە بەندەکانی ئەوە لە دەسەڵاتی خودا دەرناکات وکەمی ناکاتەوە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خراپترین وناشیرینترین ناو لای خودای پەروەردگار کەسێکە ناوبنرێت بە پادشای پادشاکان (مَلِكَ ٱلۡمُلُوكِ) ،کەس خاوەنی هیچ شتێك نییە جگە لە خودا ؛ شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە دەڵێت : خودا شەڕی پەتی "المحض" دروست ناکات ، بەڵکو هەموو ئەوەی دروستی دەکات دانایی وکارلەجێیی تێدایە ، لەو ڕوانگەیەوە هەمووی خێر وچاکەیە ، بەڵام لەوانەیە شەڕی تێدا بێت بۆ هەندێك لە خەڵك ، وشەڕی گشتی یان ڕەها دوورە لە پەروەردگارەوە ، لەبەر ئەوە شەڕ بە تەنها وسەربەخۆیی هەرگیز نادرێتە پاڵ خودا ﷻ ، بەڵکو یان ئەوەیە دەچێتە ژێر ڕەهایی دروست کراوەکانەوە وەك ئەوەی دەفەرموێت : ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖ ﴿٢﴾﴾(الفُرۡقَان) ، یان دەدرێتە پاڵ هۆکارەکەی وەك ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾﴾(الفَلَق) ، یان بە بکەری نادیار باس دەکرێت وەك ئەو وتەی جنەکان : ﴿وَأَنَّا لَا نَدۡرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ أَمۡ أَرَادَ بِهِمۡ رَبُّهُمۡ رَشَدٗا ﴿١٠﴾﴾(الجِنّ) ؛ وئیبن عثیمین لەسەر ﴿بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ﴾ دەڵێت : دروست نییە بڵێن شەڕ بە دەستی خودایە ، چونکە لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ جێگیر بووە دەفەرموێت : شەڕ نادرێتە پاڵ خودا ، شەڕ نە بە وتە ونە بەکردار ، خودا ڕاست دەفەرموێت وڕێ نیشاندەری ڕێگای ڕاستە ، وکرداری باش

دەکات وکرداری خراپ ناکات ؛ وئەلبانی دەڵێت : شەڕ وخراپە نادرێتە پاڵ خودا ﷻ ، چونکە کردارەکانی شەڕ وخراپەی تێدا نییە ، بەڵکو کردارەکانی خودا هەمووی خێرە ، ولە نێوان دادگەری وفەزڵ ودانایی وکارلەجێیی دایە ، کە هەمووی خێرە وشەڕی تێدا نییە ، وئیبن القیم : دەڵێت : خودا دروستکەری خێر وشەڕە ، شەڕ لە هەندێ دروستکراوەکانیدایە ، ودروستکردن وکردارەکانی وقەزا وقەدەری هەمووی خێرە لەبەر ئەوە خودا پاك ڕادەگرین لە ستەم کە بریتییە لە دانانی شتێك لە جێگە وشوێنی خۆی نەبێت ، وخودا شتەکان هەمووی لە شوێنی شایستەی خۆیان دادەنێت ، کەواتە : شتێك لە شوێنی خۆی دانرا شەڕ نییە بەوەش دەزانرێت شەڕ نادرێتە پاڵ خودا ، وناوە جوانەکانی گەواهیدەرن لەسەر ئەو ڕاستیە .

﴿تُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِۖ وَتُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَتُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّۖ وَتَرۡزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٢٧﴾ شەو دەکەیت بە ناو ڕۆژدا ورۆژ دەکەیت بە ناو شەودا ، وزیندوو لە مردوو دەردەهێنیت ومردوو لە زیندوو دەردەهێنیت ، ورۆزی هەر کەسێك دەدەیت کە بتەوێت بە بێ ئەندازە وبێ ئەژمار .

ئەم ئایەتە باس لە کورت بوونەوە ودرێژ بوونەوەی شەو ورۆژ دەکات بەپێی گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ ، ئەویش بە کورت کردنەوەی یەکێکیان وخستنەسەری ئەوی تریان ، وپەیوەندیەکەیان پێچەوانەیە شەوکورت ببێتەوە دەخرێتە سەر ڕۆژ ورۆژکورت ببێتەوە دەخرێتە سەر شەو ، ئیبن کثیر دەڵێت : لە تۆو ڕووەك ودانەوێڵە دەڕوێنیت ولە دانەوێڵە تۆو دەردەهێنیت ، وداره خورما لە ناوکی خورماوە دەڕوێنیت ولە دارە خورماوە ناوك وەبەردەهێنیت ، وباوەڕدار لە دایکی بێباوەڕەوە دروست دەکەیت ، ولە دایکی

باوەڕدارەوە منداڵی بێباوەڕ دروست دەکەیت ، وهێڵکە لە مریشك دروست دەکەیت ومریشك لە هێلکە ، وهەموو شتەکانی تری هاوشێوەی ئەمانەن ؛ وئەوەی کە دەفەرموێت : ڕۆزی بێ ئەژماری هەرکەسێك دەدات کە بیەوێت مانای ئەوە نییە مرۆڤ هۆکار بەکار نەهێنێت وچاوەڕێی هاتنی ڕۆزی خودا بکات ، بەڵکو ئەوە پێچەوانەی مەزهەبی ئەهلی سوننەت وعەقڵیشە ، بەڵکو دەبێت مرۆڤ هەوڵ بدات وپشت بە خودا ببەستێت وچاوەڕوانی پاداشتی خوداش بکات لەو هەوڵدانەی ، چونکە بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەو کەسەی هەوڵی دابینکردنی بژێوی دەدات بۆ بێوەژن وهەژار ، وەك ئەو کەسەیە کە جیهاد بکات ولە پێناوی خودادا تێکۆشێت ، یان وەك ئەو کەسەیە کە هەموو شەو شەونوێژ بکات وهەموو ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت .

﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨﴾

باوەڕداران جگە لە خۆیان با بێباوەڕان نەکەن بە دۆست وپشتیوان وسەریان نەخەن ، هەرکەس بێباوەڕ بە دۆست بگرێت وسەریان بخات خودا لێی بەرییە ، مەگەر بترسن کە بێباوەڕان زەرەر وزیانتان پێ بگەیەنن وبتانکوژن ، خودا دەتان ترسێنێت بە سزای خۆی ئەگەر سەرپێچی بکەن وبێباوەڕان بکەن بە دۆستی خۆتان ودەستیان لەگەڵ تێکەڵاو بکەن ، پاشەڕۆژ هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا .

نابێت موسڵمان بێباوەڕانی خۆش بوێت وهاوکارییان بکات وبەسەر موسڵماندا سەریان بخات وچاوساغیان بێت وکەموکورتی موسڵمانانیان بۆ ئاشکرا بکات ، هەرکەس ئەوە

بکات خودا لێی بەرییە ، بەڵام ئەگەر کەسێك لە ژێر ڕکێفی بێباوەڕان ودەسەڵاتیاندا بێت وبترسێت زیانی پێبگەیەنن یان بیکوژن ئەوکات بە زمان دەتوانێت لەگەڵیاندا بێت ودۆستایەتیان بۆ دەرببڕێت ، بەڵام لە ناخەوە ڕقی لێیان بێت وکۆك وتەبا نەبێت لەگەڵ بێباوەڕییەکەیان ویارمەتیان نەدات دژی موسڵمانان ، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە موسڵمان نابێت دۆستی دوژمنانی خودا بێت وپشتیان پێببەستێت ، الحاکم لە ئەبوحومیدی الساعدییەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بەکەسێکی هاوبەش بڕیاردەری فەرمووە کە ویستوویەتی لە ڕۆژی ئوحوددا یارمەتی موسڵمانان بدات لە دژی بێباوەڕان : بگەڕێرەوە ئێمە پشت بە هاوبەش بڕیاردەر نابەستین دژی هاوبەش بڕیاردەران ؛ بەڵام بۆ حاڵی ناچاری دروستە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە حاکم والبیهقی لە جابری کوڕی عبداللەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ بەڕێکەوت بۆ حونەین دوای فەتحی مەککە پاشان ناردی بە دوای صەفوانی کوڕی ئومەیەدا وداوای سەد قەڵغانی لێکرد لەگەڵ پێداویستییەکانی ، وتی : ئەی محمد داگیر دەکرێت ونادرێتەوە ، فەرمووی : نەخێر ، بەڵکو بە ئەمانەت دەیبەین وقەرەبووی دەکەینەوە وبۆتی دەگەڕێنینەوە ؛ ودەتوانرێت هاوپەیمانێتییان لەگەڵدا ببەسترێت بۆ ناچاری ، ئەبوداود لە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوداوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لەگەڵ ڕۆمەکان ئاشتەوایی دەکەن ودەبێتە هۆکاری سەقامگیری ، ئێوە لەگەڵ ئەوان شەڕ دەکەن دژی دوژمنێکی هاوبەشتان کە لە پشتانەوەیە ، وسەردەکەون ودەستکەوتی باش بە دەست دەهێنن وسەلامەت وپارێزراودەبن ؛ ئیبن کثیر دەڵێت : ﴿إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ﴾ ، واتە : مەگەر کەسێك بترسێت لە هەندێك وڵات

وهەندێك كات لە شەڕیان ، دەتوانێت خۆی لێیان بپارێزێت بە ڕەواڵەت نەوەك لە ناخەوە ، بوخاری بە موعەلەقی لە ئەبودەردائەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : ئێمە بەڕووی هەندێك كەسانەوە پێدەكەنین ودڵەكانمان نەفرەتیان لێدەكەن ؛ وئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : خۆپاراستن بە كردار نییە بەڵكو بە زمانە ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : لە بنەڕەتدا كە یاساغی ئەوەكراوە موسڵمان بێباوەڕانی خۆش نەوێت بۆ ئەوەیە كە موسڵمان سەركز نەكرێت لە لای ئەوان ، بەڵام داوای یارمەتیدان وسەرخستن ئەگەر بۆ بەرژەوەندی وبەهێز بوونی موسڵمانان بوو دروستە ، بەڵام سەرخستن وهاوكاری كردنیان دژی موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك دروست نییە ، بەڵام ئایا دروستە بێباوەڕێك بەسەر بێباوەڕێكی تردا سەر بخەین ئەگەر بەرژەوەندی تێدا بێت ؟ موسڵمانان خۆشحاڵ بوون كاتێك ڕوم سەركەوت بەسەر فارسەكاندا وەك خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝٤ بِنَصْرِ ٱللَّهِ ۝٥﴾(الرُّوم) ، ئەگەر ئێمە ئەو بێباوەڕانەی حەزدەكەین سەربكەون دوژمنێكی هاوبەشمان هەبوو ، بزانین یارمەتی ئەم بێباوەڕە نەدەین دژی ئەو بێباوەڕەكەی تر پاش سەركەوتنی لە ناومان دەبات ، ئەو كاتە یارمەتیدانی لەبەر ئەو مەبەستە دروستە ، چونكە ئێمە لەبەر خاتری بێباوەڕەكان یارمەتیمان نەداون بەڵكو لەبەر بەرژەوەندی موسڵمانان ئەو كارەمان كردووە .

﴿قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝٢٩﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بڵێ : ئەوەی لە ناختاندایە بیشارنەوە یان ئاشكرای بكەن خودا هەمووی دەزانێت ، وهەموو ئەوەی لە


الجزء الثالث سورة آل عمران

يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ
مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ
نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ
فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ
رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ
وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةًۢ بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ ۗ وَٱللَّهُ
سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ رَبِّ إِنِّى نَذَرْتُ لَكَ
مَا فِى بَطْنِى مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٥﴾
فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّى وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ
وَلَيْسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلْأُنثَىٰ ۖ وَإِنِّى سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّىٓ أُعِيذُهَا بِكَ
وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ
حَسَنٍ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا ۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا
زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا ۖ قَالَ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا ۖ
قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾
٥٤

ئاسمانەکان وزەویدا ڕوو دەدەن دەیزانێت ، وخودا دەسەڵات وتوانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

ئەمە سەرنج ڕاکێشانی باوەڕدارانە دوای ئەوەی کە خودا یاساغی ئەوەی لێکردوون کە بێباوەڕانیان خۆش نەوێت وسەریان نەخەن ، بەوەی ئەگەر کەسانێك هەبن ئەو کرداره بە پەنهان بکەن یان لە ناخەوە حەز بەسەرکەوتنی بێباوەڕان بکەن خودا دەیزانێت وئاشکرا وپەنهان هەمووی وەك یەکە لای پەروەردگار .

﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو کەسێك کردەوەکانی پیشان دەدرێتەوە وئەوەی لە چاکە ئەنجامیداوە ئامادەیە ، وئەوەی لە خراپە ئەنجامیداوە ، ئاواتە خوازە مەودایەکی دوور هەبوایە لە نێوانیاندا ، خودا ﷻ دەتان ترسێنێت بە سزای خۆی ئەگەر سەرپێچی بکەن ، وخودا بە سۆز ودلۆڤانە بەرامبەر بەندەکانی .

القنوجی دەڵێت : لە دڵۆڤانی خودایە ﷻ کە بە نەفسی خۆی ئاگاداری کردووینەتەوە ، حەسەنی بەصری وا دەڵێت ؛ وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە ئاگادارکردنەوەی توند وابەستەیە بە سۆز ودڵۆڤانییەوە لە لایەن خوداوە بەرامبەر بەندەکانی ، وشتێکی جوان لە هەندێك عەرەب دەگێڕنەوە کە پێی وتراوە : تۆ دەمریت وزیندوو دەکرێیتەوە ودەگەڕێیتەوە بۆ لای خودا ، لە وەڵامدا وتویەتی : هەڕەشەم لێدەکەن بە زاتێك کە جگە لە خێر هیچم لێ نەبینیوە .

﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خوداتان ﷻ خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون ، خودا خۆشی دەوێن وتاوانەکانتان دەپۆشێت ولێتان دەبورێت ، وخودا بە بەزەییە وتاوانی بەندەکانی دەپۆشێت ولێبوردەیە .

ئەم ئایەتە بانگەشەی زۆر خەڵك بە درۆ دەخاتەوە کە دەڵێن : ئێمە خودامان ﷻ خۆش دەوێت وکەچی شوێن پێغەمبەری خودا ﷺ ناکەون ، خودا لێرە ئەو ڕێگا وشێوازەی دیاری کردووە کە تاکە ڕێگایە هەرکەسێك ڕاستگۆبێت لەوەی کە خودای خۆش دەوێت دەبێت شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ وباوەڕی بە ئەو ئاینە هەبێت کە خودا بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ڕەوانەی کردووە ، ئەحمەد والبیهقی لە جابری کوڕی عبداللەوە رضی الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ تورە بوو کاتێك بینی عومەر رضی الله عنه پەڕەیەکی پێ بوو هەندێك تەوراتی لەسەر نوسرا بوو ، وفەرمووی : ئایا گومانت هەیە کوڕی خەتاب ؟ ئایا بە پاکی وسپێتی ئاینەکەم بۆ نەهێناون ؟ ئەگەر موسای برام عليه السلام زیندوو بوایە دەبوو شوێنی من بکەوێت ؛ وئەم

ئایەتە هەندێك لە سەلەف پێیان وتووە : ئایەتی تاقیکردنەوە ، خودای پەروەردگار ئەم پێوەرەی دیاری کردووە بۆ خۆشویستنی جا هەرکەسێك لە جوولەکە وگاور ودووڕوو وشوێنکەوتەی هەر ئاین وئاینزایەکی تر بانگەشەی خوشویستنی خودا ﷻ بکات وەك جوولەکە وگاورەکان کە دەیانگوت : ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ ١٨﴾(المَائِدَة) ، دەبێت بەم شێوازە تاقی بکرێتەوە چونکە زۆر خەڵك ئەو بانگەشەیە دەکەن بەڵام کامیان شوێنکەوتەی پێغەمبەری خودان ﷺ وسەرپێچی فەرمانەکانی خودا ﷻ وپێغەمبەرەکەی ﷺ نەکەن وگوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بکەن ئەوانە ڕاستگۆن لە بانگەشەکەیان ، وئەحمەد وئەبوداود والترمذی وئیبن ماجە لە ئەبورافعەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نەبینم کەسێکتان پاڵی دابێتەوە لەسەر ڕاخەرەکەی وفەرمانێك لە فەرمانەکانی من ببیستێت کە فەرمانم بە شتێك کردبێت یان یاساغی شتێکم کردبێت ، بڵێت : من نازانم ئەوەی لە کتێبەکەی خودادا هاتووە شوێنی دەکەوین وئەگەرنا لای لێناکەینەوە ؛ خەڵکی گومڕا زۆرن ئێستا ئەو قسەیە دەکەن وباوەڕیان بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ نییە وهەوڵی گومڕاکردنی خەڵکیش دەدەن کە گومانیان بۆ دروست دەکەن لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ هەتا گومڕایی هەندێکیان گەیشتووەتە ئەو ئاستە مەترسیدارەی کە گومان لەسەر هەردوو صەحیحی بوخاری ومسلم دادەنێن کە دوو پاکترین وڕاستترین کتێبن دوای قورئان ، ئەو هەڵمەتە چەواشەکارییە کەسانێکی بێباوەڕ دەیانوروژێنن وکەسانێکی گومڕاش لە موسڵمانان برەوی پێدەدەن ودەبنە بڵندگۆی ئەو بێباوەڕانە وبانگەشەی بۆ دەکەن وهەندێك گێلە موسڵمانیش کوێرانە لاساییان دەکەنەوە وئەو وتانەی ئەوان دەڵێنەوە .

﴿قُلْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَٰفِرِينَ ٣٢﴾ ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بفەرموو : گوێڕایەڵی خودا ﷻ وپێغەمبەرەکەیبن ﷺ ، ئەگەر پشتیان هەڵکرد وفەرمانبەردار نەبوون ، ئەوا خودا بێباوەڕانی خۆش ناوێت .

الطبری دەڵێت مانای ئایەتەکە ئەوەیە : ئەی محمد ﷺ بە ئەو وەفدەی گاورەکانی نەجران بڵێ : گوێڕایەڵی خودا ﷻ ومحمدی پێغەمبەری بکەن ﷺ ، چونکە بێگومان دەزانن محمد ﷺ پێغەمبەری خودایە وبۆ خەڵکی ڕەوانە کراوە بە حەق ولە ئینجیلدا باسکراوە ، ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە ئەو بانگەوازە ، پێیان ڕابگەیەنە کە خودا بێباوەڕانی خۆش ناوێت کە نکولی ڕاستی دەکەن لە کاتێکدا کە دەزانن .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ٣٣﴾ بێگومان خودا ئادەم ونوح ونەوەکانی ئیبراهیم ونەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووە بەسەر هەموو جیهاندا .

خودا ئادەمی عليه السلام باوکی مرۆڤایەتی هەڵبژاردووە وناوی ئادەم بە مانای گەنم ڕەنگ دێت واتە نە زۆر سپی ونە زۆر ڕەش ، وڕێزی لێناوە وناوی هەموو شتەکانی فێرکردووە وفەرمانی بە فریشتەکانی کردووە کە سوژدەی ڕێزی بۆ ببەن ، ونوح عليه السلام یەکەم پێغەمبەرە کە خودا شەریعەتی بۆ ناردووە وخودا لە وەڵامی نزا وپاڕانەوەیدا گەلەکەی نوقمی ئاوکرد ولەناوی بردن ، وئیبراهیم عليه السلام باوکی هەموو پێغەمبەرانی دوای خۆیەتی ، هەردوو کوڕەکەی ئیسماعیل وئیسحاق دووبەرەبابن کە هەموو نەوەکانی ئیسرائیل وپێغەمبەرانی لە ئیسحاقن عليه السلام ، وعەرەب وپێغەمبەری خودا لە بەرەبابی ئیسماعیلن عليه السلام

، ونەوەکانی عیمران وتراوە : موسا وهارونن ، ووتراوە : مەریەمی دایکی عیسا وعیسای مەسیحە کە ئەمەی دوومیان بەهێزترە لەبەر ئەوەی سەرگوزەشتەکە باسی خێزانی مەریەم دەکات ، ومەریەم خودا هەڵبژاردووە کە خۆی وکوڕەکەی کە عیسایە عليه السلام بۆ ئەوەی بیانکات بە بەڵگە ونیشانە لەسەر دەسەڵاتی وئامۆژگاری بۆ خەڵك .

﴿ذُرِّيَّةَۢ بَعۡضُهَا مِنۢ بَعۡضٖۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٣٤﴾ ئەو خانەوادە هەڵبژێردراوانە هەندێکیان نەوەی هەندێکی تریانن ، وخودا بیسەر وزانایە .

الطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿ذُرِّيَّةَۢ بَعۡضُهَا مِنۢ بَعۡضٖۗ﴾ ئەو هەڵبژێردراوانە لە نییەت وکردار ودڵسۆزی ویەکتاپەرستیان هاوشێوە بوون ، وخودا بیسەرە بە وتەی ئەو کەسانە وزانایە کە شایستەی ئەو هەڵبژاردنە بوون ، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ نەوەی مرۆڤە وئادەم باوکی مرۆڤایەتییە ووەڵامی ئەو بیردۆزە بێ بنەمایەشی تێدایە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە بنەڕەتدا مرۆڤ لە مەیمون بووە ، وبە تێپەڕبوونی کات گەشەی سەندووە وبووەتە ئەو مرۆڤەی ئێستا !.

﴿إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٣٥﴾ کاتێك ژنەکەی عیمران وتی : پەروەردگارم من ئەو منداڵەی لە سکمدایە نەزرم کردووە ، بۆ ئەوەی ئازاد وسەربەست بێت بۆ پەرستشی تۆ وخزمەتی بیت المقدس ، لێم وەربگرە ، بێگومان تۆ بیسەری نزا وپاڕانەوەکانی وزانای .

﴿فَلَمَّا وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰۖ وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٣٦﴾ کاتێك منداڵەکەی بوو ، وتی : پەروەردگارم من کچم بوو ، وخودا زانایە بەوەی کە چی بووە ، وکوڕ وەکو کچ نییە ، ومن ناوم ناوە مەریەم ، وپەنا دەگرم بە تۆ بۆ پاراستنی ئەم کچە ونەوەکانی لە شەڕی شەیتانی لە ڕەحمەت دەرکراو .

ڕاڤەکاران دەڵێن : دایکی مەریەم ناوی حەنە بووە ، وپۆزشی هێنایەوە بۆ ئەو نەزرەی کە کردبووی وئاواتەخواز بوو منداڵەکەی کوڕ بێت بۆ خزمەت کردنی بیت المقدس وکچ ناتوانێت بەو ئەرکە هەستێت وەکو کوڕ ، وشەوکانی دەڵێت : لە زمانی ئەواندا مەریەم واتای خزمەتکاری پەروەردگارە ، وئیبن جوزی دەڵێت : مانای پەرستشکارە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ منداڵێك نییە لە دایك ببێت ئیللا شەیتان بە پەنجەی دەسرەوێنێتە ناوقەدی ومنداڵەکەش بەهۆیەوە دەگری جگە لە مەریەم ومنداڵەکەی کە عیسایە ﷺ ، پاشان ئەبوهرەیرە ﷺ دەیگوت : ئەو ئایەتە بخوێننەوە کە دەفەرموێت : ﴿وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ٣٦﴾ ؛ ومسلم لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك چووم بۆ نەجران پرسیاریان لێکردم وتیان : ئێوە لە قورئاندا دەیخوێننەوە بە مەریەم دەڵێن مەریەمی خوشکی هارون ، کەچی موسا پێش عیسا ﷺ بووە بە ئەوەندە ساڵ ، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ پرسیارم لێکرد فەرمووی : ئەوە هارونی برای موسا نییە ، بەڵکو ئەوان ناوی پێغەمبەران وپیاوچاکانی پێش خۆیان لە منداڵەکانیان دەنا .

﴿فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقًاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٣٧﴾ پەروەردگاری ئەو کچەی بەباشترین شێوە لە بری نەزرەکەی لێوەرگرت ، وبە جوانی پەروەردەی کرد وفێری خووڕەوشت وئاکاری جوانی کرد ، وزەکەریای عليه السلام کردە چاودێر وسەرپەرشتیاری ، هەرکاتێك زەکەریا عليه السلام دەچووە میحرابەکەی ڕۆزی وخواردەمەنی دەبینی ، فەرمووی : ئەمەت لە کوێ بوو ئەی مەریەم ، فەرمووی : ئەوە لە لایەن خوداوەیە ، بێگومان خودا بیەوێت ڕۆزی هەرکەس دەدات بەبێ ئەژمار .

زەکەریا عليه السلام مێردی خوشکی مەریەمە ، مسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : زەکەریا عليه السلام دارتاش بووە ؛ وسەرپەرشتیار وچاودێری مەریەمی گرتە ئەستۆ ، چونکە : ئیبن کثیر دەڵێت : ئیبن ئیسحاق دەڵێت : مەریەم هەتیو بوو ، وجگە لە ئەو دەڵێن : نەوەکانی ئیسرائیل تووشی قات وقڕی بوونەوە لەبەر ئەوە زەکریا عليه السلام بووە سەرپەرشتیاری ، وئەو دوو بۆچوونە دژیەك نین ، ومیحراب ژوورێك بوو لە نێو بیت المقدس مەریەم بە تایبەت پەرستشی تێدا دەکرد ، ئیبن عثیمین دەڵێت : (المحراب) شوێنی نوێژکردنە یان شوێنی پەرستشە ، وشوێنی دژایەتی کردنی شەیتانە بۆیە ئەو ناوەی لێ نراوە ، چونکە پەرستش شەڕە لەگەڵ شەیتانەکان ، ئەوە لە کلێساکاندا بووە لەبەر ئەوە نابێت لاسایی خاوەن کتێبەکان بکرێتەوە ، ئیبن مەسعود رضي الله عنه پێی ناخۆش بووە نوێژ لە میحرابدا بکرێت وفەرموویەتی : خۆتان مەچوێنن بە گاور وجوولەکە ، وسالمی کوڕی ئەبوجەعد دەڵێت : هاوەڵانی محمد

ﷺ دەیانگوت : لە نیشانەکانی قیامەتە لە مزگەوتەکاندا ئەو میحرابانە دروست بکرێن ئەمە شێخی ئیسلام لە (الاقتضاء) هێناویەتی ؛ وئیبن حزم دەڵێت : خراپە نوێژ لەو میحرابانە بکرێت ، لە عەلی رضي الله عنه وئیبراهیمی النخعییەوە ڕیوایەتی کردووە کە پێیان ناخۆشبووە نوێژ لەو تاقانەدا بکرێت کە پێی دەگوترێت میحراب ، و پێغەمبەری خودا ﷺ ئاگاداری ئەو کەسانەی کردووەتەوە کە پێشبڕکێ دەکەن لەسەر پێش نوێژی کە لە ئەو جێگەی سەربڕینە خۆیان بپارێزن ، عبداللەی کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خۆتان بپارێزن لە جێگەی سەربڕین واتە : میحرابەکان ؛ ئەگەرچی هەندێك لە ڕاڤەکاران ئەوەیان بە پێشەنگی کۆڕ وکۆبوونەوە لێکداوەتەوە ، بەڵام ئەوە پێچەوانە نییە ، ئەو ئەثەرانە ئەوە دەسەلمێنێت کە پێغەمبەری خودا ﷺ مەبەستی ئیمامەتی نوێژ ووەستانە لەو تاقانەی کە پێی دەگوترێت میحراب ، چونکە ئیمامەتیش وەستانە لە پێشەوەی نوێژخوێنان ، ئەلبانی دەڵێت : مزگەوتەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ میحرابی تێدا نەبووە ، وهەندێك لە زانایانی ئەم دواییە ئەوەیان سەلماندووە کە شێخ مەلا عەلی القاری حەنەفی ، ڕاشکاوانە دەڵێت : میحراب لە مزگەوتدا بیدعەیە ، لەگەڵ ئەوەدا هەندێك ئەثەری سەلەفیمان هەیە کە پێیان ناخۆش بووە نوێژ لەو تاقانەدا بکەن وتاقیش ئەوەیە کە پێی دەڵێن میحراب ، هۆکاریش ئەوە بووە کە میحراب بیدعەیەکی گاورەکانە ودزەی کردووەتە لای موسڵمانان لە سەدەی یەکەمەوە بە داخەوە ، لەبەر ئەوە هەندێك پیاوچاکانی شارەزا لە سوننەت ئەگەر لە مزگەوتێکدا نوێژیان بکردایە کە تاقی تێدا بووایە خۆیان لێ لادەدا ونوێژیان تیادا نەدەکرد ؛ والقرطبی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ﴾ زەکەریا عليه السلام ترێی بینی لە سەبەتەیەکدا وکاتی بەرهەمی ترێش نەبوو

، وهەندێکی تر لە زانایان دەڵێن : زەکەریا عليه السلام بەروبوومی زستانەی لە هاویندا لای مەریەم دەبینی وبەروبوومی هاوینەی لە زستاندا لای دەبینی .

﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾﴾ لەو کات وشوێنەدا زەکەریا عليه السلام لە پەروەردگاری پاڕایەوە ، وفەرمووی : پەروەردگارا لە لایەن خۆتەوە نەوەیەکی چاك وپاکم پێببەخشە ، بێگومان تۆ بیسەری نزا وپاڕانەوەیت .


الجزء الثالث سورة آل عمران

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً
طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾ فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ
يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ
مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ
أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ
كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةً
قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَٱذْكُر
رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾ وَإِذْ قَالَتِ
ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصْطَفَىٰكِ
عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِي
وَٱرْكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ
وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ
وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾ إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ
يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى
ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾

٥٥

الطبری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك زەکەریا عليه السلام میوەی هاوینەی لە زستان وزستانەی لە هاویندا لای مەریەم بینی ، فەرمووی : ئەو کەسەی کە ئەم ڕۆزییە بۆ مەریەم دەنێرێت لە کاتێکدا کە کاتی خۆی نییە توانای هەیە بەوەی منداڵم پێ ببەخشێت ، ولە خودا سبحانه وتعالى پاڕایەوە بۆ ئەوەی منداڵێکی پاك وچاکی پێببەخشێت ، زەکەریا عليه السلام مەبەستی ئەوە بوو ئەگەرچی ئێستا من پیر بووم وبەساڵا چووم وسەرم سپی بووە ، وئێسکەکانم لاواز بووە وژنەکەشم پیر ونەزۆکیشە ، بەڵام خودا سبحانه وتعالى توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا وهیچ شتێك لە دەسەڵات وتوانای خودا بەدەر نییە ،

لەبەر ئەوە بە نزا وپاڕانەوەیەکی شاراوە وپەنهان لە پەروەردگاری پاڕایەوە کە منداڵێکی چاکی پێببەخشێت .

﴿فَنَادَتۡهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٞ يُصَلِّي فِي ٱلۡمِحۡرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحۡيَىٰ مُصَدِّقَۢا بِكَلِمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدٗا وَحَصُورٗا وَنَبِيّٗا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٣٩﴾ فریشتەکان بانگیان لە زەکەریا عليه السلام کرد لە کاتێکدا لە میحرابەکەیدا وەستا بوو نوێژی دەکرد ، پێیان فەرموو : دڵنیابە خودا سبحانه وتعالى مزگێنیت پێدەدات بە کوڕێك کە ناوی یەحیایە عليه السلام ، وعیسا عليه السلام بە ڕاست دەخاتەوە وباوەڕی پێدەهێنێت وکەسێکی مەزن وبەڕێز وقەدرگران دەبێت لە زانست وپەرستشدا ، ودەبێتە پێشەوای گەلەکەی ودوور دەبێت لە تاوان وئارەزووی جووتبوون لەگەڵ ئافرەتان وپێغەمبەرێك دەبێت لە ڕاسالە کردەوە باشەکان .

زانایان ناکۆکن لەسەر ئەوەی فریشتە لێرە بە کۆ هاتووە ئایا مەبەست تەنها جبریلە عليه السلام ؟ هەندێك دەڵێن : مەبەست تەنها جبریلە عليه السلام ئەوەش لە زمانی عەرەب هاتووە کە گوزارشت لە تاك بە کۆ بکەن ، وهەندێکی تر دەڵێن : مەبەست کۆمەڵێك فریشتەیە جبریل عليه السلام یەکێکە لەوان ، الطبری دەڵێت : بۆچوونی دروست ئەوەیە بگوترێت کە خودا سبحانه وتعالى هەواڵیداوە کە فریشتەکان بانگیان لە زەکەریا عليه السلام کردووە ، ئەوەی ئاشکرا ودیارە کۆمەڵێك لە فریشتەیە ، وجبریل عليه السلام یەکێکە لەوان ، ودروست نییە تەفسیری قورئان بکرێت بە شتێکی ئاشکرا وبەکار هاتوو نەبێت لە زمانی عەرەبدا ، ئەوەش بۆچوونی رەبیعی کوڕی ئەنەس وعیکرمە وموجاهید وجگە لەوانیشە ، وئەبوالشیخ واللالکائی لە ئبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : خودا یەحیای عليه السلام لە سکی دایکیدا بە

باوەڕداری دروست کردووە ، وفیرعەونی لە سکی دایکیدا بە بێباوەڕ دروست کردووە ، وعیسای کوڕی مەریەم عليه السلام کە پورزای یەحیایە عليه السلام ولەبەر ئەوەی وەك منداڵێکی ئاسایی لە دایك نەبووە بەڵکو بە وشە وفەرمانێکی تایبەتی خودا لە سکی دایکیدا دروستی کردووە بە بێ باوك پێی وتراوە : ﴿مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾ ، ودووربووە لە هەموو تاوانێك ؛ ئەحمەد والحاکم لە ئبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هیچ کەس نییە لە نەوەکانی ئادەم ئیللا هەڵەی کردووە یان ویستوویەتی تاوان ئەنجام بدات جگە لە یەحیای کوڕی زەکەریا نەبێت ، دوور بووە لە ئارەزوو وجووت بوون لەگەڵ ئافرەتان چونکە خۆی تایبەت کردبوو بۆ پەرستنی خودا .

﴿قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ۝٤٠﴾ زەکەریا عليه السلام فەرمووی : پەروەردگارم چۆن منداڵم دەبێت لە کاتێکدا من پیربووم وبەساڵداچووم وژنەکەشم نەزۆکە ومنداڵی نابێت ؟ فەرمووی : ئەوەی دەیڵێیت وایە ، بەڵام خودا سبحانه وتعالى ئەوەی بیەوێت ئەنجامی دەدات .

دوای ئەوەی فریشتەکان مژدەی خودایان سبحانه وتعالى دایە زەکەریا عليه السلام فەرمووی چۆن منداڵم دەبێت ؟ ئایا ئەمە گومانە لە بەڵێنەکەی خودای پەروەردگار ؟ ئەوە لە حاڵێکدا دروست نییە بۆ تێکڕای موسڵمانان چ جای پێغەمبەرانی خودا عليهم السلام ، الطبری وئبن ئەبوحاتەم لە السدییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : کاتێك زەکەریا عليه السلام بانگەوازەکەی بیست ، شەیتان هات بۆ لای وپێی وت : ئەی زەکەریا عليه السلام ئەو دەنگەی کەبیستت لە خوداوە نەبوو ، بەڵکو لە شەیتانەوە بوو ، بۆ ئەوەی گاڵتەت پێبکات ، ئەگەر لە خوداوە بوایە

وەحی بۆ دەکردیت وەك چۆن بۆ شتەکانی تر وەحییت بۆ دەنێرێت ، زەکەریا گومانی بۆ دروست بوو ، فەرمووی : ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ﴾ ؛ وزانایان ناکۆکن ئایا تەمەنی زەکەریا عليه السلام وخێزانەکەی لەو کاتەدا کە مژدەی یەحیایان پێدراوە چەند بووە ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : تەمەنی خۆی سەد وبیست ساڵ بووە وتەمەنی خێزانەکەی نەوەد وهەشت ساڵ بووە ، وچەند بۆچوونێکی تریش لە بارەی تەمەنیانەوە وتراوە .

﴿قَالَ رَبِّ ٱجۡعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمۡزٗاۗ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ كَثِيرٗا وَسَبِّحۡ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ٤١﴾ فەرمووی : پەروەردگارم بەڵگە ونیشانەیەکم بدەرێ کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی منداڵم دەبێت ، فەرمووی : بەڵگە ونیشانەکەت ئەوەیە سێ ڕۆژ ناتوانیت قسە لەگەڵ خەڵك بکەیت بە هێما وئاماژە نەبێت ، وزۆر یادی پەروەردگارت بکە لە کاتی ئێواران وبەیانیان .

﴿ٱلۡعَشِيِّ﴾ لە دوای نوێژی نیوەڕۆوە دەست پێدەکات هەتا ئاوابوونی خۆر ، و﴿ٱلۡإِبۡكَٰرِ﴾ لە دەرکەوتنی سپێدەی ڕاستەقینەوە دەست پێدەکات هەتا کاتی چێشتەنگاو ، شەوکانی دەڵێت : عبدالرزاق وعەبدی کوڕی حومید وئیبن المنذر وئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ﴾ بەوە سزادرا ، چونکە فریشتەکان ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ کرد ومژدەی یەحیایان عليه السلام پێدا ، دوای ئەوەی فریشتەکان قسەیان لەگەڵ کرد زەکەریا عليه السلام داوای بەڵگە ونیشانەی کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە منداڵی دەبێت ، لەبەر ئەوە زمانی لێ سەنرایەوە بۆ ئەو ماوەیە .

﴿وَإِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٢﴾ وكاتێك فریشتە بە مەریەمیان فەرموو : بە دڵنیاییەوە خودا ﷻ تۆی هەڵبژاردووە وپاك وخاوێنی كردوویتەوە ، وهەڵیبژاردووی وفەزڵی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی دونیادا .

بوخاری ومسلم لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە پیاوان زۆر هەیە كە كامڵ بوون ، بەڵام لە ئافرەتان تەنها مەریەمی كچی عیمران وئاسیای خێزانی فیرعەون كامڵ بوون ، وفەزڵی عائیشە بەسەر ئافرەتانەوە وەك فەزڵی تریتی گۆشتە بەسەر خواردنەكانی ترەوە ؛ وئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : باشترین ئافرەتانی بەهەشت ئەم چوار ئافرەتەن كە بریتین لە : خەدیجەی كچی خویلد ، وفاتمەی كچی محمد ﷺ ، ومەریەمی كچی عیمران ، وئاسیای كچی مزاحمی خێزانی فیرعەون .

﴿يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسۡجُدِي وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ٤٣﴾ ئەی مەریەم بەردەوامبە لەسەر پەرستشی پەروەردگارت ودڵسۆزبە وسوژدە وكڕنوش بەرە لەگەڵ كڕنوشبەران .

ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾ لە كۆمەڵی ئەوانەبە ، ومانای ئەوە نییە نوێژ بە كۆمەڵ بكات ، چونكە ئافرەت فەرمانی پێناكرێت كە ئامادەی نوێژی بە كۆمەڵ بێت ، بەڵكو لە كۆمەڵی نوێژخوێنانبە كە كڕنوش بۆ خودا دەبەن .

﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَۚ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يُلۡقُونَ أَقۡلَٰمَهُمۡ أَيُّهُمۡ يَكۡفُلُ مَرۡيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ٤٤﴾ ئەو سەر گوزەشتانە هەواڵی پەنهان بوون کە بە سروش بۆمان باسکردیت ، وتۆ لەگەڵیان نەبووی کاتێك ناکۆك بوون وپێنووسەکانیان فڕێدایە نێو ئاوەوە بۆ ئەوەی تیروپشکی پێبکەن کە کامیان پەروەردە وچاودێری وسەرپەرشتیاری مەریەم بگرێتە ئەستۆ ، وتۆ لەگەڵیان نەبووی کاتێك مقۆمقۆ ومشتومڕیان بوو لەسەر ئەوە .

ئیبن کثیر دەڵێت : عیکرمە والسدی وقەتادە رەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێن : چوون بۆ ڕووباری ئوردن لەوێ تیروپشکیان کرد وپێنووسەکانیان فڕێدایە ناو ڕووبارەکە ، پێنووسی هەرکامیان لەسەر ئاوەکە وەستا ئەو کەسە دەبێتە پەروەردەکار وچاودێر وسەرپەرشتیاری مەریەم ، پێنووسی هەموویان ئاو بردی جگە لە پێنووسەکەی زەکەریا ؛ وبوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما بە موعەلەقی ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿إِذۡ يُلۡقُونَ أَقۡلَٰمَهُمۡ أَيُّهُمۡ يَكۡفُلُ مَرۡيَمَ﴾ دەڵێت : تیروپشکیان کرد بە پێنووسەکانیان وفڕێیاندایە نێو ئاوەوە پێنووسی هەموویان ئاوەکە بردی بەڵام پێنووسەکەی زەکەریا لەسەر ئاوەکە وەستا وئاوەکە نەیبرد ؛ وئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دروستی تیروپشك کردن ، بیهقی لە شافعییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خودا دەفەرموێت : ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يُلۡقُونَ أَقۡلَٰمَهُمۡ أَيُّهُمۡ يَكۡفُلُ مَرۡيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ يَخۡتَصِمُونَ ٤٤﴾ ، ودەفەرموێت : ﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ١٣٩ إِذۡ أَبَقَ إِلَى ٱلۡفُلۡكِ ٱلۡمَشۡحُونِ ١٤٠ فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُدۡحَضِينَ ١٤١﴾(الصَّافَّات) ، بنەمای تیروپشك کردن لە قورئاندا ئەو ئایەتەیە کە باسی ئەو کەسانە دەکات تیروپشکیان لەسەر بەخێوکردنی مەریەم کرد ، وئەو ئایەتەی باسی

ئەو کەسانە دەکات تیروپشکیان کرد لەسەر فڕێدانی کەسێکیان بۆ نێو دەریاکە ویونس عليه السلام دەرچوو وفڕێیاندایە دەریاکەوە .

﴿إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾﴾ کاتێك فریشتەکان فەرموویان : ئەی مەریەم خودا مزگێنیت پێدەدات بە منداڵێك کە ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەمە بە وشە وفەرمانێکی خودا دروست دەبێت ، خاوەن پلەوپایە وڕێزە لە دونیا ودواڕۆژدا ولە نزیکەکانی خودایە .

لێرە ئەگەرچی ڕاستەوخۆ فریشتەکان قسەیان لەگەڵ مەریەم کردووە بەڵام پێی دەفەرموون : کوڕەکەت ناوی عیسای کوڕی مەریەمە بۆ ئەوەی دەری بخەن ئەو منداڵە دەدرێتە پاڵ مەریەم لە کاتێکدا کە باوکی نییە وبەفەرمانی خودا لە سکی مەریەمدا دروست بووە ، عیسا ناوە ومەسیح نازناوە ، وئیبن کثیر دەڵێت : هەندێك لە سەلەف دەڵێن : پێی وتراوە مەسیح لەبەر زۆر گەڕان وسەفەرکردنی ، ووتراوە ژێر پێکانی تەخت بووە وچاڵی نەبووە ، ووتراوە ئەگەر دەستی بهێنایە بەسەر نەخۆش وکەسێکدا کە کەم وکورتییەکی هەبوایە باش دەبوویەوە بە ویستی خودا .

﴿وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾﴾ قسە لەگەڵ خەڵك دەکات لەوکاتەی لە لانکەدایە وەك ئەوکاتەی کە گەورەیە وتەمەنی کردووە ولە ڕاساڵ وپیاوچاکانە .


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ

وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾
قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكِ
ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ
﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ
﴿٤٨﴾ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن
رَّبِّكُمْ أَنِّيٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ
فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ
وَأُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ
فِي بُيُوتِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾
وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم
بَعْضَ ٱلَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ۚ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ
فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ
هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾ ۞ فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ
ٱلْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ
أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾

٥٦

بوخاری لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تەنها سێ منداڵ لە لانکەدا قسەیان کردووە یەکێك لەوانە عیسای کوڕی مەریەمە عليه السلام ؛ ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿وَكَهْلًا﴾ لە تەمەنی سی ویەك ساڵییەوە دەست پێدەکات هەتا تەمەنی چل ساڵی ، ئەگەر کەسێك لەم تەمەنە قسە بکات شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە ، بەڵکو بۆ سودێك هێناویەتی ئەویش ئەوەیە کە قسەکردنەکەی عیسا عليه السلام لە لانکەدا وەك قسەکردنی کەسی گەورە وابووە ، واتە : وەك قسەی منداڵ نییە بەڵکو قسەکانی ڕوون وئاشکرایە ومانادارە وەك ئەوەی کاتێك کە گەورەبێت وقسە بکات .

﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾﴾ مەریەم وتی : پەروەردگارم چۆن منداڵم دەبێت لە کاتێکدا مێردم نەکردووە وهیچ مرۆڤێك لەگەڵم جووت نەبووە ، فەرمووی : ئەوەی دەیڵێیت وایە خودا چی بوێت دروستی دەکات ، ئەگەر فەرمان بە شتێك بکات هەرئەوەندە پێی دەفەرموێت : ببە ، یەکسەر دەبێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە عیسا ﷺ دروست کراوە وخودا وپەروەردگار نییە ، وەك ئەوەی گاورەکان بانگەشەی دەکەن ، وکوڕی خوداش نییە ، بەڵکو بەندە وپێغەمبەرێکی بەڕێزی خودایە وبە موعجیزە دروستی کردووە وچەندان موعجیزەی لەسەر دەستی پیشانی ئومەتەکەی داوە کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی ودەسەڵاتی خودا ، ﴿قَضَىٰٓ أَمۡرًا﴾ قەزای خودا ﷻ دوو جۆرە : قەزای شەرعی وقەزای کەونی ، قەزای شەرعی : پەیوەستە بەوەی خودا ﷻ پێی خۆشە لە ئەنجامدانی فەرمانێك یان دوورکەوتنەوە لە یاساغی کراوێك ، بەڵام قەزای کەونی : ئەوەی خودا پێی خۆشە وپێی ناخۆشیشە دەیگرێتەوە ، قەزای شەرعی : دەشێت ڕووبدات یان ڕوونەدات ، واتە ئەو کەسەی داوای لێکراوە فەرمانێك ئەنجام بدات یان لە یاساغی کراوێك دوور بکەوێتەوە لەوانەیە ئەنجامی بدات یان بە پێچەوانەوە ، بەڵام قەزای کەونی : ڕوودەدات لەسەر ئەو کەسەی قەزای لەسەرکراوە .

﴿وَيُعَلِّمُهُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ٤٨﴾ وفێری نوسین وخوێندنەوە ودانایی وکارلەجێی وتەورات وئینجیلی دەکات .

﴿وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٤٩﴾ وخودا ﷻ دەیکات بە پێغەمبەر وڕەوانەی دەکات بۆ نەوەکانی ئیسرائیل ، وپێیان دەفەرموێت : من بەڵگە ونیشانەیەکم لە پەروەردگارتانەوە بۆ

هێناون ، من لە قورِ شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم وپاشان فووی پێدا دەکەم دەبێتە باڵندەی ڕاستەقینە بە ئیزنی خودا ، وچاوی کوێری زکماك وبەڵەکی چاك دەکەمەوە بە ئیزنی خودا ، ومردوو زیندوو دەکەمەوە بە ئیزنی خودا ، وهەواڵتان دەدەمێ دەربارەی ئەوەی دەیخۆن وئەوەی هەڵی دەگرن وپاشەکەوتی دەکەن لە ماڵەکانتاندا ، ئەوانە بەڵگە ونیشانەیان تێدایە بۆ ئێوە ئەگەر باوەڕداربن .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودا هەندێك موعجیزە وبەڵگە ونیشانەی پێچەوانەی باوی بە عیسای پێغەمبەری ﷺ بەخشیوە کە لە توانای کەسدا نەبووە ڕکابەرایەتی بکات ، جمهوری زانایان دەڵێن : (رسول) خودا شەریعەتی بۆ ناردووە فەرمانی پێکردووە بە گەیاندنی ویەکەم (رسول) نوحە ﷺ ، وکۆتایان محمدە ﷺ ، و(نبی) خودا شەریعەتی بۆ ناردووە بەڵام فەرمانی بە گەیاندنی پێنەکراوە ، ووتراوە : (نبی) شەریعەتی نوێی بۆ نەهاتووە بەڵکو خودا بە وەحی پاڵپشتی دەکرد بۆ گەیاندنی شەریعەتی (رسول)ەکەی پێش خۆی ، ویەکەم (نبی) ئادەمە ﷺ ، کەواتە هەموو (رسول)ێك (نبی)یە ، بەڵام مەرج نییە هەموو (نبی)یەك (رسول) بێت ، دروستکردنی ئەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردووە وچووواندنی بە دروستکراوەکانی خودا ﷻ هەڕەشەی توندی لەسەر هاتووە ، بوخاری ومسلم لە ئەبوزورعەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : لەگەڵ ئەبوهرەیرە ﷺ چووینە ماڵێکەوە لە مەدینە لای سەرەوە بینی وێنەکێشێك وێنە دەکێشێت ئەبوهرەیرە ﷺ وتی : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : خودا ﷻ دەفەرموێت : کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە دروستی دەکات وەك ئەوەی من دروستم کردووە ، ئەگەر ڕاست دەکەن با مێروولەیەکی بچووك یان تۆوێك یان دەنکە جۆیەك دروست بکەن ؛ بەڵام لێرە خودا وەك موعجیزەیەك ڕوخسەتی بە عیسا ﷺ داوە کە

باڵنده لە قورِ دروست بکات ، ئیبن کثیر دەڵێت : ﴿وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ﴾ زۆرێك لە زانایان دەڵێن : هەموو پێغەمبەرێك خودا ﷻ کە ڕەوانەی کردووە موعجیزەیەکی پێبەخشیوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمە باو بووە ، لە سەردەمی موسا ﷺ جادوو وبەگەورە دانانی جادووگەران باو بوو ، خودا موعجیزەیەکی پێبەخشی کە چاوەکانی ئەبڵەق کرد وهەموو جادووگەرەکانی سەرسام کرد ، کاتێك دڵنیا بوون کە ئەمە لای خودای مەزنی باڵادەستەوەیە ملکەچ بوون وباوەڕیان هێنا ، وچوونە ڕیزی پیاوچاکانەوە ، بەڵام عیسا ﷺ کاتێك ڕەوانەکرا سەردەمی پزیشکان وزانایانی زانستی سروشتی بوو ، کۆمەڵە بەڵگەیەکی هێنا کە کەس نەیدەتوانی بەڵگە ونیشانەی لەو شێوەیە بهێنێت ، ئەوەش لە توانای کەسدا نییە تەنها ئەو کەسە نەبێت کە خودا شەریعەتی بۆ دارشتووە وپاڵپشتی بکات ، پزیشك چۆن دەتوانێت ڕوح بکات بەبەری نازیندوودا ، یان کوێری زکماك وبەڵەکی چاك بکاتەوە ، وکەسانێکی لە گۆڕەکانیان زیندووکردەوە کە دەبوو تاڕۆژی قیامەت لە ژێر ئەو خاکەدابن ، وهەروەها محمد ﷺ خودا لە سەردەمی ڕەوانبێژان وزمانزانان وکەڵە شاعیراندا ڕەوانەی کرد ، لە لایەن خوداوە کتێبێکی بۆ هێنان کە ئەگەر هەموو مرۆڤ وجن کۆببنەوە ناتوانن کتێبێك وەك قورئان یان دە سورەت یان تەنها سورەتێکی هاوشێوەی بنوسنەوە ، هەرگیز ناتوانن ئەگەر یارمەتیدەر وپشتگیری یەکتریش بن ، ئەوەش لەبەر ئەوەی فەرموودەی پەروەردگارە وهاوشێوەی قسەی دروستکراوەکان نییە بە هیچ شێوەیەك ، ﴿وَأُنَبِّئُكُم﴾ ئەم هەواڵ پێدانە بە هۆی وەحی پەروەردگارەوە بوو بۆ پێغەمبەر عیسا ﷺ ، وکەس پەنهان نازانێت خودای پەروەردگار نەبێت ، ئەم جۆرە لە پەنهان پێی دەگوترێت پەنهانی ڕێژەیی واتە : لای هەندێك پەنهانە ولای هەندێکی تر دەشێت ئاگایان لێبێت وبیزانن ، ودەشێت جن یارمەتی مرۆڤ بدەن

وهەندێك هەواڵی دەربارەی ئەو شتانەی کە پەنهانی ڕێژەیین بدەن بە مرۆڤەکان ، بەڵام ئەو کارە دروست نییە ونابێت موسڵمان گوێی بۆ بگرێت ، چونکە زانینی هەواڵی پەنهانی خەڵك ستەم وسنور بەزاندنە ، وئەوەش دوورە لە پێغەمبەری خودا عیسای کوڕی مەریەمەوە عليه السلام کەواتە : ئەو هەواڵدانەی بە ئیزنی خودا ولەلایەن خوداوە بووە بۆ پێغەمبەرەکەی وەك موعجیزەیەك .

﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾﴾ من تەورات پشتڕاست دەکەمەوە کە پێش من دابەزیوە ودەیسەلمێنم ، وبۆ ئەوەی هەندێك شتتان بۆ حەڵاڵ بکەم کە لەسەرتان حەرام کرابوو ، وبەڵگە ونیشانەم لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون ، پارێزکاربن ولە خودا بترسن وگوێڕایەڵم بن لەوەی فەرمانتان پێدەکەم ویاساغیتان لێدەکەم .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەریعەتەکەی پێغەمبەر عیسا عليه السلام هەندێك لە شەریعەتەکەی پێغەمبەر موسا عليه السلام وتەوراتی نەسخ کردووەتەوە وگۆڕیوییەتی ، ئەمەش بەرپەرچ ووەڵامە بۆ جوولەکەکان کە دەڵێن : نەسخ نابێت لە شەریعەتدا ڕووبدات .

﴿إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾﴾ بێگومان خودا پەروەردگاری من وپەروەردگاری ئێوەشە بیپەرستن ، ئەمە ڕێگای ڕاستی خودایە .

ئەمە دیسان دانپێدانانی پێغەمبەر عیسایە عليه السلام کە بەندەی خودایە ، وەڵامی هەموو ئەوانەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە عیسا عليه السلام خودایە یان کوڕی خودایە پەنا بە خودا ، وبەڵگەی ئەوەشی تێدایە ئاینی هەموو پێغەمبەران ئاینی یەکتاپەرستییە ئەگەرچی لە

شەریعەت وهەندێك حوكمدا جیاوازی هەبێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من لە هەمووان لە پێشترم بۆ عیسای كوڕی مەریەم عليه السلام لە دونیا ودوارۆژدا ، وپێغەمبەران هەمووان بران لە باوكەوە ودایكیان جیاوازە ، وئاینی هەموویان یەك ئاینە ، ولە نێوان من وئەودا هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە .

﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٥٢﴾ كاتێك عیسا عليه السلام هەستی كرد بێباوەڕن ، وسەرەڕای ئەو هەموو بەڵگە ونیشانەیە باوەڕ ناهێنن ، فەرمووی : كێ پشتیوان وسەرخەرم دەبێت بۆ گەیاندنی پەیامی خودا ، دۆست وقوتابیە پاكە سەرخەرەكانی وتیان : ئێمە پشتیوان وسەرخەرت دەبین بۆ گەیاندنی پەیامی خودا ، باوەڕمان بە خودا هێناوە وگەواهیمان بۆ بدە كە بەدڵنیاییەوە ئێمە موسڵمانین .

﴿ٱلۡحَوَارِيُّونَ﴾ زانایان لێكدانەوەی زۆریان بۆ ماناكەی كردووە كە پێچەوانە نین وزۆربەی ماناكان لە دەوری پشتیوان وسەرخەر وپاك ودۆستی تایبەتە ، ولە سوننەتدا بە مانای سەرخەر هاتووە بوخاری لە جابری كوڕی عبداللەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەموو پێغەمبەرێك سەرخەر ودۆستی تایبەتی هەیە ، بێگومان زوبیر رضي الله عنه سەرخەر ودۆستی تایبەتی منە .


الجُزۡءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ
رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ
ٱلشَّٰهِدِينَ ٥٣ وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ
٥٤ إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ
مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأَحۡكُمُ
بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٥٥ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
فَأُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم
مِّن نَّٰصِرِينَ ٥٦ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٧ ذَٰلِكَ نَتۡلُوهُ
عَلَيۡكَ مِنَ ٱلۡأٓيَٰتِ وَٱلذِّكۡرِ ٱلۡحَكِيمِ ٥٨ إِنَّ مَثَلَ
عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ
كُن فَيَكُونُ ٥٩ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ
٦٠ فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ
نَدۡعُ أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا
وَأَنفُسَكُمۡ ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ٦١
٥٧

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلۡتَ وَٱتَّبَعۡنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ٥٣﴾ پەروەردگارمان باوەڕمان هێناوە بەوەی داتبەزاندووە وشوێنی پێغەمبەرەکەت کەوتین لەبەر ئەوە لە ڕیزی گەواهیدەرانمان بنووسە .

دەبێت موسڵمان ئەوە هەڵوێستی بێت بۆ شوێنکەوتنی حەق نەوەك بێدەنگی هەڵبژێرێت ، چونکە خودا ﷻ موسڵمانی کردووە بە شاهید بەسەر خەڵکەوە وەك لە سورەتی (البقرە) باسکرا ، ئەو پیاوچاکانە شوێنی پێغەمبەری خودا عیسا عليه السلام کەوتن وسەرخەر ویارمەتیدەری بوون لەگەیاندنی پەیامی خودا بۆ خەڵك ، لەبەر ئەوە داوا دەکەن کە خودا ﷻ ناوەکانیان لەگەڵ ناوی ئەو کەسانە بنوسێت وتۆمار بکات کە گەواهیان بە حەق داوە ، ودانیان بە تاك وتەنهایی خودادا ناوە وپێغەمبەرانیان عليهم السلام بە ڕاست داناوە ، وملکەچییان لە ئاست فەرمانەکان ویاساغییەکانی خودا نوواندووە ، ﴿فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ ئیبن ئەبوحاتەم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئیبن کثیر بە صەحیحی داناوە دەڵێت مانای ئەوەیە : لەگەڵ شاهیدان وگەواهیدەرانی ئوممەتی محمددا ﷺ بمان نووسە ؛ لەوە دەچێت کەسێك بپرسێت چۆن حەوارییەکان وایانگوتووە لە کاتێکدا پێش ئوممەتی محمد ﷺ بوون ؟! چونکە پێغەمبەر عیسا عليه السلام

مژدەی هاتنی کۆتا پێغەمبەری پێدابوون وباسی ئومەتی محمدی ﷺ بۆ کردبوون وزانیارییان هەبوو لەوبارەیەوە ، خودا ﷻ دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ ﴿٦﴾﴾(الصَّفّ) .

﴿وَمَكَرُوا۟ وَمَكَرَ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾﴾ ئەوانەی بێباوەڕ بوون پیلانیان دارشت وفێڵیان کرد ، وخودا پیلانەکەیانی پوچەڵ کردەوە وفێڵی لێکردن ، وخودا لە هەمووان فێڵ وپیلانی باشتر وبەهێزترە .

ڕاڤەکارانی قورئان زۆر ڕیوایەتیان دەربارەی لە خاچدانی کەسێکی هاوشێوەی پێغەمبەر عیسا ﷺ ورزگارکردنی پێغەمبەر عیسا ﷺ گێڕاوەتەوە ، وزۆربەیان لە ئیسرائیلیاتەوە وەرگیراون کە پوختەکەی بەم شێوەیە : کاتێك پیاوماقوڵانی نەوەکانی ئیسرائیل ویستیان پێغەمبەر عیسا ﷺ لە خاچ بدەن ، چوونە لای پادشایەك کە لەو سەردەمەدا دەسەڵاتدار وبێباوەڕ بوو وتیان : پیاوێك هەیە خەڵك گومڕا دەکات ولە گوێڕایەڵی پادشا دووریان دەخاتەوە ، وزۆر درۆودەلەسەی تریان بۆ هەڵبەست ، ووتیان : دایکی بە داوێن پیسی هێناوییەتی ! وباوکی نییە ، هەتاکو پادشاکەیان لێ پڕکرد ، کەسانێکی نارد بە دوایدا کە لە خاچی بدەن وسوکایەتی پێبکەن وکاتێك گەمارۆی ماڵەکەیاندا وگومانیان وابوو دەستگیری دەکەن ، خودا ﷻ لە دەستیان ڕزگاری کرد لە تاقێکەوە کە لەسەربانی خانووەکە بوو بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی ، وچەند کەسێك لە حەواریەکانیش لەو خانووە لە گەڵیدا بوون ، لێرەدا زانایان دوو بۆچوون دەگێڕنەوە دەربارەی ئەو کەسەی کە لە خاچدراوە ، یەکەمیان : پێغەمبەری خودا عیسا ﷺ فەرمووی بە هاوەڵەکانی :

کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوەی منی بە بەردا بکرێت وبکوژرێت ، یەکێکیان وتی : من ئەی پێغەمبەری خودا ، ئەو کەسەیان لە بری پێغەمبەر عیسا ﷺ کوشت ولە خاچیاندا وسوکایەتیان پێکرد ، وخودا پێغەمبەر عیسای ﷺ بۆ لای خۆی بەرزکردەوە ، وئەمەش پووچەڵ کردنەوەی پیلان وفێڵەکەیان بوو وخودا فێڵی لێکردن ، دووەمیان : فێڵی خودا بۆ ئەوان ئەوە بوو کە شێوەی عیسای ﷺ کرد بە بەری ئەو کەسەدا کە چووە ژوورەوە بۆ کوشتنی پێغەمبەر عیسا ﷺ ، لە ژوورەوە زۆری پێچوو ، کاتێك هاتە دەرەوە گومانیان برد عیسا بێت ﷺ کوشتیان ولە خاچیاندا ، کاتێك کوشتیان وتیان : ئەم لاشەیە لاشەی برادەرەکەمانە وشێوەی عیسایە ﷺ بەوەش پیلانەکەیان سەرینەگرت وفێڵەکەیان پووچەڵ بوویەوە وهاوەڵەکەی خۆیان کوشت وخودا فێڵی لێکردن ، ئیبن عثیمین دەڵێت : بێگومان خودا فێڵ دەکات لە ئەو کەسانەی دەیانەوێت فێڵ لە پێغەمبەر وئایەتەکانی بکەن ، بەڵام ئەوەی خودا وەسف بکەین بە فێڵ بە شێوەیەکی ڕەها وبڵێین : خودا فێڵ دەکات بە ڕەهایی ، ئەمە دروست نییە ، بۆچی ؟ چونکە دەشێت فێڵ کردن کەم وکورتی بێت ، چونکە فێڵ کردن هەموو کاتێك پیا هەڵدان وکاملی ناگەیەنێت وەك چۆن هەموو کاتێك خراپە وکەم وکورتی نییە ، بەڵام ئەگەر ڕەهاکرا دەشێت کەم وکورتی لە خۆبگرێت ، بەڵام ئەگەر پەیوەست کرا بە حاڵەتێکەوە کە باش وکاملێ بێت ئەوکات کەم وکورتی ناگەیەنێت ، کەواتە دەڵێین : خودا بە فێڵ وەسف دەکرێت نەك بە شێوەیەکی ڕەها بەڵکو لەو حاڵەتەی کە وەسفی نەفسی خۆی بە فێڵ کردووە .

﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ٥٥﴾ کاتێك خودا فەرمووی : ئەی عیسا ﷺ من تۆ

دەخەوێنم وبەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم وپاك وخاوێنت دەکەمەوە لەو کەسانەی کە بێباوەڕن ، وشوێنکەوتووانت زاڵ دەکەم بەسەر بێباوەڕاندا هەتا ڕۆژی قیامەت ، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منە ودادگەری دەکەم لە نێوانتان لەسەر هەرشتێك مشتومڕ کەوتووەتە نێوانتانەوە وناکۆکن لەسەری .

بێگومان عیسایان ﷺ نەکوشت ولەخاچیشیان نەدا وئەوەی گاورەکان بانگەشەی دەکەن درۆی بێ بنەمایە خودا دەفەرموێت : ﴿وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا ١٥٧ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا ١٥٨﴾(النِّسَاء) ، (مُتَوَفِّيكَ) بە مانای مردن نییە لێرە بەڵکو بە مانای خەوە چونکە خودا ﷻ لە چەند شوێنێك لە قورئاندا ناوی خەوی بە مردن هێناوە وەك دەفەرموێت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ ٦٠﴾(الأَنعَام) ، ودەفەرموێت : ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ ٤٢﴾(الزُّمَر) ، وئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ﴾ شوێنکەوتووانت زاڵ دەکەم هەتا ڕۆژی قیامەت ، مەبەست لەو کەسانە نییە کە بانگەشەی شوێنکەوتنی پێغەمبەر عیسا ﷺ دەکەن وڕاست ناکەن ، بەڵکو مەبەست موسڵمانانە چونکە تەنها موسڵمانان شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی هەموو پێغەمبەرانی خودان ﷺ وجیاوازی ناکەن لە نێوانیان ولە پێش قیامەت کە دادەبەزێت ئیسلام سەردەخات وخاچی گاورەکان دەشکێنێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە ﷺ ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە ،

نزیکە عیسای کوڕی مەریەم ﷺ دابەزێتە نێوتان وحوکمێکی دادگەرانە بکات وخاچەکان بشکێنێت وبەراز بکوژێت وسەرانە هەڵبگرێت وسامان زۆر ببێت هەتاکو کەس نەیەوێت ؛ مانای ئەوەیە هەموو خەڵك موسڵمان دەبن وکەس نامێنێت سەرانە بدات ، وئەوەندە سامان زۆر دەبێت کەس نایەوێت ؛ وئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە خودا ﷻ لە ئاسمانە لەسەر عەرش چونکە بەرزکردنەوە لە شوێنێکی نزمەوە دەبێت بۆ شوێنێکی بەرز .

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَأُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا شَدِيدًا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٥٦﴾ جا ئەو کەسانەی کە بێباوەڕ بوون سزایەکی توندیان دەدەم لە دونیا ودواڕۆژیش ، وکەس سەرخەر وپشت وپەنایان نییە دەربازیان بکات لە سزای خودا .

زانایان دەڵێن : سزای دونیای ئەو کەسانە بریتییە لەو ڕاڕای وترس ودڵەڕاوکێ وپەشیمانی ودڵتەنگی وسەخڵەتیەی کە تووشی دەبن ، یان ئەوەیە کە بە دەستی موسڵمانانەوە تووشی کوشتن وبەدیل گیران وسەرانە لێسەندن دەبنەوە .

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٧﴾ وئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە وکردەوەی باش ئەنجام دەدەن پاداشتەکانیان بە تەواوی دەدرێتەوە ، وخودا ﷻ ستەمکارانی خۆش ناوێت .

باوەڕ بریتییە لە : باوەڕهێنان بە خودا وبە فریشتەکان وکتێبەکان وپێغەمبەران وڕۆژی دوایی وبە قەدەری خێر وشەڕ ، کردەوە کاتێك وەسف دەکرێت بە کردەوەی باش ئەگەر دوو مەرجی تێدا بە دیبێت ، یەکەم : ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە تەنها لەبەر خودا وبە دڵسۆزییەوە بێت ، دووەم : بە گوێرەی ڕێنماییەکانی شەرع ولەسەر سوننەت بێت ،

وپێچەوانە وشتێکی داهێنراو نەبێت ، ولە زۆر شوێنی قورئاندا باسی باوەڕ وکردەوەی باش پێکەوە هاتووە وپەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان هەیە واتە : هەتاکو بەندە کردەوەی باش زیاتر ئەنجام بدات باوەڕی پێ زیاد دەکات ، وئەگەر کەمتەرخەم بێت لە ئەنجامدانی کردەوەی باش باوەڕی لاواز دەبێت ، خودا ئەنجامی کردەوەکانی ناوبرد بە پاداشت ئەوە فەزڵی پەروەردگارە بەسەر بەندەکانییەوە ، چونکە هیچ کردەوەیەك کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات ناگاتە ئەوەی پاداشتەکەی بە هەشت بێت ئەگەر فەزڵ وبەزەیی خودا نەبێت ، بوخاری ومسلم لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ دەیفەرموو : هیچ کەس کردەوەی خۆی نایباتە بە هەشتەوە ، وتیان : تۆش ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، فەرمووی : بەڵێ ، منیش مەگەر خودا بە فەزڵ وڕەحمەتی خۆی دامپۆشێت وڕەحمم پێ بکات .

﴿ذَٰلِكَ نَتۡلُوهُ عَلَيۡكَ مِنَ ٱلۡأٓيَٰتِ وَٱلذِّكۡرِ ٱلۡحَكِيمِ ٥٨﴾ ئەوەی بەسەرتدا خوێندمانەوە دەربارەی پێغەمبەر عیسا عليه السلام ودایکی وحەوارییەکان وزەکەریا عليه السلام ویەحیای کوڕی عليه السلام بەڵگە وفەرموودەی خودان ولە ئایەتەکانی قورئانی پڕ دانایی وکارلەجێیەوە بۆمان دابەزاندوویت .

﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٥٩﴾ دروستکردنی پێغەمبەر عیسا عليه السلام بەبێ باوك هاوشێوەی دروست کردنی ئادەمە عليه السلام لە لای خودا ، کە خودا لە خۆڵ دروستی کرد وپاشان فەرمووی ببە ،یەکسەر دروست بوو.

پێغەمبەر عیسا ﷺ بە وشە وفەرمانێکی خودا دروست بوو ، وهاوشێوەی دروستکردنەکەی ئادەم ﷺ کە خودا ﷻ لە خۆڵ دروستی کرد وبە وشەیەك فەرمانی پێکرد دروست ببێت ئەویش دروست بوو ، ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە خودا قسە دەکات چۆن بیەوێت وکەی بیەوێت وبە پیت قسە دەکات ، وبە دەنگێکی بیستراو بە شێوەیەك شایستەی زاتی پیرۆزی خودایە .

﴿ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ٦٠﴾ ڕاستی وڕەوایی لە باسی دروستکردنی پێغەمبەر عیسا ﷺ وئادەم ﷺ ئەوەیە کە پەروەردگارت بۆی گێڕایتەوە ، بۆیە دڵنیابە ولەو کەسانە مەبە کە گومانیان هەیە .

﴿فَمَنۡ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ فَقُلۡ تَعَالَوۡاْ نَدۡعُ أَبۡنَآءَنَا وَأَبۡنَآءَكُمۡ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمۡ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمۡ ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ ٦١﴾ هەرکەس ویستی مشتومڕ ودەمەقاڵێت لەگەڵدا بکات دەربارەی عیسا ﷺ کە بەندە ودروستکراوی خودایە دوای ئەوەی زانست وزانیاریت بۆ هات ، بڵێ : وەرن منداڵەکانی ئێمە ومنداڵەکانی ئێوە وئافرەتانی ئێمە وئافرەتانی ئێوە ، وخۆمان وخۆتان کۆ ببینەوە وپاشان نزا دەکەین ودەپاڕێینەوە ونەفرەتی خودا لە درۆزنان دەکەین .

ئەم ئایەتە پێی دەگوترێت ئایەتی موباهەلە زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن : ئەو شاندەی لە گاورەکانی نەجران هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ لە ساڵی نۆی کۆچی مشتومڕ ودەمەقاڵێیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ کرد دەربارەی عیسا ﷺ ودایکی وچۆنییەتی دروست بوونی ، ودەیانگوت : عیسا ﷺ باوکی نییە وخودا باوکی عیسایە

عليه السلام ؟! ، وخودا وعیسا ودایکی سێ خودان ؟! ، خودا زانیاری دایە پێغەمبەرەکەی وباسی عیسا ودایکی وچۆنییەتی دروست بوونی بۆ کرد وفەرمانی پێکرد هەرکەس باوەڕی بە ئایەتەکانمان نەهێنا ومشتومڕی لەگەڵ کردی موباهەلەی لەگەڵ بکە ، واتە : بانگیان بکە پێکەوە لە خودا بپاڕێنەوە ونەفرەتی خودا بکەن لەوانەی درۆ دەکەن ، گاورەکان زانیان درۆ دەکەن وترسان لە نزا وپاڕانەوەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ بۆیە ناچار بوون سەرانە بدەن ، بوخاری ومسلم لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : العاقب والسید دووکەسی خەڵکی نەجران بوون هاتن ویستیان موباهەلە بکەن لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ، یەکێکیان بە هاوەڵەکەی وت : موباهەلەی لەگەڵ مەکەن سوێند بە خودا ئەگەر پێغەمبەر بێت هەرگیز سەرفراز نابین ووەچەمان دەبڕێتەوە ، وتیان : ئێمە ئەوەی تۆ داوای دەکەیت پێتی دەدەین ، کەسێکی دەستپاك وئەمینمان لەگەڵدا ڕەوانە بکە ، تکایە با دەست پاك وئەمین بێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کەسێکتان لەگەڵدا ڕەوانە دەکەین کە ئەمانەت پارێز ودەستپاکە بەحەق ، هاوەڵان خۆیان پیشانی پێغەمبەری خودادا ﷺ فەرمووی : هەستە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراح رضي الله عنه ، کاتێك هەستا پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەمە ئەمین ودەستپاکی ئەم ئومەتەیە ؛ ومسلم لە سەعدی کوڕی ئەبووەقاصەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ﴾ پێغەمبەری خودا ﷺ بانگی عەلی وفاطمە وحەسەن وحوسەینی رضي الله عنهم کرد وفەرمووی : پەروەردگارا ئەوانە کەسوکاری منن .


الجُزْءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمْرَانَ
إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ
﴿٦٣﴾ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا
وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ
بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟
بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ
وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ
﴿٦٥﴾ هَٰٓأَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ فَلِمَ
تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ
لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا
وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾
إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾ وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ
لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾ يَٰٓأَهْلَ
ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾
٥٨

﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾﴾ بێگومان بە ئەوەی بۆمان گێڕایتەوە دەربارەی پێغەمبەر عیسا ﷺ ئەوە حەق وڕاستییە ، وهیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت بە حەق جگە لە خودا ، وپێغەمبەر عیسا ﷺ خودا نییە بەڵکو بەندە وپێغەمبەری خودایە ، وبە دڵنیاییەوە تەنها خودا بالادەست ودانای کارلەجێیە .

﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾﴾ ئەگەر لایان لە بانگەوازی حەق نەکردەوە وپشتیان هەڵکرد ، دڵنیابە خودا زانا وئاگادارە بە حاڵی بەدکار وتێکدەر وخراپەکاران .

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾ بە گاور وجوولەکە خاوەن کتێبەکان بڵێ : وەرن با پێکبێین وکۆك وتەبابین لەسەر وشەیەکی دادگەرانەی یەکسان لە نێوان ئێمە وئێوەدا ، هیچ شتێك نەپەرستین جگە لە خودا وهاوبەشی بۆ بڕیارنەدەین وهەندێکمان هەندێکی ترمان نەکەین

بە پەروەردگار وپەرستشی بکەین جگە لە خودا ، ئەگەر گوێیان نەگرت وپشتیان هەڵکرد ، بڵێن : ئێوە بە شاهیدبن کە ئێمە موسڵمانین وملکەچ وفەرمانبەرداری خوداین .

دەربارەی ئەم ئایەتە بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە لە فەرموودەیەکی درێژدا کە تیایدا هاتووە دەڵێت : دوای پەیماننامەی حودەیبیە پێغەمبەری خودا ﷺ نامەی بۆ هرەقلی کاربەدەستی ڕۆمەکان نارد وبۆی نوسی : بە ناوی خودای بەخشندەی بە بەزەیی ، لە محمدی پێغەمبەری خوداوە بۆ هرەقلی گەورە وکاربەدەستی ڕۆمەکان ، سلاو لەو کەسانەی شوێن هیدایەتی خودا دەکەون ، دوای ئەوە : من بانگەوازت دەکەم بۆ ئیسلام ، موسڵمانبە سەلامەت دەبیت ، موسڵمانبە خودا دووجار پاداشتت دەداتەوە ، ئەگەر موسڵمان نەبیت وپشت هەڵبکەیت ئەوە تاوانی هەموو شوێنکەوتەکانت دەکەوێتە ئەستۆ ، وئەم ئایەتەی بۆ نوسی : ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤﴾ .

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ٦٥﴾ ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی مشتومڕ ودەمەقاڵێتانە دەربارەی پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام جوولەکە دەڵێن : جوولەکە بووە ، وگاور دەڵێن : گاور بووە ، لە کاتێکدا ئێوە دەزانن تەورات وئینجیل دوای پێغەمبەر ئیبراهیم دابەزیون ، ئەوە بۆ بیرناکەوە وژیریتان بەکار ناهێنن .

القنوجی دەڵێت : زانایان ناکۆکن لەسەر ئەو ماوەیەی نێوان ئیبراهیم وموسا ، وموسا وعیسادا عليهما السلام کە چەند ساڵ بووە ، القرطبی دەڵێت : دەڵێن : نێوان ئیبراهیم وموسا هەزار ساڵ بووە ، ونێوان موسا وعیسی دوو هەزار ساڵ بووە ، وئیبن ئیسحاق والطبری والبیهقی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : گاورەکانی نەجران وزاناکانی جوولەکە لای پێغەمبەری خودا ﷺ کۆبوونەوە بووە ناکۆکییان ، زانا جوولەکەکان وتیان : ئیبراهیم جوولەکە بووە ، گاورەکان وتیان : ئیبراهیم گاور بووە ، خودا ئەم ئایەتانەی دەربارەیان دابەزاند : ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ﴾ هەتاکو : ﴿وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٦٨﴾ .

﴿هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ حَٰجَجۡتُمۡ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيۡسَ لَكُم بِهِۦ عِلۡمٞۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٦٦﴾ ئێوە دەربارەی ئەوەی زانیاریتان هەبوو مشتومڕتان کرد ، ئەی بۆچی مشتومڕ ودەمەقاڵێ دەکەن دەربارەی باسێك کە زانیاریتان نییە لە بارەیەوە ، وخودا دەزانێت وئێوە نازانن .

ئەم ئایەتە لۆمەی کەسانێك دەکات کە بەبێ زانست قسە دەکەن ، لە کاتێکدا پێویستە کەسێك دەربارەی پرسێك زانست وزانیاری نەبێت بێدەنگ بێت .

﴿مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧﴾ ئیبراهیم عليه السلام نە جوولەکە بووە ونە گاور ، بەڵکو کەسێکی یەك خوا پەرست وموسڵمان بووە ودوور بووە لە هاوبەش بڕیاردەران .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە ئاینی هەموو پێغەمبەرانی خودا ئیسلام بووە ئەگەرچی لە شەریعەتەکانیاندا هەندێك جیاوازی هەبووبێت ، بەڵام بانگەوازی هەموویان بۆ یەك خوا پەرستی ودووربوون لە هاوبەش بڕیاردان وهاوبەش بڕیاردەران بووە ، ئیبن عثیمین دەڵێت : ﴿مُّسۡلِمٗا﴾ واتە : ملکەچی خودا بووە بە ئاشکرا وبە پەنهان ، ئەمەش هەموو ئیسلامە کە بریتییە لە : کردارەکانی ئەندامەکانی لاشە وباوەڕیش دەگرێتەوە کە کرداری دڵە ، ئەمەش ڕێسایەکی گرنگە هەرکات ئیسلام بە ڕەهایی وبە تەنها باسکرا باوەڕیش دەگرێتەوە ، وئەگەر باوەڕ بە تەنها باسکرا ئیسلامیش دەگرێتەوە ، ئەگەر پێکەوە باسکران ئیسلام باسی ڕەواڵەتە وباوەڕ باسی ناخە ، ئەمە ڕێسایە لای ئەهلی سوننەت وجەماعەت .

﴿إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٦٨﴾ بێگومان ئەو خەڵکانەی لە هەمووان لە پێشتر ونزیکترن بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم عليه السلام ئەوانە بوون کە شوێنی پەیامەکەی کەوتن ، وپێغەمبەری ئیسلام ﷺ وباوەڕدارانن ، وخودا دۆست وپشتیوانی باوەڕدارانە .

لای زانایان ڕێسایەکی باو هەیە دەڵێت : حوکمێك پەیوەست بێت بە وەسفێکەوە بەهێزتر دەبێت لە کاتی بەهێزبوونی ئەو وەسفە تیایدا ، لێرە هەرکەس باوەڕەکەی بەهێزتر وکامڵ تربێت خۆشەویستی وپشتیوانی خودا بۆی زیاترە .

﴿وَدَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَوۡ يُضِلُّونَكُمۡ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ٦٩﴾ کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان ئاواتەخواز بوون وپێیان خۆش بوو ئێوە گومڕا بکەن ولە ئیسلام هەڵتان بگەڕێننەوە ، بەڵام تەنها خۆیان گومڕا وسەرگەردان دەکەن لە کاتێکدا کە هەست ناکەن .

شەوکانی دەڵێت : ئەوانە کۆمەڵێك لە جوولەکەکانی بەنوالنضیر وبەنوقریظە وبەنوقینقاع بوون کە داوایان لە کۆمەڵێك لە موسڵمانان کرد ببنە جوولەکە ولە ئیسلام پاشگەز ببنەوە ، ووتراوە هەموو خاوەن کتێبەکان دەگرێتەوە .

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ ٧٠﴾ ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی بە ئایەتەکانی خودا بێباوەڕن ونکولییان لێ دەکەن ، لە کاتێکدا ئێوە دەزانن وشاهیدن کە محمد ﷺ وئاینەکەی ڕاستن ولە کتێبەکانتاندا مژدەی هاتنی باسکراوە .

والطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە السدییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَكۡفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ واتە : چۆن باوەڕ ناهێنن بە محمد ﷺ ، ﴿وَأَنتُمۡ تَشۡهَدُونَ﴾ واتە : لە کاتێکدا ئێوە شاهیدن کە حەقە وباسی لە کتێبەکانی ئێوەدا هاتووە .

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٧١﴾ ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی پۆشاکی ناڕەوا بەبەر حەق وڕەوایەتیدا دەکەن وتێکەڵیان دەکەن وحەق وڕاستی دەشارنەوە ، لە کاتێکدا ئێوە دەزانن ئیسلام حەقە وئەو شاردنەوەیە کارێکی ناڕەوایە .

ئەم ئایەتە هەڕەشە وسەرزەنشت وسەرنج ڕاکێشانی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە حەق دەزانن وکردەوەی پێناکەن وبۆ خەڵکی ڕوون ناکەنەوە ، بەڵکو دەیپۆشن وحەق وناحەق تێکەڵ دەکەن وخەڵك سەرگەردان وچەواشە دەکەن ، ئەمە هەموو بانگخوازە گومڕا ولاڕێ وموبتەدیعەکان دەگرێتەوە ، چونکە زۆربەیان ڕاستی دەزانن وبە مەرام ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکەن ودەیشێوێنن وخەڵك چەواشە وسەرگەردان دەکەن ، ئەبوداود والترمذی وئیبن ماجە


الجزء الثالث سورة آل عمران

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لِمَ تَلۡبِسُونَ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ وَتَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ
وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٧١ وَقَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامِنُواْ
بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ
لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٧٢ وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ قُلۡ إِنَّ
ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ
عِندَ رَبِّكُمۡۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ
وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٧٣ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ
ٱلۡعَظِيمِ ٧٤ ۞ وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ
يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ
إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي
ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ
٧٥ بَلَىٰ مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ
٧٦ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا
أُوْلَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ
إِلَيۡهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٧٧

٥٩

لە ئەبوهرەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك دەربارەی شتێك پرسیاری لێبکرێت وبیزانێت وبیشارێتەوە لەغاو دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا بە لەغاوێکی ئاگرین ؛ پێویستە بانگخوازانی حەق کەسانی ڕاشکاوبن ووشە وزاراوەی ڕوون بەکاربهێنن وبوار بەجێ نەهێڵن بۆ ئەوەی وتەکانیان چەند لێکدانەوەیەك هەڵبگرێت .

﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٞ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامِنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَجۡهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكۡفُرُوٓاْ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٧٢﴾ کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان لە نێو خۆیاندا پرس وڕاوێژیان کرد ووتیان : بە باوەڕداران بڵێن : باوەڕمان هێناوە بەوەی دابەزیوەتە سەر باوەڕداران لە سەرەتای ڕۆژ ولە کۆتایی ڕۆژدا بێباوەڕ ببنەوە ، بەڵکو خەڵکانێك چاو لە ئێوە بکەن ولە ئاینەکەیان پاشگەزببنەوە وهەڵگەڕێنەوە .

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە دەبێت مرۆڤ جێگیر ودامەزراو بێت ولەرزۆك وڕاڕا نەبێت هەر ڕۆژە لە ئاوازێك بخوێنێت ، ونابێت هیچ کردارێك لە شەرعدا ئەنجام بدات بەبێ زانست ، ئەگەر کردارێکی باشی ئەنجامدا پێویستە بەردەوام بێت لەسەری ونەبێتە بیانو وفیتنە بۆ کەسانێکی باوەڕ لاواز ، بوخاری ومسلم لە مەسروقەوە ڕیوایەتیان کردووە

دەڵێت : پرسیارم لە عائیشە کرد رضي الله عنها ، کام کردار لای پێغەمبەری خودا ﷺ خۆشەویسترین بوو ، وتی : ئەو کردەوەی کە بەردەوام دەبوو لەسەری ؛ ئەمە فێڵێك بوو جوولەکەکان کردیان بۆ ئەوەی کەسانێك لە ئاینەکەیان هەڵگەڕێننەوە وبڵێن : ئەمانە خاوەن کتێبن وشارەزاییان هەیە لەوانەیە کەم وکورتی ئیسلامیان بۆ دەرکەوتبێت وئاینەکەی خۆیان لە ئیسلام باشتر بێت بۆیە بەو خێراییە هەڵگەڕانەوە وپاشگەز بوونەوە ، بەڵام ئەو فێڵ وتەڵەکەیە لە ماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازتربوو ، بوخاری ومسلم لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : هرەقل پرسیاری لە ئەبوسوفیان رضي الله عنه کرد کاتێك لە شام بینی دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ وپێی وت : کەسیان پەشیمان دەبێتەوە دوای ئەوەی باوەڕ دەهێنێت وەك بێزاری وڕق لە ئاینەکەی ؟ ئەبوسوفیان رضي الله عنه لە وەڵامیدا وتی : نەخێر ، هرەقل وتی : باوەڕ بەو شێوەیە ئەگەر لە ناخی دڵی کەسێکدا جێگیربێت لێی پەشیمان نابێتەوە ؛ والطبری وئیبن ئەبوحاتەم لە السدییەوە ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : ﴿وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ﴾ زاناکانی جوولەکە بەوانەیان دەگوت کە لە خوار خۆیانەوە بوون : باوەڕ بهێنن بە محمد وهاوەڵەکانی لە سەرەتای ڕۆژ وبڵێن : ئێمە موسڵمان بووین ، پێش ئاوابوونی خۆر بڕۆنەوە بۆ لایان وپێیان بڵێن : ئێمە گەڕاوینەوە سەر ئاینەکەی خۆمان ، ئێمە پرسیارمان لە زاناکانمان کرد ، پێیان ڕاگەیاندین کە ئاینەکەی ئێوە پووچ وبێ بنەمایە ، لەبەر ئەوە وازمان لە ئاینەکەی ئێوە هێناوە وگەڕاوینەتەوە سەر ئاینەکەی خۆمان کە لەو ئاینەی ئێوە باشترە ، بەڵکو گومانیان لا دروست ببێت ، وبڵێن : ئەمانە سەرەتای ڕۆژ موسڵمان بوون ئەوە چییانە وچی دەڵێن ؟ خودا موسڵمانانی لە ئەو فێڵەیان ئاگادار کردەوە .

﴿وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ قُلۡ إِنَّ ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ عِندَ رَبِّكُمۡۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٧٣﴾ جوولەکەکان هەندێکیان بە هەندێکی تریان دەگوت : باوەڕ مەهێنن ونهێنییەکانتان لای کەس مەدرکێنن جگە لە کەسێك نەبێت شوێن ئاینەکەتان کەوتووە ، ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : بێگومان هیدایەت بە دەستی خودایە کێی بوێت هیدایەتی دەدات ، ودەیانگوت : ئەو زانستەی دەیزانن بۆ کەس لە موسڵمانانی باس مەکەن بۆ ئەوەی لە ئێوەوە هاوشێوەی زانستەکەتان فێرنەبن ، یان بیکەن بە بەڵگە بەسەرتانەوە ومشتومڕتان لەگەڵدا بکەن لای پەروەردگارتان ، ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ : بێگومان فەزڵ وهیدایەت بە دەستی خودایە بە هەرکەسێکی دەبەخشێت کە بیەوێت ، وخودا فراوانی زانایە .

زانایان ناکۆکن لە لێکدانەوەی مانای ئەم ئایەتە وهەندێك لە زانایان دەڵێن : ئەم ئایەتە لە هەموو ئایەتەکانی تری ئەم سورەتە لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێت ، هەندێك دەڵێن : مانایەکی تری ئەوەیە : جوولەکەکان لە نێو خۆیاندا گوتیان : ئەو پیلانەی داتانڕشتووە لای موسڵمانەکان باسی مەکەن بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن ، وئەو زانیاریانەی کە دەیزانن دەربارەی محمد بۆ موسڵمانانی باس مەکەن بۆ ئەوەی لە ئێوەوە فێرنەبن وبیکەنە بەڵگە بەسەرتانەوە لای پەروەردگارتان کە حەقتان زانیوە وشوێنی نەکەوتوون ، وهەندێك دەڵێن : مانایەکی تری ئەوەیە : باوەڕ بە پەیامی کەس مەهێنن ، هاوشێوەی ئەوەی بە ئێوە بەخشراوە بەکەس نەبەخشراوە ، وناتوانن بەڵگەتان بەسەردا ساغ بکەنەوە لای پەروەردگارتان ، چونکە ئاینەکەی ئێوە لە هەموو ئاینەکان ڕاستترە ، وڕای تریشی لەسەر وتراوە .

﴿يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٧٤﴾ خودا ڕەحمەت وبەزەیی تایبەت دەکات بە هەرکەس بیەوێت ، وخودا خاوەن فەزڵی گەورە ومەزنە .

ڕاڤەکاران دەڵێن : ڕەحمەتی خودا ﷻ لەم ئایەتەدا بریتییە لە ئیسلام وقورئان وپێغەمبەرایەتی ، خودا ﷻ خاوەن فەزڵ وناز ونیعمەتی زۆر وفراوانە کەس ناتوانێ ڕێگربێت لە بەخشینی بە هەرکەس کە بیەوێت .

﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٥﴾ کەسانێك لە خاوەن کتێبەکان هەن کە کلورێك ماڵ وسامانێکی زۆری لا دابنێیت بە ئەمانەتەوە بۆتی دەگەڕێنێتەوە ، وهەیانە ئەگەر دیناریکی بە ئەمانەت بدەیتێ ناتداتەوە ئەگەر بەسەریەوە ڕانەوەستیت وناچاری نەکەیت ، بە پاساوی ئەوەی دەیانگوت : خواردنی سامانی ئەو عەرەبە نەخوێندەوارانە ئاساییە بۆ ئێمە وتاوانمان ناگات وبەناوی خوداوە درۆیان دەکرد وباشیش دەیانزانی ئەوە درۆیە کە دەیکەن .

بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ باسی کەسێکی لە خاوەن کتێبەکان کرد ، کە داوای قەرزی لە کەسێکی تر کرد بوو هەزار دیناری بە قەرز بداتێ ، پێی وت : چەند شاهیدێك بهێنە بیکەین بە شاهید ، وتی : خودا بەسە بۆ شاهیدی ، وتی : بریکارێکم بۆ بهێنە ، وتی : خودا بەسە بۆ کەفالەت ، خاوەن پارەکە وتی : ڕاست دەڵێیت ، پارەکەی دایە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، ئەویش لە دەریا

گەشتی کرد وپێداویستی خۆی بەو پارەیە بەجێهێنا ، پاشان دوای تەواو بوونی ماوەی قەرزەکە هەوڵیدا بەلەمێك پەیدا بکات وسواری بێت بۆ ئەوەی قەرزی پیاوەکە بباتەوە هیچی دەست نەکەوت ، دارێکی هێنا وکونی کرد وهەڵیکۆڵی ، وهەزار دینارەکەی تێکرد ونامەیەکی نووسی بۆ هاوەڵەکەی ، وشوێنی کونەکەی باش پێچا ، پاشان هێنای بۆ سەر دەریا ، وتی : خودایە تۆ دەزانی من هەزار دینارم لە فلاّن کەس بە قەرز وەرگرت ، داوای کەفیلی کرد ، وتم : خودا بەسە بۆ کەفیلی ، ورازی بوو بە تۆ ، وداوای شاهیدی کرد ، وتم : خودا بەسە بۆ شاهیدی ، رازی بوو بە تۆ ، ومن هەوڵمدا بەلەمێك پەیدا بکەم قەرزەکەی بۆ ببەمەوە دەستم نەکەوت ، من ئەم پارەیە بە تۆ دەسپێرم ، فڕێیدایە نێو دەریاکەوە وسەیری کرد هەتا لە چاو ون بوو ، پاشان ڕۆیشت وهەوڵی ئەوەی دەدا بەلەمێك پەیدابکات وبگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی ، ئەو پیاوەش کە قەرزەکەی پێدابوو چوو بۆ سەر دەریا وسەیری کرد بەڵکو کەشتییەك بێت وپیاوەکە پارەکەی بۆ بهێنێتەوە ، ئەو دارەی بینی کە پارەکەی تێدا بوو ، بردیەوە بۆ ماڵەوە بۆ سووتەمەنی ، کاتێك کردیەوە پارەکە ونوسراوەکەی بینی ، پاشان ئەو کەسەی کە قەرزەکەی پێدابوو هاتەوە وهەزار دیناری لەگەڵ خۆی هێنابوو ، وتی سوێند بەخودا بەردەوام هەوڵم دەدا سواریيەك پەیدا بکەم پارەکەت بۆ بهێنمەوە ، بەڵام هیچم دەست نەکەوت ئەوە نەبێت ئێستا پێی هاتووم بۆ لای تۆ ، وتی : تۆ هیچت بۆ من ناردووە ؟ وتی : پێت دەڵێم من هیچم دەست نەکەوت ئەو کەشتییە نەبێت کە ئێستا پێی هاتووم ، وتی : خودا ئەوەی لە دارەکەدا ناردت گەیاندی ، هەزار دینارەکەی خۆت ببەرەوە ؛ جوولەکەکان خۆیان بە گەلی هەڵبژێردراوی خودا دەزانن وخوێن وسەر وماڵی جگە لە خۆیان بە حەلاڵ دەزانن ، ئەو درۆیەش بە ناوی خوداوە دەکەن ودەڵێن : ئەوە لە ئاینەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە

وهەموو خەڵك دەبێت كۆیلە وخزمەتكاری ئێمەبن ، ئیبن ئەبوحاتەم لە مالكی كوڕی دینارەوە ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : دینار ناوی دیناری لێنراوە لەبەر ئەوەی (دین ونار) واتە : ئاین وئاگر ، هەركەس بە مافی خۆی وەریبگرێت ئایندارە ، وهەركەس بە نارەوا وەریبگرێت سزا دەرێت بە ئاگری دۆزەخ ، ئیبن حەجەر دەڵێت : مقاتلی كوڕی سلیمان دەڵێت : كۆمەڵی یەكەم موسڵمانانی خاوەن كتێبەكانن كە عبداللەی كوڕی سەلام وهاوەڵەكانی بوون كە موسڵمان بوون ، وكۆمەڵی دووەم : بێباوەڕانی جوولەكەن كە كەعبی كوڕی ئەشرەف وهاوەڵەكانی بوون ، الطبرانی لە صەعصەعەی كوڕی یەزیدەوە ڕیوایەتی كردووە وئەحمەد شاكر بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پیاوێك پرسیاری لە ئیبن عەباس رضي الله عنهما كرد وتی : ئێمە لە جەنگدا سامانی ئەو كەسانەی لە ئەستۆدان دەستی بەسەردا دەگرین لە مریشك ومەڕ وبزن ؟ ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : ئێوە چی دەڵێن لەوبارەیەوە ؟ وتی : دەڵێین : ئەوە ئاساییە وهیچ تاوانمان ناگات ، ئیبن عەباس رضي الله عنهما وتی : ئەمە وەك ئەو وتەی خاوەن كتێبەكانە : ﴿لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ﴾ ، ئەو كەسانە ئەگەر سەرانەیاندا سامانەكانیان حەڵاڵ نییە بۆتان بە ڕەزامەندی خۆیان نەبێت .

﴿بَلَىٰۚ مَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ وَٱتَّقَىٰ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ٧٦﴾ نەخێر وانییە ئەوەی وەفادار بێت بە پەیمانەكەی وپارێزكار بێت ولە خودا بترسێت ، ئەوا بە دڵنیاییەوە خودا پارێزكارانی خۆش دەوێت .

خودا ئەو بانگەشەی جوولەكەكانی بەدرۆ خستەوە وبە باشە باسی ئەو كەسانە دەكات كە وەفادارن وئەمانەت پارێزن وخیانەت ناكەن لەوەی بە ئەمانەت لایان دادەنرێت ، ولە خودا دەترسن وپارێزكارن ، ئەوەش ئامۆژگاری خودا بوو بۆ جوولەكەكان كە خیانەت لە

ئەمانەتەکانیان نەکەن بەڵام درۆ دەکەن ودەڵێن : سامانی جگە لە خۆمان بۆ ئێمە حەڵاڵە وئاساییە بیخۆین وهیچ تاوانمان ناگات .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا أُوْلَٰٓئِكَ لَا خَلَٰقَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيۡهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٧٧﴾

بێگومان ئەو کەسانەی پەیمانی خودا وسوێندەکانیان دەگۆڕنەوە بۆ بەدەستهێنانی شتێکی کەم لە دونیا ، ئەوانە هیچ بەشێکیان نییە لە دوارۆژدا ، وخودا قسەیان لەگەڵ ناکات وتەماشایان ناکات ولە ڕۆژی قیامەتدا لە تاوان پاکیان ناکاتەوە وسزایەکی زۆر بە ئێش وئازاریان بۆ هەیە .

ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە سوێند خواردن بە درۆ تاوانێکی گەورە وترسناکە لە چەندان ئایەت وفەرموودەدا هۆشداری دراوەتە موسڵمانان کە خۆیان بە دوور بگرن لە سوێند خواردن بە درۆوە ، مسلم لە ئەبوذەری غەفارییەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سێ کەس خودا قسەیان لەگەڵدا ناکات وتەماشایان ناکات ولە تاوان پاکیان ناکاتەوە وسزایەکی زۆر بە ئێش وئازاریان دەدات ، دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ سێ جار ئەمەی فەرموو ، وتم : ڕیسوا ودۆڕاون ، کێن ئەو کەسانە ؟ فەرمووی : ئەو کەسەی دەرپێی شەرواڵەکەی لە خوار قولە پێکانییەوەیە ، وئەو کەسەی مننەت دەکات بەسەر کەسێکدا کە خێر وچاکەیەکی پێ بەخشیوە ، وئەو کەسەی بازاڕی کاڵاکەی بە سوێندی درۆ برەو پێدەدات ؛ بوخاری لە عبداللەی کوڕی ئەبوئەوفاوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : کەسێك کاڵایەکی لە بازاڕ نمایش کرد وسوێندی لەسەری خوارد کە بە ئەوەندە کڕیوییەتی وڕاستگۆ نەبوو بە ئەوەندە نەیکڕیبوو

، بۆ ئەوەی پیاوێکی موسڵمان فری وبدات وبیخاتە داوەوە ، ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا قَلِيلًا﴾ ؛ وبوخاری لە ئیبن مەسعودەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : هەر کەسێك سوێند لەسەر شتێك بخوات لەو سوێند خواردنەی درۆ بکات بۆ ئەوەی سامانی کەسێکی موسڵمان بە ناڕەوا بۆ خۆی ببات ، کاتێك دەگاتە خودا جل جلاله لێی تورەیە ، وخودا ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَشۡتَرُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَأَيۡمَٰنِهِمۡ ثَمَنٗا﴾ هەتاکو : ﴿عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ پاشان الأشعث رضي الله عنه هات ووتی باوکی عبدالرحمن چی بۆ گێڕانەوە ، باسەکەمان بۆ گێڕایەوە وتی : ڕاست دەکات ئەو ئایەتە لەسەر من دابەزیوە ، کێشەیەکم هەبوو لەگەڵ کەسێکدا لەسەر شتێك سکاڵامان بردە لای پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوو شاهید دەهێنیت یان ئەو دەبێت سوێند بخوات ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ سوێند دەخوات وهیچ گرنگ نییە بەلایەوە ، فەرمووی : کەسێك سوێند بخوات ودرۆ بکات بۆ ئەوەی سامانێك بۆ خۆی ببات کاتێك دەگاتە خودا لێی تورەیە ، خودا ئەم ئایەتەی بۆ پاڵپشتی ئەو باسە دابەزاند وخوێندیەوە .

﴿وَإِنَّ مِنۡهُمۡ لَفَرِيقٗا يَلۡوُۥنَ أَلۡسِنَتَهُم بِٱلۡكِتَٰبِ لِتَحۡسَبُوهُ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ٧٨﴾ وبەڕاستی کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان زمانیان بادەدەن لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەیان بۆ ئەوەی ئێوە وا گومان ببەن کە ئەوە لە کتێبی خودایە ، وئەوە لە کتێبی خودادا نەبوو ، ودەڵێن : ئەوە لای خوداوە دابەزیوە ، وبەڵام لای خوداوە دانەبەزی بوو ، وبەناوی خوداوە درۆدەکەن ودەشزانن ئەوە درۆیە کە دەیکەن .


الجزء الثالث سورة آل عمران

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُۥنَ أَلْسِنَتَهُم بِٱلْكِتَٰبِ لِتَحْسَبُوهُ
مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمَا هُوَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ
عِندِ ٱللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ
وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ
ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن
تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ
إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾ وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم
مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا
مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ
عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم
مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾ أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

٦٠

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ناپاکی جوولەکەکان وگۆڕینی فەرموودەی خودا ﷻ بە ویست وئارەزووی خۆیان ، بە جۆرێك قسەی ئاسایی خۆیان بە دەنگ دەخوێندەوە بۆ ئەوەی خەڵك وا گومان ببەن کە ئەوە لە ئایەتەکانی تەوراتە ، لەبەر بەدەستهێنانی شتێکی کەم لە سامانی دونیا یان پلەوپایە ودەسەڵاتێك ، بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : جوولەکە تەوراتیان بە زمانی عیبری دەخوێندەوە وبە عەرەبی لێکدانەوەیان دەکرد بۆ موسڵمانان ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خاوەن کتێبەکان نە بە ڕاستیان بزانن نە بە درۆ ، وبڵێن : باوەڕمان بە خودا هێناوە وبەوەی بۆ ئێمە دابەزیوە وبەوەی بۆ ئێوە دابەزیوە ، چونکە جێگەی متمانە نەبوون وناپاك بوون وگومانی درۆ ولێکدانەوەی هەڵەیان لێدەکرا .

﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾﴾ هیچ مرۆڤێك بۆی نییە کە خودا ﷻ کتێب وحوکم ودانایی وپێغەمبەرایەتی پێبەخشیبێت پاشان بە خەڵك بڵێت بەندایەتی بۆ من بکەن جگە لە خودا ، هیچ پێغەمبەرێك ئەوەی نەگوتووە بەڵکو فەرمانی بە خەڵك کردووە کە بەندەی خودابن ،

پێغەمبەران چۆن خەڵك بانگ دەكەن بۆ پەرستشی خۆیان لە كاتێكدا كە كتێبی خودا فێری خەڵك دەكەن وكتێبی خودا دەخوێننەوە .

﴿لِبَشَرٍ﴾ ناوێكی كۆیە وتاكی نییە ، وتراوە مانای ئەوەیە كاریگەری مژدەی خۆش لەسەر پێستی دەردەكەوێت ، یان مانای ئەوەیە كە مرۆڤ پێستی بە دەرەوەیە وبە موو وتووك وپەڕ وپوولەكە وەك زیندەوەرەكانی تر دانەپۆشراوە بۆ ئەوەی پۆشاك لەبەر بكات وجیاواز بێت لە زیندەوەرەكانی تر ، بەڵام ئەمڕۆ بەداخەوە دەبینیت خەڵكێكی زۆر خۆیان ڕووت دەكەنەوە بە تایبەت ئافرەتان ئەو پۆشاكەی كە خودا كردوویەتیە جوانی بۆ مرۆڤ ناپێۆشن ، وڕووتی وجلوبەرگ لەبەر نەبوون سزای خودایە ﷻ وەك دەفەرموێت : ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ ٢٧﴾(الأَعۡرَاف) ، كەواتە : ئەوە داو وفێڵی شەیتانە كە مرۆڤەكانی ڕووت كردووەتەوە بۆ ئەوەی عەیب وعاریان ببینرێت ، ئەم ئایەتە سەرنج ڕاكێشانی ئەو كەسانەی تێدایە كە بەشێك لە میراتی پێغەمبەرانیان پێبەخشراوە كە لە خۆبایی نەبن وبانگەوازی خەڵك بكەن بۆ لای خۆیان ، بەڵكو بە پێچەوانەی نەفام ونەزانەكانەوە دەبێت ئەوان سەرمەشقی خۆنەویستی وبانگەوازبن بۆ یەكخواپەرستی ودووربن لە هەموو ئەو نەخۆشیانەی كە دەبنە هۆكاری لە ڕێ دەرچوون وخۆویستی وخۆدەرخستن ، چونكە زانست دەبێت ئامراز وهۆكاری گەیشتن بێت بە خودا ، وهەركەسێك هەتاكو ئەو ئامراز وهۆكارەی زیاتربێت دەبێت زیاتر لە خودا بترسێت ، ﴿مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ زانایان دوو لێكدانەوەیان بۆ كردووە : جگە لە خودا ، یان لەگەڵ خودا بیانكەن بە هاوبەش لە پەرستندا ، ﴿رَبَّٰنِيِّـۧنَ﴾ بە چەند مانایەك لێكدانەوەی بۆ

کراوە : وتراوە ئەو کەسەی خەڵك پەروەردە دەکات بە بابەتە زانستیە بچووکەکان پێش گەورەکانی ، والمبرد دەڵێت : ئەو کەسانەن کە خاوەن زانستن ، ووتراوە : کەسێکە کە زانایە بە ئاینی پەروەردگار وبە توندی دەستی گرتووە بە ئاینەکەیەوە وگوێڕایەڵی پەروەردگارییەتی ، وئیبن عەباس رضي الله عنهما دەڵێت : دانای وزانایە ، ووتراوە : ڕەببانی ئەو کەسەیە کردەوە بە زانستەکەی دەکات ، ووتراوە ئەو کەسەیە زانایە بە حەڵاڵ وحەرام وفەرمان ویاساغییەکان ، ووتراوە ئەو کەسەیە کە زانایی وچاوساغی وسیاسەت کۆبکاتەوە پێکەوە ، وئەبوعوبەید دەڵێت : گومان دەبەم ئەم وشەیە عیبری یا سوریانی بێت ، کاتێك ئیبن عەباس رضي الله عنهما وەفاتی کرد محمدی کوڕی الحنفیە وتی : ئەمڕۆ ڕەبانییەکەی ئەم ئوممەتە کۆچی دوایی کرد .

﴿وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًاۗ أَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡكُفۡرِ بَعۡدَ إِذۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ٨٠﴾ وهیچ پێغەمبەرێك فەرمانتان پێناکات کە فریشتەکان وپێغەمبەران بکەن بە کۆمەڵە پەرستراوێك وجگە لە خودا بیانپەرستن ، ئایا دەشێت فەرمانتان پێبکەن بە بێباوەڕ بوون دوای ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان هێناوە وموسڵمان بوون .

ئەگەر حەڵاڵ کردن وحەرام کردن ودارشتنی ڕێسا وفەرمان ویاساغی کردن ئیشی فریشتەکان وپێغەمبەران نەبێت ، بێگومان ئیشی کەسانی تر نییە کە پلەوپایەیان لە خوار ئەوانەوەیە ! ، وئەو کەسانەی شەیتان بۆی ڕازاندوونەتەوە کە یاسا دابڕێژن ! ودەستکاری حوکم وفەرمانەکانی خودا بکەن ! بۆ نموونە : میراتی نێر ومێ یەکسان بکەن ؟! ، یان قەدەغەی فرەژنی بکەن ! ، دەبێت بزانن ئەوانە ستەم دەکەن وسنوری خۆیان بەزاندووە وکارێك دەکەن کە خودا ڕێگای بە پێغەمبەرە بەڕێزەکان وفریشتە نزیکەکانی نەداوە ئەوە

بکەن ، الترمذی لە عەدی کوڕی حاتەمەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە حەسەنی داناوە ، دەڵێت : هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ خاچێکی زێڕینم لە گەردن بوو ، فەرمووی : ئەی عەدی ئەم بتە لە گەردنت دەربهێنە وفڕێی بدە ، وگوێم لێ بوو لە سورەتی (براءة)ی خوێندەوە : ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١﴾ ، وتم : ئێمە نایان پەرستین ، فەرمووی : ئەوان ئەگەر شتێکیان حەڵاڵ کردبا بە حەڵاڵتان نەدەزانی وشتێکیان حەرام کردبا بە حەرامتان نەدەزانی ؟! ، وتم : بەڵێ ، فەرمووی : ئەوە پەرستنیانە .

﴿وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيۡتُكُم مِّن كِتَٰبٖ وَحِكۡمَةٖ ثُمَّ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مُّصَدِّقٞ لِّمَا مَعَكُمۡ لَتُؤۡمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥۚ قَالَ ءَأَقۡرَرۡتُمۡ وَأَخَذۡتُمۡ عَلَىٰ ذَٰلِكُمۡ إِصۡرِيۖ قَالُوٓاْ أَقۡرَرۡنَاۚ قَالَ فَٱشۡهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ٨١﴾ ئەوەیان بەیاد بهێنەوە کە خودا بەڵێن وپەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرتووە کاتێك کتێب ودانای وکارلەجێییم پێبەخشین پاشان ئەگەر پێغەمبەرێکی خاوەن شەریعەت وخاوەن پەیامان بۆ ڕەوانەکردن کە سەلمێنەر وبە ڕاست دانەری ئەوە بوو کە ئێوە پەیڕەوی دەکەن دەبێت باوەڕی پێبهێنن وپشتیوانی بکەن وسەری بخەن ، فەرمووی : ئەو بەڵێن وپەیمانە قورسە جەخت لێکراوە دەدەن ودانی پێدا دەنێن ؟ ، فەرموویان : دانمانپێدانا ، فەرمووی : دە بە شاهیدبن ، ومنیش لەگەڵتان شاهیدی دەدەم .

ئەم ئایەتە سەرنجی خاوەن کتێبەکان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی کە پێغەمبەرەکانیان بەڵێن وپەیمانیان بە خودا ﷻ داوە وخودا شاهیدە لەسەری کە ئەگەر پێغەمبەرێکی خاوەن پەیام

وشەریعەتم ڕەوانەکرد دەبێت باوەڕی پێبهێنن وشوێنی بکەون وسەری بخەن ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : خودا هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە بەڵێن وپەیمانی لێ وەرنەگرتبێت کە ئەگەر محمد ﷺ ڕەوانەکرا وزیندوو بوو باوەڕی پێدەهێنێت ودەبیتە پشتیوان وسەرخەری ، وفەرمانی پێکردووە کە بەڵێن وپەیمان لە ئوممەتەکەی وەر بگرێت کە ئەگەر محمد ﷺ ڕەوانەکرا وزیندووبوون باوەڕی پێبهێنن وپشتیوان وسەرخەرین .

﴿فَمَن تَوَلَّىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٨٢﴾ هەرکەس دوای ئەوە پەیمانەکەی بشکێنێت وبەڵێنەکەی نەباتە سەر وپشت هەڵبکات بێگومان ئەوانە کەسانێکی لادەرن ولە ئاینی خودا دەرچوون .

﴿ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ فاسق ولادەر دوو جۆرن ، یان تاوانە وبەهۆیەوە لە بازنەی ئیسلام ناچنە دەرەوە ، بەڵکو بەهۆی ئەو سەرپێچی وسنوربەزاندنەوە تاوانبار دەبن ، یان لە ئاین دەریان دەکات ودەیانباتە ڕیزی بێباوەڕانەوە ، وئەمەی دووەم لێرە مەبەستە ، چونکە ئەو گاور وجوولەکانەی پەیمان شکێنیان کردوو وئەو بەڵێنەی بە پێغەمبەرەکانیان دابوو نەیان بردەسەر بە هۆیەوە فاسق وبێباوەڕبوون .

﴿أَفَغَيۡرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبۡغُونَ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ٨٣﴾ ئایا جگە لە ئاینی خودا دەخوازن وداوا دەکەن ، لە حاڵێکدا هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدایە ملکەچی خودان ، پێیان خۆشبێت یان پێیان ناخۆشبێت ، وهەمووان بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە .


الجُزۡءُ الثَّالِثُ سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ
قُلۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ
وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ
وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ
وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن
يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ كَيۡفَ
يَهۡدِي ٱللَّهُ قَوۡمٗا كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ وَشَهِدُوٓاْ أَنَّ
ٱلرَّسُولَ حَقّٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمۡ أَنَّ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةَ ٱللَّهِ
وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ
عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ
بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ
وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ
كُفَّارٞ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ
ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾
٦١

هەموو دروستکراوەکان ملکەچ وژێر فەرمانی خودان کاتێك ویست وئیرادەی کەونی خودا شتێکی بوێت کەس ناتوانێت یاخی بێت ومل نەدات بۆ ئەو فەرمانەی خودا ، ئەم ئایەتە هەڕەشەیە لە ئەو کەسانەی کە جگە لە ئیسلام هەڵدەبژێرن ، وبەو هیدایەت وڕێنماییانە ڕازی نین کە خودا ﷻ دایبەزاندووە ، ئەوە لە کاتێکدا هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە ملکەچ وزەبوونی پەروەردگارە جا ئەو ملکەچییە بە ڕەزامەندی بێت یان بە ناڕازی ، وسەرئەنجام هەموو بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە وسزایان دەدات لەسەر ئەو ملهوڕ ومل نەدانەیان بۆ فەرمانەکانی خودا وباوەڕ نەهێنانیان .

﴿قُلۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٨٤﴾﴾ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پێیان بڵێ : ئێمە باوەڕمان هێناوە بە خودا وبەوەی بۆمان دابەزیوە کە قورئان وسوننەتە وئەوەی دابەزیوەتە سەر ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ویەعقوب ونەوەکانی وئەوەی بەخشراوە بە موسا وعیسا وئەوەی بەخشراوە بە

پێغەمبەران عليهم السلام لە لایەن پەروەردگاریانەوە ، وهیچ جیاوازییەك ناكەین لە نێوان هیچ كام لە پێغەمبەران وئێمە ملكەچ وگوێڕایەڵی خوداین وموسڵمانین .

ئەبوعالیە ورەبیع وقەتادە دەڵێن : ﴿ٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ دوازدە كوڕەكەی یەعقوبە عليه السلام هەریەكەیان كۆمەڵە منداڵێكیان لێ بووە ، وخەلیلی كوڕی ئەحمەدی فەراهیدی دەڵێت : ﴿ٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ لە نەوەكانی یەعقوبە وەكو هۆزەكانی نەوەكانی ئیسماعیل عليه السلام ، وبوخاری دەڵێت : ﴿ٱلۡأَسۡبَاطِ﴾ هۆزەكانی نەوەكانی یەعقوبە عليه السلام ، ئەوەی كە دەفەرموێت جیاوازی ناكەین لە نێوان پێغەمبەران وهەموویان خودا ڕەوانەی كردوون بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی یەكتاپەرستییە ، بەڵام شەریعەی هەریەكەیان جیاوازە خودا جل جلاله دەفەرموێت : ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ٤٨﴾(المَائِدَة) ، وپلەوپایەیان جیاوازە مسلم لە ئەبوهریرەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی كردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : من گەورە وسەرداری نەوەكانی ئادەمم لە ڕۆژی قیامەت ، ئیبن جزی الكلبی دەڵێت : ﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا﴾ لێرە بە (عَلَىٰٓ) هاتووە چونكە فەرموویەتی : ﴿قُلۡ﴾ ، بەڵام لە سورەتی (البقرە) بە (إلى) هاتووە چونكە فەرموویەتی : ﴿قُولُوٓاْ﴾ ، ودابەزینی بەم مانایە تایبەتە بە پێغەمبەری خوداوە صلى الله عليه وسلم ، و(إلى) پیتی ئامانجە كە مەبەست ئەوەیە گەیشتووەتە هەموو ئوممەت وبۆ هەمووانە .

﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥﴾ وهەركەس جگە لە ئاین وشەریعەتی ئیسلام ئاینێكی تر بخوازێت وداوای بكات لێی وەرناگیرێت ولە ڕۆژی قیامەتدا لە زیانمەندان دەبێت .

هەرکەسێك موسڵمان نەبێت ئەگەر کارێکی باشیش یان کارێکی خێرخوازی ئەنجام بدات لێی وەرناگیرێت ، بوخاری ومسلم لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە رضي الله عنها ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت کردەوەکەی ڕەت دەکرێتەوە ولێی وەرناگیرێت ؛ وهەرکەسێك ئاینێکی جگە لە ئیسلام هەڵبژێرێت جا گاور بێت یان جوولەکە یان بوزی یان ئاگرپەرست ئەو ئاینەی لێ قەبوڵ ناکرێت وهیچ پاداشتێکی چاك وەرناگرێتەوە ونیشتەجێی دۆزەخ دەکرێت وبەهەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە ، ئەم ئایەتە پەیامی ڕاشکاوی ئیسلامە وڕاچەڵەکێنەری ئەو گومڕا ولادەرانەیە کە شەو وڕۆژ بانگەشەی ئازادی ئاین دەکەن ، وهەڵبژاردنی ئاین بە مافی سروشتی مرۆڤەکان پێناسە دەکەن ، بەڵام خودا ﷻ دەفەرموێت : لە کەس قەبوڵ ناکەین جگە لە ئیسلام ئاینی تر هەڵبژێرێت ، چونکە خودا ﷻ کە مرۆڤی دروست کردووە وڕۆزی دەدات ودەیژێنێت وهەموو ناز ونیعمەتێکی بۆ فەراهەم کردووە تەنها ئەو شایانە بەرنامە دارێژەری ژیان بێت وئاین وپەیامی پەیڕەو بکرێت ، ئەگەر کەسێك مووچەیەکی مانگانە بدات بە فەرمانبەرێك بۆ ئەوەی لە کارگەیەك ئیش وکاری بۆ ڕاپەڕێنێت وئەرکێك ئەنجام بدات لێی قەبوڵ ناکات کەمتەرخەمی بکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی یان بچێت خزمەت بە دامەزراوە وکارگەیەکی تربکات ، نموونەی بەرزی بۆ خودا ﷻ کە دەفەرموێت : ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ ١٨﴾(النَّحل) ، کەواتە خودا ﷻ کە خاوەن ئەو هەموو فەزڵ وناز ونیعمەتەیە بەسەر خەڵکەوە وباشترین وکاملترین بەرنامەی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە فەرمانی کردووە پەیڕەوی بکەن بەبێ بەرامبەریش ئەوەی لێ داوا نەکردوون ، بەڵکو بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردوون کە چاو نەیبینیوە وگوێ نەیبیستوە وبە خەیاڵی دڵی مرۆڤیشدا نەهاتووە

، لە دادگەرییە قەبوڵ نەکات لە کەس جگە لە ئیسلام ئاین ژیانی بێت ، وئەگەر سەرپێچی بکات هەڕەشەی لێکردووە وتوندترین سزای دەدات بە ئاگری سوتێنەر وتاقەت پڕوکێنەری دۆزەخ .

﴿كَيْفَ يَهْدِى ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓا۟ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾﴾ چۆن خودا هیدایەتی گەلێك دەدات کە کوفریان کرد وبێباوەڕ بوونەوە دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا وگەواهیاندا کە بێگومان پێغەمبەری خودا ﷺ حەق وڕاستە وبەڵگە ونیشانەی ڕوون وئاشکرایان بۆ هات ، وخودا هیدایەتی کەسانی ستەمکار نادات .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی باوەڕ دەهێنێت وپاشان پاشگەزدەبێتەوە وهەڵدەگەڕێتەوە ، تاوانەکەی لەو کەسە گەورەترە کە حەق وڕاستی نەناسیوە وموسڵمان نەبووە ولەسەر کوفر وبێباوەڕییەکەی خۆی ماوەتەوە ، لەبەر ئەوە : تاوان وسزای بێباوەڕێکی هەڵگەڕاوە گەورەتر وسەختترە لە دونیا ودوارۆژیش ، لە دونیا ئەوکەسەی لە بنەڕەتدا بێباوەڕە ناچار ناکرێت کە موسڵمان بێت ، بەڵام کەسێك لە ئاینەکەی هەڵگەڕابێتەوە ناچار دەکرێت کە موسڵمان بێتەوە یان دەکوژرێت ، بوخاری لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەرکەس ئاینەکەی گۆڕی وهەڵگەڕایەوە لە ئیسلام بیکوژن .

﴿أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمۡ أَنَّ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةَ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ٨٧﴾ ئەو کەسانە سزایان ئەوەیە کە نەفرەتی خودا ﷻ وفریشتەکان وهەموو خەڵکیان لەسەرە ولە ڕەحمەتی خودا دوور دەخرێنەوە .

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ٨٨﴾ بە هەمیشەیی لەو نەفرەتەدا دەمێننەوە وڕەحمەتی خودا ﷻ نایانگرێتەوە وسزایان لەسەر سووك ناکرێت وهیچ مۆڵەتێکیشیان پێنادرێت .

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ٨٩﴾ جگە لە ئەو کەسانەی دوای هەڵگەڕانەوەیان تەوبە دەکەن وپەشیمان دەبنەوە وکردەوەی باش ئەنجام دەدەن وئەوەی خراپیان کردووە هەوڵی باش کردنەوەی دەدەن ، بێگومان خودا پۆشەری تاوانە ولێبوردە وبە بەزەییە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە ئەگەر کەسێك لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە وپاشان تەوبەی کرد وموسڵمان بوویەوە وئەوەی خراپی کردووە هەوڵی چاك کردنەوەی بدات خودا ﷻ تاوانەکانی دەپۆشێت وتەوبەکەی قەبوڵ دەکات وڕەحمی پێدەکات ، زانایان کۆمەڵە مەرجێکیان بۆ تەوبەکردن لە تاوان دیاری کردووە ، یەکەم : بە دڵسۆزییەوە وتەنها لەبەر خودا ﷻ تەوبە بکات ، دووەم : پەشیمان بوونەوە لەو تاوانەی کە لە ڕابردوو ئەنجامیداوە ، سێیەم : یەکسەر واز لەو تاوانە بهێنێت ، ئەگەر مافی خودا بوو یان ئەوەیە واجبێکی ئەنجام نەدابوو یان حەرامێکی ئەنجامدا بوو ، دەبێت ئەو واجبەی کە ئەنجامی نەداوە دوای تەوبەکردنی ئەنجامی بدات ، وئەگەر حەرامێکی ئەنجام دابێت دەبێت دەستی لێ

هەڵبگرێت ، بۆ نموونە کەسێك مەی بخواتەوە دەبێت دوای تەوبەکەی نەیخواتەوە ، وئەگەر مافی خەڵك بوو دەبێت مافەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە ، ئەگەر مافی جەستەییانی پێشێل کردبێت وەك لێدان یان سامانی بە ناڕەوا بردبێت یان کەسایەتی ڕوشاندبێت وەك غەیبەت وبوهتان کردن دەبێت مافە ماددییەکان بگەڕێنێتەوە ومافە مەعنەویەکانیش گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات ئەگەر لە توانای دابوو ئەگەرنا نزا وپاڕانەوەی خێری بۆ دەکات ، وئەگەر تاوانەکەی بیدعە وداهێنان بوو لە شەریعەتدا وکەسانێك بە هۆی وتار ونوسینەکانییەوە گومڕا بووبن ، پێویستە بە ئاشکرا پەشیمان ببێتەوە وهەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات وڕایبگەیەنێت کە لە ڕابردوو خراپ وگومڕا بووە وئێستا خودا هیدایەتی داوە ، چوارەم : دەبێت سور بێت لەسەر ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر ئەو تاوانە ، پێنجەم : لە کاتێکدا تەوبە بکات کە ماوە مابێت واتە : پێش دووکات ، پێش سەرەمەرگ وگەیشتنی ڕوح بە قوڕگ وپێش ئەوەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت ، النسائی لە ئیبن عەباسەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پیاوێك لە پشتیوانان موسڵمان بوو ، پاشان هەڵگەڕایەوە وچوو بۆ لای هاوبەش بڕیاردەران ، پاشان پەشیمان بوویەوە ، پەیامی نارد بۆ کەسوکارەکەی پرسیارم بۆ بکەن لە پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا تەوبەم بۆ هەیە ؟ کەسوکارەکەی هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ وتیان : فلان کەس پەشیمان بووەتەوە وپەیامی بۆ ناردووین کە پرسیارت لێبکەین ، ئایا تەوبەی بۆ هەیە ؟ ئەم ئایەتانە دابەزی : ﴿كَيۡفَ يَهۡدِي ٱللَّهُ قَوۡمٗا كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ﴾ هەتاکو ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٨٩﴾ .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ٩٠﴾ بێگومان ئەو کەسانەی کوفریان کرد وبێباوەڕ بوون دوای باوەڕهێنانیان وپاشان کوفر وبێباوەڕیان زیاتربوو تەوبەیان لێ وەرناگیرێت ، ئەوانە کەسانێکی لادەر وگومڕان .

زانایان ناکۆکن لە لێکدانەوەی ﴿لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ﴾ ، ئیبن ئەبوحاتەم لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : تەوبەیان لێ قەبوڵ ناکرێت ئەگەر لەسەرە مەرگدا تەوبە بکەن ، وهەندێکی تریان دەڵێن : خودا هیدایەتی نادات بۆ ئەوەی تەوبە بکات ، والطبری لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡدَ إِيمَٰنِهِمۡ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا﴾ ئەو کەسانە جوولەکەکانی دوژمنی خودان بێباوەڕ بوون بە ئینجیل وبە عیسا عليه السلام وپاشان کوفر وبێباوەڕیان زیاتربوو بە محمد ﷺ وقورئان ، ئەحمەد لە معاویەی کوڕی حیدەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووە وئەلبانی بە صەحیحی داناوە دەڵێت : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : خودا سبحانه وتعالى تەوبەی بەندەیەك قەبوڵ ناکات کافر بووبێت دوای موسڵمان بوونی ؛ ئەلبانی دەڵێت : واتا کاتێك کافر وبێباوەڕە تەوبەی لە تاوان لێ قەبوڵ ناکات ، چونکە تەوبەکردن لە تاوان کردارە ، وهاوبەش بڕیاردان هەڵی دەوەشێنێتەوە خودا دەفەرموێت : ﴿لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ ٦٥﴾(الزُّمَر) ، هەروەها مانای ئەو فەرموودەی خودا لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت : ﴿لَّن تُقۡبَلَ تَوۡبَتُهُمۡ﴾ ، واتە : تەوبەیان لێوەرناگرێت ، لە کاتێکدا بێباوەڕن وموسڵمان نەبوون ، بەو شێوەیە هەندێك لە سەلەف لێکدانەوەیان بۆ ئەو ئایەتە کردووە ، الآلوسی دەڵێت : وتراوە : ئەمە تەوبەکردنیان نەبووە لە کوفر وبێباوەڕی بەڵکو تەوبەکردن بووە لە کۆمەڵە تاوانێك کە ئەنجامیان دەدا

وتەوبەیان لێدەکرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێداگر بوون لەسەر بێباوەڕی ، ئەوەیان لێ قەبوڵ نەکرا ، ئەوەش پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات ئەوەیە کە الطبری لە ئەبوالعالییەوە ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : جوولەکە وگاور بێباوەڕ بوون وکوفریان کرد دوای باوەڕ هێنانیان پاشان کوفرکردنیان زیاتربوو بە کۆمەڵە تاوانێك کە ئەنجامیان دەدا پاشان دەچوون تەوبەیان لەو تاوانانە دەکرد ، لەگەڵ ئەوەی لەسەر کوفر بەردەوام بوون ، لەبەر ئەوە ئەو تەوبەیەیان لێ قەبوڵ نەکرا ، ئەگەر لەسەر هیدایەت بوونایە لێیان وەردەگیرا بەڵام لەسەر گومڕایی وبێباوەڕی بوون .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٞ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٩١﴾ بێگومان ئەو کەسانەی بێباوەڕ بوون ومردوون بە بێباوەڕی لە هیچ کەسێکیان وەرناگیرێت ئەگەر پڕاوپڕی سەر زەوی زێڕ ببەخشێت بۆ ئەوەی قەرەبووی کوفر وبێباوەڕی وتاوانەکانی بکاتەوە وخۆی ڕزگار بکات ، ئەو کەسانە سزایەکی بە ئێش وئازاریان بۆ هەیە وکەسیش نییە پشت وپەنا وسەرخەریان بێت ولەو سزایە ڕزگاریان بکات .

بوخاری ومسلم لە ئەنەسەوە رضي الله عنه ڕیوایەتیان کردووە دەڵێت پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : بە کەسێکی دۆزەخی دەگوترێت لە ڕۆژی قیامەتدا : ئایا هەموو ئەوەی لەسەر زەوی بوو هی تۆ بووایە دەتبەخشی بۆ ئەوەی خۆتی لە دۆزەخ پێ ڕزگار بکەیت ؟ دەڵێت : بەڵێ ! ، فەرمووی : خودا سبحانه وتعالى پێی دەفەرموێت : زۆر لەوە کەمترم لێ داواکردیت ، ولە پشتی ئادەمی باوکتدا پەیمانم لێوەرگرتیت کە هیچ هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەیت ، ئەو پەیمانەت شکاند وڕەتت کردەوە ، وهاوبەشت بۆ بڕیاردام .